دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦٠٧

دووشەممە
١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٢
٦ی مەی ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

## داخستنی حەوتوو نامەیەک بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەی خاتەمی



حەوتوو نامەی «عصر ظهور» کە لە پارێزگای کرمان دەردەچوو، بەهۆی بڵاو کردنەوەی وێنەیەکی محەممەد خاتەمی، سەرکۆماری پێشووی ئێران بە شێوەی کاتی ڕاگیرا.

بەپێی ڕاپۆرتی «ماهان نیووز» دادستانی دادسەرای تایبەتی ڕووحانییەت لە کرمان دەرچوونی ئەم حەوتوونامەی سەر بە ڕیفۆرمخوازەکانی بەهۆی بڵاو کردنەوەی وێنەیەکی خاتەمی لە ژمارەی تایبەتی نەورۆزداو هەروەها نووسینی بابەت گەلێک لە پێوەندی لەگەڵ بەربژێریی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران ڕاگرتووە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە پاش دەرکرانی حوکمی ڕاگرتنی حەوتوونامەی «عصر ظهور» لە کۆتاییەکانی ڕەشەممەی ١٣٩١، سەرجەم نوسخەکانی تایبەت بە نەورۆز لە ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەممەدا کۆ کرانەوە.

ناوەندی هەواڵدەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی کرمان هەروەها وێڕای بانگکردنی بەڕێوەبەری گشتیی ئەم بڵاۆکە، بە شێوەی زارەکی بە ناوبراوی ڕاگەیاندوە کە تا پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماری چاپی ئەم حەوتوو نامەیە ڕادەگرن.

# هەموو لایەکمان تێبکۆشێن هەر ڕێگاچارەیەک، هەرپڕۆژەیەکی حیزبی هەمانە، نەکەوێتە سەرەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی





حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا یادی ١١٣ ساڵەی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان‌و پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەرز ڕاگرت.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١١٣ ساڵەی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا، دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ١١ ی بانەمەڕ لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا کە بەبەشداریی نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرا ت بەڕێوە چوو، یادو بیرەوەریی پێشەوا قازی محەممەدی بەرز ڕاگرت‌و لەگەڵ ئامانجەکانی پێشەوای مەزن، بەڵێنی وەفای نوێ کردەوە.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا کە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی‌ڕەقیب» دەستی پێ‌کرد، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد کە دەقی قسەکانی بەڕێز سکرتێر هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»لە لاپەڕە ٤ چاپ کراوە.

دوابەدوای قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو پەیامانە خوێندرانەوە کە لەلایەن حیزب‌و ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکانەوە بەبۆنەی ١١٣ ساڵەی یادی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان نێردرابوون.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا هونەرمەند ناسر ڕەزای بە پێشکیش‌کردنی سروودی «ئافەرین ئەی پێشەوای کورد ئافەرین» و چەند گۆرانی‌یەک شادی‌و گەرمیی بە کۆڕەکە بەخشی.

خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن ئەحمەد قادری، پێشمەرگەی شاعیری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، گۆرانیی « شارەکەم سابڵاخ» بە دەنگی هونەرمەند سمایل مامڵێ‌و پیشان‌درانی فیلمی « قازی محەممەد، دەسپێکی ڕێگایەکی بێ‌کۆتایی» چەند برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

شایانی باسە یەکێکی دیکە لە برگەکانی ئەو یادە، کردنەوەی پیشانگای وێنەیی سەردەمی کۆماری کوردستان لە ژێر ناوی « پێشەوا لە وێنەدا» ، بەرهەمی هونەریی هونەرمەند سمایل مامڵێ بوو، کە لەلایەن بەشدارانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ‌کرا.

## پێشەوا قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێ‌کۆتایی

**(بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدەوە)**

**قادر وریا**

مێژووی کورد قەرزداری ئەو کەسایەتی‌یانەیە کە ڕۆڵی گرنگیان لە بەرەوپێش‌بردنی خەباتی ڕزگاری‌خوازیی ئەو نەتەوەیەدا هەبووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژووی نوێی خەباتی نەتەوەیی‌و ئازادی‌خوازی، بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێ‌کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و پێکهاتنی کۆماری کوردستان، دەست پێ‌دەکا.

دامەزرانی حیزبی دیموکرات‌و کۆماری کوردستان، ئەو دوو ڕووداوە گرنگە مێژوویی‌یەن کە لەگەڵ ناوو کەسایەتیی گەورەپیاوێک لێک گرێ دراون. کەسایەتی‌یەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و ئایینیی زاناو نیشتمانپەروەر کە لە هەلومەرجێکی گرنگی مێژوویی‌دا وەک خۆر درەوشایەوەو بە زانایی‌و لێکدانەوەو سەرکردایەتیی حەکیمانەی خۆی، کوردستانی ڕووناک کردەوە. ئەو کەسایەتی‌یە، پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و سەرۆکی کۆماری کوردستان، قازی محەممەد بوو.

قازی محەممەد ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ی هەتاوی (١ی مای ١٩٠٠ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ، لە بنەماڵەی قازی‌یەکانی مەهاباددا لە دایک بوو. دایکی لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی‌یەکان‌و باوکیشی، قازی عەلی، قازیی شەرع‌و کەسایەتی‌یەکی بەڕێزو بەناوبانگی شاری مەهاباد بوو. قازی محەممەد لە سەردەستی باوکی، زانستە ئایینی‌یەکانی خوێندوە، جگە لە زمانی کوردی، فارسی‌و عەرەبییشی بە باشی زانیوە، دواتر خۆی فێری زمانەکانی تورکی، ڕووسی‌و ئینگلیزی کردوە. لە ساڵی ١٩٢٦ەوە، سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەو فێرکردنی مەهاباد بووەو لە دوای مردنی باوکی لە ١٩٣١دا، بووە بە قازیی شەرعی مەهاباد.

ماوەیەک دوای ئەوەی کۆمەڵەی ژێ‌کاف لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢دا لە مەهاباد دامەزرا، قازی محەممەدیش بوو بە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە. زۆری نەبرد لە بەر لێهاتوویی‌و کەسایەتیی بەهێزی، ڕێبەرایەتیی ئەو کۆمەڵەیەی گرتە دەست. هەر بە پێشنیارو ڕێ‌نیشاندانی ئەویش بوو کە لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژێ‌کاف، حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، بۆ ئەوەی وەڵامدەری ڕێبەرایەتی‌کردنی خەباتی ڕوولەگەشەی نەتەوەی کورد لە هەلومەرجی نوێی ئەو سەردەمەدا بێ.

٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٢ی ژانویەی١٩٤٦ ) حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەستی پێشەواکەی، قازی محەممەد لە چوارچرای شاری مەهابادو لە میتینگێکی گەورەدا، جمهوریی کوردستانی ڕاگەیاند. قازی محەممەد لەو ڕۆژەدا، وەک سەرکۆمار سوێندی خواردو وتاری پێشکەش کرد.

بە دامەزرانی حیزبی دیموکرات‌و جمهوریی کوردستان، کە قازی محەممەد، ڕۆڵی بنەڕەتیی لە هەردووکیان‌دا هەبوو، ناسیونالیزمی کوردو خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، پێیان نایە نێو قۆناغێکی نوێوە. قۆناغی جاڕدانی دەوڵەتێکی کوردی‌و ڕۆیشتن لە سەر ڕێبازێک کە نەتەوەخوازی، دیموکراسیخوازی‌و پێکەوەژیانی بە تەبایی لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتری، ئاوێتەی یەک کردوە. ڕێبازێک کە قازی محەممەد بووە بە سێمبولی وهەروا بەردەوامە.

ل ٧



قازی محەممەد لەسەردەمێکدا ئاماژە بە حقووق‌و مافو بەشێک لە بنەماکانی هۆوییەت‌و ماهیەتی ئینسانی دەکا کە هێشتا ئیعلامیەی حقووقی بەشەر لە جیهاندا بڵاونەببۆوەو ڕانەگەیەندرابوو

٣



وتووێژ لە گەڵ کاکشار ئوورەمار لە پێوەندی لە گەڵ یادی لە دایکبوونی پێشەوا دا

٤



بە بیانووی حوکمی دادوەری مەریوان و پێگەی ژن

٩



ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندن و بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران دا

١٠



کار، کۆڵبەری و ڕۆژی جیهانیی کرێکار

١٠

## بێ متمانەیی زیاتر لە سەدا ٤٣ خەڵکی ئێران بە دەنگ‌و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی

ئەنجومەنی زانستیی خوێندکارانی بەشی پێوەندی‌یەکانی زانکۆی تاران ڕایگەیاند کە بەپێی ڕاپرسی‌یەکان پتر لە سەدا ٤٣ی بینەرانی دەنگ‌و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی متمانەیان بە هەواڵەکانی ئەو ڕایەڵانە نیە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئیسنا کە هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێرانە، ئەم ئەنجوومەنە زانستیە ڕایگەیاندوە کە ئەم ئامارە بە تەواوی دژایەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێکخراوی دەنگ‌و ڕەنگ لە بەشی هەواڵدا وەک پتەو کردنی متمانەی گشتی بۆ هەواڵ‌و کردنی دەنگ‌و ڕەنگی ڕێژیم بە جەمسەری زانیاری‌یەکانی کۆمەڵگا هەیە.»



ئەنجومەنی زانستیی خوێندکارانیی پێوەندی‌یەکانی زانکۆی تاران، پرسیاری لە عیزەتوڵڵا زەرغامی، سەرۆکی ناوەندی دەنگ‌و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران کردوە کە «بە ڕاستی لە ڕوانگەی سەرۆکایەتیی ئەم ناوەندە، هۆکاری دوور کەوتنەوەی بینەران‌و ڕووکردنیان لە کاناڵەکانی دەرەوەی وڵات لەم ساڵانەی دوایی‌دا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا هۆکارەکەی، شتێک جیا لە کەم‌بوونەوەی ڕاستی‌یەکان‌و، نەبوونی بێ لایەنی‌و بێ متمانەیی لای خەڵکی ئێران بە دەنگ‌و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی نیە؟

شایانی باسە کە بەپێی ئامارە ناڕەسمیەکان زیاتر لە سەدا ٦٠ی خەڵکی ئێران بینەری کاناڵە ماهوارەیی‌یەکان‌و هیچ متمانەو هۆگری‌یەکیان بە کاناڵەکانی دەنگ‌و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی نیە.



کۆڵبەران، قوربانیانی هەژاری لە کوردستان

## کاردانەوەی ئێران‌و یەکیەتیی وڵاتانی عەڕەب بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر سووریە

ئێران‌و یەکیەتیی وڵاتانی عەڕەب هێرشی ئیسراییل بۆ سووریەیان مەحکووم کردووەو داوایان کە وڵاتانی دیکەش کردوە کە لە بەرامبەر ئەو ڕووداوەدا بێدەن نەبن‌و کاردانەوەیان هەبێ.

ڕامین مێهمان پەرەست، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی هێرشی ئاسمانیی ئیسراییل بۆ سەر خاکی سووریە، داوای لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە کرد کە لێبڕاوانە لە بەرانبەر ئەم «دەستدرێژی»یەدا بوەستنەوە.

لە لایەکی دیکەوە میسرو یەکیەتیی وڵاتانی عەڕەبیش هێرشی مووشەکیی ئیسراییل بۆ سەر سووریەیان مەحکووم کردوە.

دەفتەری سەرکۆماریی میسر لە بەیاننامەیەکدا ئەم هێرشانەی بە «پێشێل کردنی مافی سەرەبخۆیی وڵاتان‌و ڕێوشوێنە نێو دەوڵەتی‌یەکان» داناوە، بەپێی ئەم بەیاننامەیە، ئەم هێرشانە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن.

یەکیەتیی وڵاتانی عەڕەبییش کە پشتیوانی لە دژبەرانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەکا، داوای لە شووڕای ئەمنییەت کردوە کە زۆر بە پەلە هەوڵەکانی بۆ کۆتایی‌هێنان بەم هێرشانەی ئیسراییل وەگەڕ بخا.

شایانی باسە وەک میدیاکانی ئیسرائیل باس دەکەن، هێرشە مووشەکی‌یەکانی ڕۆژی یەکشەممەی ئیسراییل بۆ لێدانی عەمباری مووشەکە کانی «فاتیح «ی ئێران لەو وڵاتە بووە. بەپێی ڕاپۆرتەکان بڕیار بوو ئەم مووشەکانەی ئێران بۆ حیزبوڵڵای لوبنان بگوازرێنەوە.



کوردستان
٢
ژمارە: ٦٠٧
١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٢
٦ی مەی ٢٠١٣
هەواڵ و راپۆرت

## سەردانی هەیئەتی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە هەولێر

هەیئەتی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێری کرد.


ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ١٢ی بانەمەڕی ٩٢ ، شاندێکی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی شاخەوان خالید، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی ئەو یەکیەتییە سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستانی کردو لە لایەن هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی برایم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێر پێشوازیی لێکرا.

لەم دیدارەدا کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە پرسی کورد هاتنە بەر باس کە بە خوێندنەوەی نزیک لە یەکتری هەردوو هەیئەتی ناوبراو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرا.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستانو بە گشتیی پێوەندیی نێوان هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان قسەیان لە سەر کراو پێ لە سەر پەرەپێدانی پێوەندیی نێوان هەردوو لاو پێویستیی یەکریزیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان داگیرایەوە.

هەر لەم دیدارەدا هەردوو لا بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ئێرانو پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو هەروەها بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان هێنانە بەر باس کە لە لایەن هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کۆمەڵێک زانیاری لەم پێوەندییەدا پێشکەش بە هەیئەتی میوان کرا.

# سەردانی هەیئەتێکی کۆمەڵە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات



لە دانیشتنێکی هاوبەشی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانو ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)دا هەڵوێستی هەردوو لایەن لەسەر چەند پرسێکی تایبەت بە کوردستانو ئێران ئاڵوگۆڕی بیروڕای لە سەر کرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢ی بانەمەڕی ١٣٩٢ هەیئەتێکی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) بە سەرپەرستیی برایم عەلیزادە، سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لە بنکەی ناوەندیی ئەم حیزبە پێشوازیی لێکرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ویڕای بەخێرهێنانی هەیئەتی کۆمەڵە خۆشحاڵیی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ سەردانەکەی هەیئەتی کۆمەڵەدا دەربڕیو پاشان لە سەر پێشنیاری هەردوو لا کۆمەڵێک مەسەلەی پێوەندیدار بە کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستانو پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران وەک دەستووری کاری دانیشتنە هاوبەشەکە خرانە بەرباس.

لە درێژەی دیدارەکەدا هەردوولا بە ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی مەسەلەی کورد لە باشووری کوردستان، بە هەستیارییەکی زیاترەوە جەختیان لە سەر پرسی کورد لە باکووری کوردستانو پرۆسەی ئاشتی لە وڵاتی تورکیە کرد.

لەم پێوەندییەدا هەردوو لا پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەو هەروەها دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتی تورکیەو عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستانو خودی پەکەکەیان بە گرنگ داناو ویڕای باسکردنی تێبینییەکانیان لە سەر نێوەرۆکی نامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانو میکانیزمی دانووستانەکان، بەگشتی بارودۆخی ئەمڕۆی تورکیەیان بە قازانجی پرسی کورد لەم وڵاتە ئەژمارد.

لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەردوولا لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە لێکترازانی هێزولایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە قازانجی بزووتنەوەدا نەبووەو هەردوو لا جەختیان لە سەر پێکهێنانی هاوهەڵوێستیو ئاساییکردنەوەی پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەم بەشە لە نیشتمان کردەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) پێیان لە سەر پێکهێنانی بەرەیەکی گشتگیری هەمەلایەنە لە نێو هێزو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگرتەوە.

لە دوایین بەشی ئەم دانیشتنە هاوبەشەدا پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەڕێوە دەچێ لە لایەن هەردوو هەیئەتەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕای لە سەرکراو ئەم پرسە لە روانگەی جیاوازەوە

# بەڕێوەچوونی سمیناری « مەسەلەی کورد: ڕێچکە جیاوازەکانی شوناسخوازییەکی هاوبەش» لە لایەن یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٣ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی، بە بەڕێوەبردنی سێمینارێک ٤٥ەمین ساڵیادی شەهید بوونی سمایلی شەریفزادە، لە سەمبولەکانی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی بەرز ڕاگرت.

ئەم سێمینارە کە بە تایتڵی گشتیی «مەسەلەی کورد: ڕێچکە جیاوازەکانی شوناسخوازییەکی هاوبەش» و لە چەندین برگە و ٤ پانێل پێکهاتبوو، بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیو خوێندکاری لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای سمینارەکەدا پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەلایەن ڕەحمان سەلیمی، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەوە پێشکەش کرا کە تێیدا ویڕای ئاماژە بە جووڵانەوە مەزنو شوێندانەرەکەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ ی حیزبی دێموکراتی کوردستانو شەهیدبوونی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیەو یەک لەوان سمایلی شەریفزادە؛ ئەو هەڵوێستە بوێرانەیەی تێکۆشەرانی

ئەحمەد نستانی لە چەند وتەیەکی کورتدا هاتە سەر باسی بارودۆخی ئەوکاتی حیزبی دێمۆکراتو چەندو چۆنی حوزووریان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو، ویڕای ئاماژە بە چەند بۆچوونێک سەبارەت بە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جووڵانەوەکە، ڕایگەیاند کە دەسپێکی جووڵانەوەکەو ئامانجی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە تەنیا دووبارە ژیاندنەوەو فراوانکردنی ڕێکخستنەکانی حیزبی دێمۆکراتو پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بوو. بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە کە کۆمەڵێک حەماسەی پڕشانازیی بە دواوە بوون.

تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆڵی سمایلی شەریفزادە لە ئاراستەدان بەو جووڵانەوەیەی بەرز نرخاندو بە کەسایەتییەکی کەم وێنەی مێژووی حیزبی دێمۆکراتی دانا.

بەشی ئەسڵیی کاری سێمینارەکە بە پانێلی یەکەم کە بۆ باس لە سەر مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان

پشتبەستن بە داتای مێژووی ئێتنۆلۆژی، کورد لە ئێراندا بە ئێرانی ناسراوەو هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکەی دراوە.

پانێلی دووەم کە «باکووری کوردستان، لە شاخەوە بۆ شار» کرابووە تەوەری سەرەکیی باسەکە، لە لایەن ئارام عەلی، لێکۆڵەرو شارەزای کاروباری سیاسیی تورکیە بەڕێوە چوو.

ناوبراو لە وتەکانیدا هاتە سەر باسی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەو ئەو قۆناغەی لە خەباتی کورد لە باکووری کوردستان بە چارەنووسساز داناو ڕایگەیاند کە ئاکامەکانی ئەو پرۆسەیە کاریگەری لە سەر پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دادەنێ. ناوبراو هەر لەو کاتەدا باسی لە لایەنە پۆزەتیڤو نێگەتیڤەکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە کردو ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێو بە تایبەت ئێرانی لەو پرۆسەیەدا بە گرنگ دانا.

لە پانێلی سێهەمدا کە لە ژێر ناوی «باشووری کوردستان، دوورەدیمەنی سەربەخۆیی»دا ساز درابوو، ئەکرەم مێهرداد، نووسەرو لێکۆڵەر باسی لە پرسی



دێموکراتی لەو قۆناغە دژوارە مێژووییەدا بەرز نرخاندو بە لوتکەی ئیرادەگەراییو فیداکاریی لە قەڵەم دا.

لە بەشێکی دیکە لەو پەیامەدا هاتبوو کە جووڵانەوەی چەکداریی ٤٦-٤٧ بەهێزترین پردی پەیوەندیی نێوان دوو قۆناغی مێژوویی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بە گشتی بزووتنەوەی شوناسخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، واتە قۆناغی سەردەمی کۆما ری کوردستانو قۆناغی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران کە بەرەوپێشچوونێکی دیار لە پرسی کورد لە ئێران هاتە ئاراوە.

ڕەحمان سەلیمی لە درێژەدا جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە هیچکام لە دەسکەوتە نەتەوەییەکان کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە کارتێکەری قۆناغە هەستیارە مێژووییەکانی کورد لە هەر بەشێک لە کوردستان بەتاڵ نین، هەربۆیە ئەم بۆنەیەمان کردۆتە دەرفەتێک بۆ باسو لێکدانەوەی هەلومەرجی هەنووکەییو داهاتووی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

برگەی دووهەمی کاری سێمینارەکە تەرخان کرابوو بۆ قسەکانی تێکۆشەری دێرینی دێمۆکرات، کاک ئەحمەد نستانی، هاوڕێو هاوسەنگەری سمایلی شەریفزادەو لە یادگارەکانی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧.

کرابوو، دەستی پێکرد کە لە ژێر تەوەری «ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئارامیی پێش خرۆشان؟» جەلیل ئازادیخواز و دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە تێیدا بەشدار بوون.

سەرەتا جەلیل ئازادیخواز چالاکی سیاسی، لە وتەکانیدا ئەوەی ڕەت کردەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا ئارام بێو ڕایگەیاند کە لە یەک دوو دەیەی کۆتاییدا چینێکی تازەبەسەرداکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵداوە کە ریفاهی ژیانی تا ڕادەیەک بەدەست هێناوەو فەرهەنگێکی نوێی مۆدێرنی هێناوەتە ئاراوەو ئەو دیاردەیەی لە بەرژەوەندیی گەشەسەندنی هزری ئازادیخوازیو ڕزگاریخوازی لە قەڵەم دا.

لە درێژەی پانێلی یەکەمدا دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە کۆڕەکەی گرتە دەستو ئاماژەی بەوە کرد کە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندیی پێچەڵپووچی سیاسیو مێژوویی لە ئێران دەوری داوەو هەموو ئەوانە کاریگەرییان لە سەر پرسی کورد داناوە، کە بەشێکی زۆریان لە دەست کورد خۆیدا نین، بەڵام بەشێکیان دەبێ لە بەرژەوەندی کورددا کاریان لەسەر بکرێ. حەسەنزادە لە درێژەدا ڕایگەیاند کە ئینکاری کورد لە ئێران نەرمو هێمنانەتر بووەو هەر لەو کاتەدا ئاکامەکەی توندوتیژتر بووە، بە

سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە نێوان هیواو ڕۆژەڤدا کردو ڕایگەیاند کە هیوای زۆرینەی کورد لەم بەشە لە کوردستان، جیابوونەوەی باشووری کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەو هەر لەو کاتەدا ڕۆژەڤ، ئەو هەلومەرجە واقیعەی ئێستای باشووری کوردستانە کە لە ئێراقی عەرەبیدا لە ململانێو وەلامدانەوەدایە.

لە پانێلی چوارەم لە ژێر ناوی «ڕۆژئاوای کوردستان: لە حاشالێکرانەوە بۆ بوون بە فاکتۆر»دا هەر یەک لە عەبدولباقی یوسفو ئەبوو سابیر، دوو چالاکی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان دۆخی ڕۆژئاوای کوردستانیان خستە بەر باسو لێکدانەوەو، ویڕای ئاماژە بە گرنگیی بارودۆخی سوریەو دۆخی کورد لەو نێوەدا، بوونی یەکڕیزیو یەکدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیان بە پێویست زانیو لە هەلومەرجی ئێستادا بە زەروورەتێکی مێژووییو نەتەوەییان لە قەڵەم دا.

شایانی باسە سێمینارەکە بە ڕێزلێنان بۆ دوو تێکۆشەری جووڵانەوەی چەکداریی ساڵانی ٤٦-٤٧ واتە هاوڕێیان ئەحمەد نستانیو خدر عەبدوڵلاهی لە لایەن یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە کۆتایی پێهات.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سیمینارێکی ئیسماعیل بێشکچی لە هەولێر



ڕۆژی شەممە، ٧ ی بانەمەڕ هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە سمینارێکی ئیسماعیل بێشکچیدا بەشدار بوو کە لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانیو زانکۆی سەلاحەدین لە ژێر ناوی « سەدەی بیستەم سەدەی ناخۆشیی کوردانو، سەدەی بیستو یەک سەدەی کوردانە« لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

ئیسماعیل بێشکچی قسەکانی بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکی خۆی دەست پێکرد کە چۆن ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ کوردو بەشمەینەتییەکانی کورد ئاشنا بووە.

ئەو نووسەرە ناودارەی تورک کە لە سەر پرسی کوردو ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی دەوڵەتەکەی لە هەمبەر کورد چەندینجار خراوەتە بەندیخانەوەو هەر جارەو چەند ساڵ بەند کراوە، بە ئاماژە بە سیاسەتی ئیستیعماری دەرەکی لە دابەشکردنی کوردستاندا، فاکتەری کێشە نێوخۆییەکانی کورد لەگەڵ یەکتریشی بە هۆکاری درێژەکێشانی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە قەڵەم دا.

ئیسماعیل بێشکچی لە قسەکانیدا شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، بارزانی، کۆماری کوردستانو شێخ سەعیدی پیرانی بە چڵەپۆپەی خەباتی نەتەوایەتیی کورد داناو ستایشی ئەو ڕێبەرانەی کوردی کرد کە تا دواهەناسە لەسەر خەباتو تێکۆشانی نەتەوەییان بەردەوام بوون.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە پیلانگێڕیی دەوڵەتانو تەنانەت نێودەوڵەتی بۆ زەربەلێدانی بزاوتی کورد کردو تێرۆری دوکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو لە ئۆتریشو پشتتێکردنی حکوومەتی حەمەڕەشا پەهلەوی لە شۆڕشی بارزانیی بە نموونە هێنایەوە.

ئیسماعیل بێشکچی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لە سەر ئەوە دوا کە ئەگەرچی سەدەی بیست سەدەی شکانو نەهامەتیی کورد بوو، بەڵام سەدەی بیستویەک سەدەی بەختی کوردەو کورد دەتوانێ لەو سەدەیەدا خۆی بنیات بنێتەوە.

# سەردانی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئاشتی



لە دانیشتنی نێوان هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئاشتیدا بابەتی پێوستیی سەقامگیرکردنی ئاشتی لە کوردستان تاوتوێ کرا.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٣ ی بانەمەڕ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی برایم زێوەیی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبو بەرپرسی نوینەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر سەردانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئاشتی لە هەولێری کردو لەلایەن هەیئەتێکی ئەو ڕێکخراوەیە بە سەرپەرستیی دلێر محەممەد ساڵح نەقشبەندی، سەرۆکی ڕێکخراوەکە پێشوازیی لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا بابەتەکانی پێوەندیدار بە پرسە سیاسییەکانی کوردستان، پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پێویستیی یەکڕیزیی ماڵی کورد بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردو سەقامگیرکردنی ئاشتیو هێمنایەتی لە کوردستان هاتنە بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لەو دیدارەدا جەخت لە سەر بەردەوامیی پێوەندیی دوولایەنو دروستکردنی دەرفەت بۆ کارو پڕۆژەی هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوە سینفیو مەدەنییەکانی سەر بە حیزبی دیموکڕاتی کوردستانو ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئاشتی کرایەوە.

کوردستان
ژمارە: ٦٠٧
١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٢
٦ی مەی ٢٠١٣



خالید عەزیزی:
قازی محەممەد لەوکەسانە بوو بۆخۆی پێشڕەو بوو بۆ ئەوەی کە ژنان بەشداری کاروخەباتو خوێندن بن، خێزانی خۆیو هەموو ئەوکەسانەی تەشویق دەکرد کە لەومەیدانانەدا چالاکانە هەڵسووڕ بن.

دوکتور قاسملوو یەکێک لەو ڕێبەرانەو لەو شاگردانەی پێشەوا قازی محەممەد بوو کە ئەویش لەمەیدانی دیپلوماسیو هەڵسوڕانو دیتنەوەی ڕێگا چارەیەکی واقع بینانە هەموو هەوڵێکی دا ئاواتەکانی پێشەوا قازی محەممەد هەرچی زووتر وەدی بێ بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە باوەڕیان بە زمانی موزاکەرە نەبوو، وەڵامی ئاشتیخوازانەی حیزبی دیموکراتو دکتور قاسملوویان بە تیرۆر داوە.

خالید عەزیزی

## خالید عەزیزی لە یادی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا:

# قازی محەممەد لەسەردەمێکدا ئاماژە بە حقووقو مافو بەشێک لە بنەماکانی هۆوییەتو ماهیەتی ئینسانی دەکا کە هێشتا ئیعلامیەی حقووقی بەشەر لە جیهان‌دا بڵاونەبۆوەو ڕانەگەیەندرابوو



خوشک وبرایانی ئازیز
میوانانی بەڕێز
نوێنەرایەتیی حیزبو ڕێکخراوە سیاسیەکان

پڕبەدڵ بەخێرهاتننتان دەکەم بۆ ڕێوڕەسمی یادی١١٣ساڵەی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، رئیس جمهوری کوردستان، ڕێبەری حیزبی دیموکرات، دامەزرێنەری یەکەمین دامەزراوی کوردیو یەکێک لەو کەسانەی کە بەگیانو بەدڵ « بۆگەل ژیاو بۆگەل مرد».

«ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام بزانن لەهەر تنۆکەخوێنێکی من، قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە»، «داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو رزگاریی کوردستان دا پەک نەخا، بژی کوردو بژی کوردستان»

داواکەی قازی محەممەد بە جێهاتو ئیعدامی قازی محەممەدو ئەو تنۆکە خوێنە بوو بە بنەمایەک، بوو بە هەوێنێک، بوو بە سەرەتایەک، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بە هەموو دیقەتو تێبینیەکەوە دوای رووخانی کۆماری کوردستانیش دقیقەن پەیامەکەی قازی محەممەد بە جێ بگەیەنێ. ئەویش ئەوەبوو کە لە خەباتو تێکۆشان ماندوو نەبێو پشوو نەدا.

لە دنیای ئەمڕۆدا کەم نین ئەو وڵاتانەی کە سەرۆککۆماریان هەیە، سەرۆکوەزیریان هەیەو کەسایەتیی ناسراوی خۆیانیان هەیە،و کاتێکیش ئەو کەسایەتیە ناسراوانە یادیان دەکرێتەوەو بە بۆنەی [یادی] لەدایکبوونیان لە پایتەختەکانو لەشارە گەورەکانی وڵاتەکەی خۆیان ڕێزیان لێدەگیرێ، رەنگە زۆرتر باسی ئەوە بکرێ کە چۆن لەدایک بوونو چۆنیش تا ئەمرۆ تەمەنیان تێپەڕاندوە. لەو وڵاتانە ئەو سەرۆککۆمارو سەرۆکوەزیرانە لەسەردەمی ئێستادا خانووەکەی خۆیان بە جێدێڵینو دێن لە کۆشکی ریاسەتی جمهووریدا حکوومەت دەکەن. دێنە سەر نەغدو حازری، بەڵام پێشەوا قازی محەممەد حکوومەتێکی دامەزراند، هۆوییەتو کەسایەتی‌یەکی دامەزراند، لە دایکبوونێکی نوێو ناسیونالیزمو کوردایەتی لە ناوەندێکی چووکەی بەشێکی رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند. بۆیە یادی قازی محەممەدو سەرۆککۆماری کوردستانو، دامەزراندنی ئەو ڕێورەسمە واتا وەبیرهێنانەوەی لە دایکبوونی، وەبیرهێنانەوەی لە دایکبوونی کەسێکە کە بە هیمەت و توانای تێکۆشانی خۆی کۆمارێکی دامەزراندو لەپێناو ئەو کۆمارەو لە پێناو ویستو داخوازی کورددا گیانی لەدەست دا.

باشترین پێناسە بۆناساندنی کەسایەتیی قازی محەممەد ئاوڕدانەوەیەکی کورتە لەو شوێنەی کە لێی لە دایک بووە، لەو شوێنەی کە خۆی پێگەیاندوە و لە شوێنەی کە بوو بە سەرۆک کۆماری کوردستان و بوو بە رئیس جمهووری نەتەوەیەک کە بۆ یەکەمجار ئەو مەجالەیەی بۆ خوڵقا. قازی محەممەد کەسایەتی‌یەک بوو بە رابردوویەکی فەرهەنگیو بە زانستێکی حقووقیو قەزایی بەوە گەیشت کە بۆئەوەی نەتەوەکەی رزگار بێ دەبێ تواناو هیمەتو شعووری خۆی بخاتە بازنەیەکی سازمانی، بۆیە هەر لەو مەیدانەدا کۆمەڵەی (ژک)ی هەڵبژارد، چوون بۆ نێو کۆمەڵەی (ژک) سەردەمی پەروەردەکرنی بیروهۆشی نەتەوایەتیی قازی محەممەد بوو. قازی محەممەد کە لەهەمان‌کات‌دا کە لەشاری مەهاباد لەباری بنەماڵەیی، لەباری زانست، لەباری فەرهەنگیو لەباری ئەوەکە قازی بوو، لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی جۆراجۆری کوردەواری سەروکاری هەبوو، ئیحترامێکی زۆری هەبوو، بەڵام قەناعەتی وای هێنا کە لە جەمعێکی تێکۆشەردا تێبکۆشێ کە



ئوسوولو ئەندیشەی نەتەوایەتیی خۆی جێ بخا. بۆ ئەومەبەستەو بۆ ئەو بیروهۆشە لە کۆمەڵەی (ژک)دا خۆی رێکخست، قازی محەممەد بەوە ڕانەوەستا، بۆئەوەی کە ئەوفیکرە لەمەیدانی عەمەلی‌دا بکا بە هەوێنی حکوومەتێک لەداهاتوودا، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی دامەزراندو دقیقەن دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوی بەرنامەو پرۆژەکانی قازی محەممەددا بوو، کە چۆن بیری نەتەوایەتیوکوردایەتیی خۆی بکا بە دامەزراوە، بیکا بە فەرهەنگو بیباتە نێو کۆمەڵگاو کۆمەڵانی خەڵکی زۆر بە هەموو (تنوعات)ێک کە تێیدا بوو، بەشداری ئەوپرۆسەیە بکا. بۆیە قازی محەممەد لەسەر پرۆژەی میلیی خۆی ساغ بۆوە کە چۆنی جێبەجێ بکات.

راستە لە زۆر جووڵانەوەداو لە زۆر خەباتی رزگاریخوازی‌دا کاتیک ئاوڕیان لێدەدەینەوە، جەمعێکی زۆر لە دەوریان هەبووەو تەبیعەتەن لە کۆماری کوردستانو پێشتر کۆمەڵەی «ژک»و پێشتریش لە ناوەندی فەرهەنگیو شارستانییەتی مەهاباددا خەلکێکی زۆری تێدا بووە، بەڵام بە ئیعترافی هەموو دۆستان، هەموو ئەوبێگانانەی کە کۆماری کوردستانیان بینیوەو لەنزیکەوە قازی محەممەدیان زیارەت کردوەو موتالیعەو تەحقیقاتیان لەسەرکردووە بە دوای‌دا چوونە، قازی محەممەد ئەستێرەیەکی زۆر گەشاوەی ئەو حکوومەتە بووە.

یادی قازی محەممەد لەسەردەمێکدا دەکەینەوە کە ١١٣ساڵ بەسەر لەدایکبوونی ئەودا تێپەڕ بووەو دەوری ٦٧ ساڵ بەسەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕدەبێ کە قازی محەممەد ئەو بیروهۆشە دێنێتە گۆڕێ، ئەو وەختە زۆرێک لە میللەتان هێشتا دەوڵەتی خۆیان نەبوو، ئێستا نزیک دووسەد دەوڵەت لەدنیادا هەیە. قازی محەممەد لەسەردەمێکدا ئاماژە بە حقووقو مافو بەشێک لە بنەماکانی هۆوییەتو ماهیەتی ئینسانی دەکا کە هێشتا ئیعلامیەی حقووقی بەشەر لە جیهاندا بڵاونەبۆوەو ڕانەگەیەندرابوو! قازی محەممەد لە شوێنێک باسی کەمایەتی‌یەکانو مافیان دەکا، لە شوێنێک باسی حقووقی ژنان دەکا، باسی مافی لاوان دەکا، باسی خوێندن دەکا، باسی حکوومەتداری دەکا، باسی دیمۆکراسی دەکا، دەچیتە نێوخەڵک، خەڵک فێردەکا کە بۆخۆیان، خۆیان ئیدارە بکەن کە بەشی هەرەزۆری ئەو خەڵکە لە سیستمیکی عەشیرەتیو فیئۆدالی‌دا دەژیا، شارستانیەتەکە لە جەمعێکی مەحدوودا بەرتەسک ببۆوە. هونەری قازی محەممەد لەوەدایە لەسەردەمێکدا بوو بە کەسایەتی کە لە دەوروبەرەکەی ئەو مەجالو دەرفەتە بە هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی یەکجار زەعیف بوو، بۆقازی محەممەد گەلێک گرنگ بوو کە یەکییەتیی نەتەوایەتی بپارێزێ، قازی محەممەد لە رۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان‌دا تەکیەکەلامی ئەوەیە کە «ئەم کۆمارە زەمانێک سەردەکەوێت کە هەموو چین وتوێژەکانی، بە ژنو بەپیاو، بە هەموو عەشایرو تایفەکان، بە هەموو تەنەوعەکانی نێوکۆمەڵگای کوردەواری (وحدت)یان هەبێ»، قازی محەممەد لە وەسیەتەکەشی‌دا هەر ئەوە دەڵێتەوە. دەڵێ: زەمانێک ئەو میللەتە دەتوانێ رزگار بێ، کە لە نێو خۆی‌دا وەحدەتی هەبێ، قازی محەممەد سەمبوول بوو بۆ ڕاگرتنی ئەو وەحدەتە، دەبا لەگەڵ هەموو ئەو تەنەوعاتی عەشیرەتیو فیئۆدالیو تایفەیی و نەخۆێندەواریی ئەووەخت‌دا موعامەلەی کردبایەو هەموانی بەشداری حکوومەتەکەی کردبایە، بۆیە ئەوە هونەری قازی محەممەد بوو. یەکێکی دیکە لەلایەنە هەرە گەشەکانو یەکیک لەو بنەمایانە کە پەیوەندیی نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکە بەهێز دەکاو ئەو پەیامە دەدا کە نەتەوەی کورد لە هەرشوێنێک دەرفەتی بۆ هەڵکەوێو رزگار بێت، دەبێتە پشتوپەنا بۆ پارچەکانی دیکە، هەربۆیە کاتیک مەرحوومی مەلامستەفای بارزانی لەوسەردەمەدا مەجبوور بوون بڕۆن بۆ کوردستانی ئێرانو لەوێ گیرسانەوە قازی محەممەد بۆخۆی لەمەهاباد نەبوو لەسەفەر بوو، پەیامی داوە بەهاوکارەکانی

کە «بارزانی‌یەکان کاتیک دێنە ئێرە ماڵی خۆیانەو میوان نین، خانەخوێن، بەشێک لەئێمەن، پاشان کە کۆمار دامەزرا بوون بە بەشێک لەئیدارەی حکوومەت و کۆماردا». بۆیە بارزانیو هاورێیەکانی لەهەموو ئەو شوێنانەی کە پێویست بوو کاریان لەدەست دەهات، لە کۆماری کوردستان‌دا بێفەرقوجیاوازی کاریان پێ ئەسپاردبوونو کۆماری کوردستان مەجالێکی باش بوو بۆ مەرحوومی بارزانیو هاورێیەکانی کە دوای ئەو موشکیلاتوگیروگرفتانەی کە لە کوردستانی عیراق بەسەریان‌دا هاتبوو، لەوێ خۆیان سازماندەهی بکەنەوەو خۆیان رێک بخەنەوەو، دوای کۆماریش کاتێک مەجبوور بوون ئەوێ بەجێ بێڵنو بەرەو رووسیا برۆن، ئەوەبوو بە هەوێنی ئەوەی کە لە داهاتوو چۆن ئەو ریگا دوورودرێژە بە سازمانو بەو حەسانەوەی کە لەو ماوەیەدا هەیانبوو، جێبەجێ بکەن.

پێشەوا قازی محەممەد لەسەردەمێکدا کە کۆماری کوردستان بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەری، وڵاتێکی فەقیر بوو، بوودجەی کۆمار کەم بوو و رەنگە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دەوروبەری، بە هیچ جۆر موقایسە نەکرێت، دیسان تێبینیو دیقەتو شعووری وردی کۆمەڵایەتیی خۆی هەبوو و، کاتێک لە شەقامەکانی مەهاباد دەگەرێ، دەبینێ جەمعێک کوڕی گەنج قەرتاڵەیان لەسەر شانەو هاوار دەکەن: ئەرێ کەسێک باری شتێکی هەیە بمانداتێو پارەیەکمان وەگیرکەوێ، بێ‌بەینەوە بۆماڵیان»، قازی محەممەد دەستوور دەدا کە هەموو ئەو منداڵانە کە لە تەمەنێکی کەم‌دا مەجبوور بەکارکردنن، بەسەر بنەماڵە دەڵەمەندەکان‌دا بڵاو ببنەوەو بنەماڵە دەوڵەمەندەکان لەگەڵ منالی خۆیان بیان‌نێرن بۆ مەدرەسە، هەر لەودەمەی کە کۆماری کوردستان فەقیر دەبی، قازی محەممەد دەستوور دەدا «فەقیرخانە» دابندرێتو، فەقیرانی ژنو پیاو بە جیاواز سەعی دەکا کۆمەگیان بکاو بیان‌حاوێنێتەوە. ئەوەی کە دواتر لە سیستمی ئیدارەی زۆرێک لە وڵاتەکان‌دا بە نێوی سوسیالیزمو بە نێوی سوسیال دیموکراتیکو ... ئێستا نەهادینە بووەو مافێکی بۆ دانراوە، لە حکوومەتە ساواکەی قازی محەممەدو لەوسەردەمەدا، پێشەوای کورد فیکری لەوەیش کردبۆوەو رێگا چارەی بۆ دانابوو. هەموو ئاوڕدانەوەکان بەسەر کۆماری کوردستانو بە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەددا لەراستی‌دا ئاماژە بەوە دەدەن کە پێشەوا قازی محەممەد لەو کەسانە بوو لەساغبوونەوەی خۆی‌دا ئەرکێکی بەرێوە دەبرد، ئەویش دروستکردنی میللەتیک بەمانای سیاسیو بەمانای حقووقیو تەشکیلاتی موئەسسەساتی بوو، وە لەو پرۆژەیەیشدا هەموو ئامارەکان دەرێ‌دەخەن کە خۆی لە جوزئیاتی ئەو کاروبارەدا بووە، نەک ئەوەی کە دیخالەت بکا، بەڵکوو بەشێوەی سەرپەرستی، لەسەردەمێکدا کە هەر بەوشێوە کە ئاماژەم پێکرد نەخوێندەواریو دواکەوتوویی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو ئەو مەجالانەی زۆر مەحدوود دەکردەوە.

یادی پێشەوا قازی محەممەد یادی سەمبوولێکە، یادی کەسێکە کە بەدوای ئەودا کە خۆشی ئاماژەی پێدەکا کە دوای ئەویش خەباتی کورد هەر درێژەی هەیەو ئەوە بە ئێمە دەڵێ:کە لەناو میللەتەکان‌دا زۆر کەس هەبوون کە لە (شرایط×ی)قازی محەممەددا بوون بە سەمبوولی دروستکردنی نەتەوەکەی خۆیان، زمانو فەرهەنگو ڕابردوو و شوناسی گشتی نەتەوەکەیان، بەڵام تاکوو کەس یان کەسانێک یان پێشەوایەکو رێبەرێک نەبێ کە ئەوە بەهەژێنێو ئیدارەی نەکاتو خەتی پێنەدا و دروستی نەکات ئەو خاکو زمانو فەرهەنگی هاوبەشەدا لە خۆی‌دا نابێتە ئەوەی کە تۆ شتی لەسەر دابمەزرێنی. قازی محەممەد لە ئەوەڵین رۆژی دامەزراندنی کۆمارو لەو رۆژەی کە لەگەڵ هەموو ئەوانە سەروکاری هەبوو ئەوەی بەتەواوی تێدا دەبیندرا.

لەوسەردەمەدا ئەرزشی ئەدەبیاتو شێعرو هونەر بۆ قازی محەممەد زۆر بەرز بوو. زۆرن لەوبیرەوەری‌یانەی کە ئاماژە بەوەدەکەن کە پەیوەندیو عیلاقاتی خۆشی هەبووە لە گەڵ دوو شاعیرو هونەرمەندی ئەوکات واتا «مامۆستا هەژارو هێمنی «مەهابادی،و چەندە ئەوانی تەشویق کردوە کە بە هونەری شیعری خۆیان بنەمای کەسایەتیو پێناسەی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن، قازی محەممەد لەوکەسانە بووە کە زۆری بایەخ بە خوێندن داوە، زۆری بایەخ بە مەدرەسەو قوتابخانە داوە، بە تەواوی تێگەیشتبوو ئەگەر خوێندەواری لە وڵاتەدا پەرە بستێنێو بەهێز بێ، ئەگەر خەڵک خوێندەوار بێ، ئەگەر خەڵک کەسایەتیی خۆیان پەیدا بکەنو بە تاکەکەس بڕوایان بەخویان هەبێ، یەک میللەت (اعتماد بەنفس)پەیدا دەکاو ڕێگای خۆی دەبینێتەوەو رێگای رزگاریی خۆی ئاسان دەکاتەوە. تەنانەت لەو حقووقە کەمەی کە مانگانە لە لایەن کۆماری کوردستان دراوە بە قازی محەممەد بەشێکی داناوە بۆ ئەوخەڵکانەی کە بێسەرپەرستو کەم دەرامەد بوونەو کە خەریکی دەرس‌خوێندن بوون. کاتێک دەچینەوە لای سەرچاوەکان بەتایبەت رۆژنامەی کوردستان، خێزانی قازی محەممەد یەکەم کەسە کە یارمەتی ماڵیی داوە بە کۆڕ وکۆمەڵو ڕێکخراوەکانی کۆماری کوردستان.

قازی محەممەد لەوکەسانە بوو بۆخۆی پێشڕەو بوو بۆ ئەوەی کە ژنان بەشداری کاروخەباتو خوێندن بن، خێزانی خۆیو هەموو ئەوکەسانەی تەشویق دەکرد کە لەومەیدانانەدا چالاکانە هەڵسووڕ بن، قازی محەممەد جیاواز لە کەسایەتیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، میللی .. سیاسەتمەداریکی بەتواناو دیپلۆماتیکی ژیر بوو. کاتێک حکوومەتی ئازەربایجان دادەمەزرێو حکوومەتی ئازەربایجانو دەسەڵاتی ئازەربایجانی سوڤیەتی پێشوو تێدەکوشن کە کۆماری کوردستان بە بەشێک لە ئازەربایجان دابنێن، قازی محەممەد بە مەنتیقی خۆیو بەموزاکەرەو دانوستان لەگەڵ تەورێزو لەگەڵ باکۆ، هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی سووڤیەتی پێشوو پێیان دەسەلمێنێ کە «نەخێر ئەوان حکوومەتی کۆماری کوردستان دادەنێن، ئەگەر قەرار بێ بیانکەن بە بەشێک لە ئازەربایجان، هەر دەبنەوە بە بەشێک لە حکوومەتی تاران». قازی محەممەد زۆر بە دیقەتو ژیرانەو بە گەمەیەکی دیپلۆماسی ئەوەی جێ خست، حکوومەتی کۆماری کوردستانی وەک حکوومەتێکی واحیدی کوردی لە چوارچێوەی ئێران بارتەقای حکوومەتی ئازەربایجان موستەنەدی کرد. هەر بە ژیریی خۆی لە سەرئەو شوێنانە کە بەینی ئازەریوکورد کێشەی لەسەر بوو دیسان بە موزاکەرەو دانوستان بێ‌ئەوەی کە مەجبوور بەشەڕ ببن تا ڕادەیەکی زۆر ئەو سنوورە شێواوانەی شەفافو روون کردەوە، قازی محەممەد هەمووهەولێکی دا سۆڤیەتی‌یەکان قەناعەت پێبێنێ کە لەمەیدانی بازی ناوچەیی لە تەعامول لەگەڵ ئێرانو لە سیاسەتی گەورەی نێو دەوڵەتی‌دا گرینگیی کۆماری کوردستان تەنانەت لە پەیوەندی لەتەک بەرژەوەندیی خۆشیان دەرک بکەن. کاتیک سۆڤیەت پشتی تێکردو بەرژوەندی تارانوموسکۆ ئەوە بوو کە پشت لە کۆمار بکا، قازی محەممەد بەرنامەیەکی دیکەی هەبوو هەوڵی دا لەگەڵ حکوومەتی تاران لە رێگای دانوستانو وتووێژ تێبکۆشێ کە رێگا چارەیەکی دیکە بێنێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی کە ئەگەر رۆژێک لە روژان کۆماری کوردستانیان قەبووڵ نەکرد لە چوار چێوەی ئێران دا، لە حەلێکی نێوخۆییو ئیعترافاتێک بە مافی کورد لە چوارچێوەی ئێران‌دا بکرێ. سەرۆککۆمارێک لە نزمایی بۆ لووتکە! لە لووتکە وەک دیپلۆمات بازی خۆی دەکرد بەڵام دەڵێ چی؟ بازیگەرێکی زیرەک بوو دیپلۆماتێکی کارا بوو، سیاسەتمەدارێکی بەتواناو خوێندەوارێکی بە فەرهەنگ بوو، قازی‌یەکی عادڵ بوو، پێشرەوێکی کۆمەڵایەتی بوو. بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو سەنگوسووکیی دەسەڵات نەیهێشت یان مەجالی نەدا ئەو شەخسە بلیمەتە بتوانێ کۆماری کوردستان بکا بە بنەمایەک کە بۆ خۆی درێژە بە حکوومەتەکەی بدا .

میوانانی بەڕێز
خۆشکو برایانی ئازیز

لەسەردەمێکدا یادی لەدایکبوونی قازی محەممەد دەکەینەوە کە بەشێک لە ئاواتەکانی قازی محەممەد جێبەجێ بووە، لە پەیامی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەورانێک کە حکوومەتی ئیدارە دەکرد، لە کاتێکدا کە لە دادگا دیفاعی لەخۆی دەکرد، دیفاعیاتی قازی محەممەد زۆر بەرزە وەک دەڵێن: بۆگەل ژیا، بۆ گەلیش مرد.

دەی‌توانی بڕوات بۆ ئەوەی رزگاری بێ، دەی‌توانی حەللی دیکە ببینێتەوە بۆئەوەی کە ئیعدام نەکرێ، دەی‌توانی پاشگەز بێتەوە بۆ ئەوەی کە گیانی خۆی نەجات بدا، بەڵام وەسیەتی قازی محەممەدو ئەو دادگایەی کە ئەویان تێدا دادگایی کرد، دادگاکەی کرد بە دادگایی ئەوان!! ئەگەر دەسەڵاتی نەبوو ئەوان موحاکمە بکاتو بڕیاریان لەسەر بدا،


**کاکشار ئورەمار: پێشەوا خاوەن بیرو ڕامانی جیا بوو. لە چاوی ئەودا جیهان ماڵێکی بچووک بوو کە دەبوایە هەموو مرۆڤەکان لە سیستەمێکی دادپەروەرانەدا بژین. ئەو تەنیا بە دوای بەختیاریو ڕزگاریی نەتەوەی خۆیدا نەبوو، بەڵکوو باوەڕی بە دێمۆکراسی بە واتای جەوهەریی خۆی لە هەموو جیهاندا هەبوو**

**کاتێک دەبینم کە دۆستو دوژمن لە سەر بە کاریزمابوونی ڕێبەرێکی وەکوو پێشەوا قازی یەکدەنگن خۆشحاڵ دەبم. شاهیدانی دادگاییکردنی پێشەواو هاوڕێیانی لە دادگای لەشکریدا باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی ئێمە گەورەیی ئەو زاتە پاکە باشتر بزانین.**

**کاکشار ئورەمار**

## وتوویژ لە گەڵ کاکشار ئوورەمار

# لە پێوەندی لە گەڵ یادی لە دایکبوونی پێشەوا دا



**١١ی بانەمەڕ(١ی مانگی مای) ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدە. حیزبی دیموکراتی کوردستانو ڕاگەیەنەکانی (ڕۆژنامەی کوردستان، کوردکاناڵو ماڵپەڕی کوردستانوکورد) دەیانەوێ لەمەودوا هەموو ساڵێ بایەخی تایبەتی بەم یادە بدەن. کاکشار ئوورەمار لە پێوەندی لە گەڵ کەسایەتیی پێشەوادا، چەند کارێکی تەحقیقیو دۆکیۆمێنتیی کردوە کە «دیمانە لە گەڵ دایکی کورد مینا قازی هاوسەری پێشەوای نەمر» و» مێژووی کۆماری کوردستان لە وێنەدا» نموونەکەیانن. بە بۆنەی ١١٣هەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدەوە چەند پرسیارێکمان بەرەو ڕووی کردەوە. سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ئەم وتوویژە ڕادەکێشین:**

**ڕۆژنامەی «کوردستان»**

**کوردستان: چۆن بوویە هۆگری کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد؟ خۆشەویستیی ئەم کەسایەتییە گەورەیە چۆن لە تۆدا دروست بوو؟**

**کاکشار ئوورەمار:** پێشەکی زۆر سپاستان دەکەم کە ڕۆژی لە دایکبوونی حەزرەتی پێشەوا قازی محەممەدتان خستە ڕۆژەڤی میدیای کوردی. ئەمەش واتە زۆرترزانینی بەهای میراسی میللیمان. دەبوو ئەم کارە لەمێژ ساڵ با ببایە ئەرکێکی نەتەوەییمان، بەڵام ئێوە دەستپێشخەری ئەم کارە گرنگە بوون، ئەمەش جێگای ڕێزو تەقدیرە.

باپیری من (خورشید نەبی) یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بوو. پاش تێکچوونی کۆمار ئەو لە گەڵ نەمر بارزانی چووە سۆڤیەتو لە کاتی چووندا لە شەڕێک دژی ئەرتەشی ئێرانو جاشەکان، بریندار بوو. ئەم برینە کوێر بوو و ساڵی ١٩٤٩ لە تاشکەند بووە سەبەبی شەهیدبوونی باپیرم. باوکم لە کاتی پێکهاتنی کۆماردا تەمەنی ١٧ ساڵو شەش مانگ بووەو هەر لەسەر داخوازی خۆی بۆتە پێشمەرگەو باپیریشم تەشویقی کردوە کە بۆ دۆزی کوردستان هەتا لە ژیاندایە، ڕێگای کوردایەتی بەر نەدا.

هێشتا مندال بووم کە گەلێک جاران شەوانی زستان بابم باسی کۆمار، پێشەوا قازی، مستەفا بارزانی، ڕەئیس عیززەتو ڕۆژی لێکدابڕان لە گەڵ باوکی خۆی دەکرد. باسی دایکی فیداکاری دەکرد کە چۆن ئەوو سێ مندالی دیکەی بەخێو کردوە. باسی ئەو ڕۆژەی دەکرد کە پێشەوا هاتوەو دیداری لە گەڵ پێشمەرگە گەنجەکان هەبووە کە بۆخۆشی یەک لەوان بووە. باسی ڕوخساری نوورانیی پێشەوای دەکرد کە کەسێکی چەندە زانا و فیداکار بووە بۆ میللەتەکەی.

قەت لە بیرم ناچێ هەر کات لە ورمێ‌ڕا دەچووینە مەهاباد، باوکم داوای دەکرد کە لە مەیدانی چوارچرا ڕاوەستین. ساڵی ١٩٩٣ بوو، بەرەو تەورێز دەچووین، بەڵام باوکم گوتی کوڕم با بە مەهابادێدا بچین. گوتم بابە گیان ڕێگامان دوور دەکەوێتەوە، ئیجازە بدە بە ڕێگای سەر دەریاچەی ورمێ‌دا بچین. باوکم گوتی نا ڕۆڵە گیان دەمەوێ بچمە سەر مەزاری پێشەوا قازیو مەیدانی چوارچرا زیارەت بکەم. بەرەو مەهاباد بەڕێ کەوتینو کاتێک گەیشتینە مەهابادو نیزیکی مەیدانی چوارچرا بووینەوە، بارانی ئەسرینی بێ‌پسانەوە دەهاتە خوار. ئەوانەی لە هاتوچۆدا بوون بەرەو ئێمە هاتنو باوکم بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە گوتی: «ئەلێرە ڕاوەستابوو، پێشمەرگەکان لەولاتر ڕاوەستابوون، ژێنراڵ بارزانی، سەید عەزیزو سەیفی قازی لای پێشەوا قازی ڕاوەستابوونو .... ئاخخخ ئەو ڕۆژانە چەند خۆش بوون کە... پێشەوای ئازیز! بۆ وا بیدەنگی؟!» ئەو ڕۆژە تەئسیرێکی وای لە من کرد کە ئەمنیش وەکوو باوکم گریامو هەموو کەسانی دەوروبەریشمان بە هانامانەوە هاتنو زانیان کە باوکم دەردی چیەو بە دوای چیدایە. لەو ڕۆژەوە بوومە عاشقی پێشەواو دەستم کرد بە خوێندنەوەو باشترناسینی ئەو شەخسییەتە مەزنو فیداکارە. باوکم ئەو کلیلەیەی دا بە دەستمو هەتا مردن خۆم بە قەرزداری باوکی هێژام دەزانم. لەو ڕۆژە بە دواوە ئەمن هەرچی پرسیارم لە سەر کۆمارو پێشەوا هەبووایە یەکەم جار لە باوکمم دەپرسی.

ئەگەر کەسیک ئینسان بێت و لەو ڕۆژە سەختانەدا تەنیا لە سەر خۆفیداکردنی پێشەوا بیر بکاتەوە، ئیتر کەس لەوی خۆشەویستتر پەیدا ناکات.

**— ئەو کارو چالاکییانەی تا ئێستا بۆ ناساندنی کەسایەتیی پێشەواو کۆماری کوردستان کردووتن، چین؟ چ پێشوازییەکیان لێکراوە؟**

— من لە گەڵ زۆر لەو کەسانەی کە کاتی کۆمار وەزیر یا بەرپرسیار بوون، هەڤپەیڤینی دوور و درێژم پێک هێناوە. ئەوانە هێندێکیان وەزیر و کاربەدەستی کۆمار بوون (مەناف کەریمی: وەزیری پەروەردەی کۆمار، مینا قازی: سەرۆکی یەکیەتیی ژنانی کوردستان، سەعیدخان هومایوون: دەفتەرداری پێشەوا قازی و هتد. هێندێکیان پێشمەرگەی کۆمار بوون (مام میرزا هاشم، جوبرەئیل ئورەمار و چەند کەسی دیکە)، هێندێکیشیان خوێندکار بوون (د.سەید عەزیز شەمزینی، غەنی بلووریان، عەلی قازی و هتد)

کاتێک هاتمە ئورووپا لە مەد تی ڤی (le Med TV)و تەلەڤیزیۆنەکانی دیکە دەستم کرد بە دروستکردنی بەرنامە لە سەر ژیانی ناودارانی کورد. لەم بەرنامەیەدا بایەخێکی تایبەتیم بە بابەتی کۆمارو ڕێبەرانی کۆماری کوردستان دەدا. هەروەها بە نووسینیش دەستم بە بڵاوکردنەوەی گەلێک بابەتی جۆراوجۆر کرد لە سەر بیروڕامانە هومانیستییەکانی پێشەوا، لایەنی دیموکراتبوونی کۆمارو دەیان بابەتی لەم جۆرە.

هەڵبەت ئەمن بابەتەکانم زۆرتر بە دیالێکتی کورمانجیی سەروو دەنووسم چونکە لە باکووری کوردستان زانیاری لە سەر کۆمارو ڕێبەرانی جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەمترە. ئەمن دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە یەکەمین جار لە یەکەمین تیڤی ئاسمانیی کوردیدا بە شێوەیەکی بەرفرەوان زۆرترین بەرنامەم لە سەر کۆمارو ژیانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان هەبووە.

پێشوازی لەم کارانە باش بووەو دەتوانم بڵێم کە لە ڕێگای ئەم کارانەوە تینوویەتییەکە لە نێو چینی خوێندکاردا هەتا ڕادەیەک شکا. زۆر خویندکار بۆ نووسینی تێزی زانکۆو ماستەر داوای هاوکارییان لێکردوومو سوودیان لە هەڤپەیفین، بەرنامەو نووسینەکانی من وەکوو سەرچاوە وەرگرتوە. هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێم پێشوازی لەمە باشتر نابێ.

**— لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانتدا، گەیشتوویە چشناختێک لەو کەسایەتییە؟ پێت وایە خوێندەوارانو نەوەی نوێی کوردستان، پێشەوایان بەو جۆرەی پێویستە ناسیوە؟**

کاتێک لە سەر کۆمار دەستم بە کارو لێکۆڵینەوە کرد، وامزانی کە کارێکی هاسانە بەڵام هەرچی بە دوایدا چووم هەر ئیدامەی هەبوو. بابەتی کۆمار وەکوو ئۆقیانووسێکەو هەرچی بە دوایدا بڕۆی گەنجینەی بەنرختر دەدۆزییەوە. کاتێ دەکەویتە لێکۆڵینەوە لە سەر ژیانی پێشەوا قازی زوو بە ڕاستییەک دەگەی. قازی هەر لە منالییەوە کەسێکی مرۆڤدۆست بووە. ئاشقی زانینو زانستی مودێڕن بووە. مرۆڤیکی دووربینو ئاگاداری ڕەوشی هەرێمی ژیانی خۆی بووە. بە تایبەت کاتێک دەگاتە تەمەنی ١٧-١٨ ساڵی، شەوو ڕۆژ خەریکی خوێندنەوەو موناقەشە لە بارەی بابەتی زانستیو سیاسی بووە.

لە تەمەنی لاوەتیدا زۆربەی هەڤاڵانی کەسانی بە تەمەن لە خۆی گەورەتر بوون. هەر لەو ساڵانەدا باسی مافی یەکسانیی ژنو پیاو دەکا. بۆ ئەو کاتەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کوردستان شتێکی وا بەواتای کارو خەبات بۆ دروستبوونی ڕێنیسانسێکی فکرییە. هەر کە لە ساڵی ١٩٢٦دا دەبێتە سەرۆکی گشتیی ئیدارەی پەروەردە لە مەهاباد، یەکەمکاری دروستکردنی قوتابخانەیەکە بۆ کچان. ئەمە لە مەهابادی ئەودەمدا دەستپێکردنی شۆڕشێکی زێهنی بوو کە ڕقی زۆر لە شێخو ئاغاواتی فیئۆدالو پاشکەوتووی هەڵساند. بەڵام قازی گوێگری قسەی پووچ نەبوو و هەر ئەمەش بوو بە سەبەب کە خەڵک ئەوی وەکوو پێشەوا بناسنو بانگی بکەن. ئەو کارەی پێشەوا قازی کردوویە لە کاری هیچ پێغەمبەرێک کەمتر نیە، حەتتا دەتوانم بڵێم لە زۆر بواردا کارو خزمەتی پێشەوا قازی بۆ پێشکەوتنو بەختەوەریی مرۆڤەکان لە هی گەلێک لەو ١٢٤ هەزار پێغەمبەرەی خودا زۆرترو بە نرخترە. هەر ئەمەش بۆتە سەبەب کە زۆر کەس بۆ دووبارەوەدەستهێنانی سلامەتییان دەڕۆنە سەر مەزاری پێشەوا قازیو زیارەتی دەکەن. شتێک لەم جیهانەدا لە ژیانو گیان خۆشەویستتر نیە، بەڵام پێشەوا بۆ بەختەوەریی گەلو سەربڵیندیی نەتەوەی کورد هەموو شتێکی خۆی فیدا کرد.

لە ساڵانی پێشدا ....نەوەی نوێ لە کوردستان باش پێشەوا قازیو گرنگیی کارەکەیان نەدەناسی، بەڵام لەم دە ساڵەی ڕابردوودا بە ڕێگای بەرفرەوانبوونی تێکنۆلۆژیو ڕاگەیاندنی کوردی بابەتی کۆمارو ڕامانەکانی پێشەوا قازی باشتر ناسراون. هەر ئەم خۆناسینەش بۆتە هۆی ئەوە کە درێژەدەرانی کۆماری تیرۆرو وەحشەت هێندێک کوردی خۆفرۆش تەشویق بکەن بۆ کوشتنی سەمبۆلە کوردییەکان کە دیرۆکی ئازادیخوازیمان گەلێک قەرزداریانە. لەم بوارەشدا هەڵبەت دەبێ ئێمەش وشیار بین کە پیلانی چەپەڵی داگیرکەران لە دژی قارەمانانی نەتەوەکەمان سەر نەکەوێ. نەسلی نوێ لە کوردستانی گەورەدا دەبێ هێشتا باشتر لەمە کە هەیە کۆمارو قازی محەممەد بناسن.

**— «پێشەوا، دەسپێکی ڕێگایەکی بێ کۆتاییە». تا چەند لە گەڵ ئەم دەربڕینە دای کە لە بارەی ڕۆڵوکاریگەریی کەسایەتیی پێشەواو بیروباوەڕی ئەو لە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گوتراوە؟**

پێشەوا خاوەن بیرو ڕامانی جیا بوو. لە چاوی ئەودا جیهان ماڵێکی بچووک بوو کە دەبوایە هەموو مرۆڤەکان لە سیستەمێکی دادپەروەرانەدا بژین. ئەو تەنیا بە دوای بەختیاریو ڕزگاریی نەتەوەی خۆیدا نەبوو، بەڵکوو باوەڕی بە دێمۆکراسی بە واتای جەوهەریی خۆی لە هەموو جیهاندا هەبوو. مرۆڤیکی بەرچاوتەنگ یان بە واتایەکی دیکە دۆگماتیک نەبوو. لە سەر بناغەی ئەم شێوە تێڕوانینە ساڵی ١٩٤١ هەتا ١٩٤٧ نەیهێشت شەڕ لە نێوان کوردو ئازەرییەکاندا ڕوو بدا کە لە هێندێک هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکەوە دەژیان. لە مەهاباد کەمایەتییەکی کەم لە جوولەکەکان دەژیان کە بە پشتگیریی پێشەوا قازی خاوەنی هەموو مافێکی خۆیان بوون. قازی مامۆستای دێمۆکراسیی مۆدێڕنو سەردەمیانە بوو. ئەو مرۆڤی ئهم سەردەمە بوو بەڵام لە سەدەی ڕابڕدوودا هاتبووە دنیا.

قازی باش دەیزانی کە هەموو مرۆڤەکان لە دوو شتدا هاوبەشنو لەیەکتر جیا ناکرێنەوە: ١- ڕەنگی ڕۆندکی چاو ٢- ڕەنگی خوێنی هەموو مرۆڤەکان سوورە. بۆ پێشەوا قازی جێگای شانازییە کە کۆماری کوردستانی دامەزراندوە، سەربەرزییەکی بێ‌وێنەیە کە پێشەوا قازی سەرۆکی ئەم حیزبە بووەو لە کاتی کۆماردا سەدان دەسکەوتی بۆ مێژووی ئازادیخوازیی کورد لە دیرۆکدا تۆمار کردوە.

پێشەوا بۆ دۆزی کورد لە هەموو کوردستاندا سەمبۆلی زانین، گەورەیی، خزمەتکاریو خۆفیداکردنە. کاتێک کەسێک لە ڕێگای بەختیاریی کۆمەڵێکدا فیداکار بوو، ئیتر شتێک لەمە گەورەترو پیرۆزتر نیە. مێژووی بزووتنەوەی کورد بە گشتیو حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی قەرزداری پێشەوا قازین. قەت لە بیرم ناچێ کاتێک ساڵی ١٩٩٣ چوومە دیداری دایکی کورد مینا قازی، بە گریانو حەسرەتەوە وای پێ‌گوتم:

کاتێک لە لایەن ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە گیرام بە حەقارەت، بە جنێوو رقێکی ئەستوورەوە پێیان گوتم هەی ق... ئەگەر مێردەکەی تۆ نەبووایە، ئێمە لە ئێران مەسەلەی کوردمان نەدەبوو.

ئەگەر هەموو ئەم فاکتۆرانە لە بەر چاو بگرین، بەڵێ دەتوانین بڵێین «پێشەوا دەسپێکی ڕێگایەکی بێ‌کۆتاییە.» چونکە فەلسەفەی پێشەوا ئازادی بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر تۆپی زەوی بوو. ئەو خوێندنگەی دیموکراسیی ڕاستەقینەو مرۆڤپەروەری بوو.


**پێشنیارت چییە بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا، لە ئاستی نەتەوەییدا بایەخو گرنگیی تایبەتی بە یادی لە دایکبوونی پێشەوا بدرێ؟**

ئەم کارە دەبێ لە کولتووری حیزبیکی دیاریکراودا [قەتیس] نەمێنێ. پێشەوا ملکی هەموو کوردستانەو سەرۆکی مەعنەویی هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی گەورەیە. هەتا دەنگمان یەکگرتوو بێ، هاوارمان بەرزتر دەبێ، ئەوجا کەسانی وەکوو پێشەوا قازی دەبوونە خاوەنی نەوەیەکی ئەنترناسیۆناڵ. هەموو مەزلوومی جیهان، قەرزداری فیداکاریی پێشەوان. دەستپێکی ئەم کارە دیرۆکییە ئێوەن، بەڵام دەبێ هەموومان هەوڵ بدەین لە ساڵانی داهاتوودا ببێتە ئەرکێکی نەتەوەییو نیشتمانیمان. لەم بوارەدا بە تایبەتی دەبێ خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرترین چالاکییان هەبێ. مەهابادو ورمێ دەبێ ببنە ناوەندی ئەم کارە پیرۆزە. هەر لەم مناسبەتانەدایە کە دەتوانین زۆر دیواری بڵیندی دیکتاتۆران بڕووخێنینو پەردەی ڕەش بدڕێنین. هەڵبەت کارێکی وا دەبێ بۆ لیدێرو قارەمانانی وەک سمکۆی شکاک، شێخ عوبەیدوڵلای نەهریو ئەمیرخانی لەپزێڕینیش بکرێ. د.قاسملوو لە بیرمان نەچێو ئەم کارە وەکوو ترادیسیۆنێک بەردەوام بێ. لە کوردستانی گەورەدا. بۆ نرخە نەتەوەییەکانی دیکەشمان دەبێ هەر وا بێ. ئەگەر ئەوان لە بیر کرێن ناچار دەبێ تاریخمان دووبارەو چەندبارە بکەینەوە. میرات دەبێ قەت لە بیر نەکرێ. کاریکی وا، واتە دابڕان لە ڕابردوو،و ئەوەش لە سەدەی گلۆبالیزمدا یانی چوون بەرەو نەمان و مردن.

**— زۆر نووسەرو لێکۆڵەرو سیاسەتمەداری کوردو بیانی، باسی ڕۆڵو کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەدیان کردوە، ڕاوسەرنجت لە بارەیانەوە چییە؟ چۆنیان پۆلێن دەکەی؟ کامیان زیاتر سەرنجیان ڕاکێشاوی؟**

کاتێک دەبینم کە دۆستو دوژمن لە سەر بە کاریزمابوونی ڕێبەرێکی وەکوو پێشەوا قازی یەکدەنگن خۆشحاڵ دەبم. شاهیدانی دادگاییکردنی پێشەواو هاوڕێیانی لە دادگای لەشکریدا باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی ئێمە گەورەیی ئەو زاتە پاکە باشتر بزانین. هێندێک کەس لە ڕووی حەسادەتو غەرەزەوە باسی خۆتەسلیمکردنی پێشەوا قازی دەکەن!! واتە کاتێ بۆ بینینی سەرهەنگ هومایونی چۆتە میاندواو. بەڵام وەکوو مرۆڤێکی کوێر چاوپۆشی لەو ڕووداوانە دەکەن کە پێش ئەم کارە کراون. واتە کۆبوونەوەی مزگەوتی هەباساغا کە پێشەوا لە گەڵ لایەنگرانی کۆمارو خەلکی شاری مەهاباد دانیشتوەو ڕاوێژی لە گەڵ کردوون. چلە ڕۆژی پێکهاتنی کۆمارو چلە ڕۆژانی کۆتایی تەمەنی پڕبەرهەمی کۆماردا پێشەوا خۆی لە خەڵکی ڕەشوڕووت دوور نەخستۆتەوە. بە شێوەیەکی سەمیمانە لە گەڵ خەلکو هاوکارانی خۆیدا کەسیکی ڕووڕاست بووە، واتە کەسێکی لیبراڵ بووەو باوەڕی بە دیالۆگ هەبووە. هێزی گەلی پێ لە هەموو هێزێک بە هیزتر بووە.

ویلیام ئیگلتۆن باسی زۆر لایەنی کۆماری کوردستان دەکا، بەڵام پێم وایە



کاکشار ئوورەمار

مینا خانم قازی

کوردستان
ژمارە: ٦٠٧
١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٢
٦ی مەی ٢٠١٣
سیاسی

**خالید عەزیزی: قازی محەممەد کەسایەتی‌یەک بوو بە رابردوویەکی فەرهەنگی‌و بە زانستێکی حقووقی‌و قەزایی بەوە گەیشت کە بۆئەوەی نەتەوەکەی رزگار بێ دەبێ تواناو هیمەت‌و شعووری خۆی بخاتە بازنەیەکی سازمانی، بۆیە هەر لەو مەیدانەدا کۆمەڵەی (ژک)ی هەڵبژارد، چوون بۆ نێو کۆمەڵەی (ژک) سەردەمی پەروەردەکرنی بیروهۆشی نەتەوایەتیی قازی محەممەد بوو**

**کاکشار ئوورەمار: هەر لەو ساڵانەدا باسی مافی یەکسانیی ژن‌و پیاو دەکا. بۆ ئەو کاتەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کوردستان شتێکی وا بەواتای کارو خەبات بۆ دروستبوونی ڕێنیسانسێکی فکرییە. هەر کە لە ساڵی ١٩٢٦دا دەبێتە سەرۆکی گشتیی ئیدارەی پەروەردە لە مەهاباد، یەکەمکاری دروستکردنی قوتابخانەیەکە بۆ کچان. ئەمە لە مەهابادی ئەودەمدا دەستپێکردنی شۆڕشێکی زێهنی بوو کە رقی زۆر لە شێخ‌و ئاغاواتی فیئۆداڵ‌و پاشکەوتووی هەڵساند.**

## درێژەی:

# قسەکانی کاک خالید عەزیزی لە یادی لە دایک‌بوونی پێشەوا قازی محەممەددا

بەڵام وەسیەتنامەو دیفاعیاتی قازی محەممەد بۆ ئێمە ئێستا بۆتە مانیفێستێک.

زۆر میللەت هەن لەدنیادا لە چوارچێوەی زۆر ئیدوئولۆژی‌دا مانیفێست بۆخۆیان دادەنێن، ڕێڕەو بۆ خۆیان دادەنێن ئەحزابی سیاسی‌و بیر بۆچوونی جیاوازی سیاسی ئاماژەیان پێ‌دەکەن‌و پێیان‌دەکەن. بەشێک لەوان کوردیش نەبوونە، بەڵام دڵنیام قسەکانی قازی محەممەدو دیفاعیاتی قازی محەممەد، ئێستاش کە ئێستایە بۆ ئێمەی کورد لە هەموو پارچەکان لە هەموو مەیدانەکان‌دا دەبێ لە هەموو کارو سیاسەتدانانی خۆمان دا ئاماژەیان پێ‌بکەین. دەکرێ وەک مانیفێستیک لە پێش چاوی بگرین، ئەو بەشە لە قسەکانی قازی محەممەد کە لە دیفاعیاتی خۆی‌دا دەڵێ: بژی کوردو بژی کوردستان ئێستاکە بەشێکی بەرچاوی بەدی هاتووە لە هەرێمی کوردستان لەو شوێنەی کاتێک قازی محەممەد حکوومەتی دەکرد بەشێک لە تێکۆشەرانی ئێرە بەسەرپەرستیی بارزانی ڕوویان کردە ئەوێ‌و ئێستا بە خۆشیەوە ئێمە حکوومەتێکی کوردیمان هەیە، لە تورکیا پاش دەیان ساڵ ئینکاری کوردو خەبات‌و چالاکیی مەدەنیی کورد لە نێوخۆی وڵات‌و فەعالییەت‌و چالاکیی چەکدارانەی کورد لەشاخ‌و کێوەکان هەموو دەستیان دا بەدەستی یەک کە ئێستا دەوڵەتی تورک بە خۆشی‌یەوە بەو قەناعەتە گەیشتوە کە لە ڕێگای گفتگۆو ئاشتی‌دا کێشەی کورد چارەسەر بکا. قازی محەممەدیش لەسەردەمی کۆماری کوردستان بە حکوومەتی تاران هەر ئەوەی دەگوت! دەیگوت: وەرن با کێشەی کورد لە ڕێگای وتووێژو دانیشتن چارەسەر بکەین، بەڵام وەڵامی ئەوان ئیعدام بوو. لە سووریا کە ئاڵوگۆڕەکان لە گۆڕێدا هەیەو دڵنیاین حکوومەتی بەشار ئەسەد ئایەندەیەکی نابێ‌و هەرکەسێک دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت ناتوانێ کورد وەلا بخا و دڵنیاترین. لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستان دامەزرا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوشارەی کە پێشەوای کورد، رئیس جمهووری کورد حکوومەتەکەی دامەزراند لەوشوێنەیش ئاڵوگۆڕەکان بەرەو ئەوە دەچن کە لە ئایەندەدا گەلی کورد لەو بەشە بەمافەکانی خۆی شاد بێت. وەسیەتی قازی محەممەدو هەروەها دەسپێکی قازی محەممەد دەڵێ دەبێ وەحدەتمان هەبێ، ئەویەکگرتن‌و وەحدەتە ئێستا لەسەردەمی قازی محەممەد گرنگترە.

ئەو نەتەوانەی کە رزگار بوونەو دەوڵەتی خۆیان هەیەو سنووریان هەیەو ئەرتەشیان هەیەو بودجەیان هەیەو پاسپۆرتیان هەیەو تازە وەک دەوڵەت جێ کەوتوون کێشەی ئەحزاب رقابەتی ئەحزاب تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چۆن ئیدارەی وڵات بکەن‌و چۆن لە پارلەمان دا کورسی‌یان زۆربێ‌و پرۆژەکانی خۆیان ببەنە پێشێ. بەڵام چارەنووسی کورد ئێستاش رەبتی بە چارەنووسی حیزبەکانەوە هەیە لە کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکە ئەگەر حیزبەکان وەحدەتیان نەبێ‌و یەکگرتوویی‌یان نەبێ و لە پرۆژەکانی سیاسی‌و میللی خۆیان لە یەک نزیک نەبنەوە، ئێستاش کوردستان هەموو بەشەکانی مەترسی لەسەرە.

لە بلژیک نزیک یەک ساڵ دەوڵەت نەبوو، ئەو وڵاتە ئیدارە کراو بەرێوە چوو بەڵام لێرە کاتیک بەینی دووحیزب‌و سێ حیزبی سەرەکی کێشەو ناکۆکی دێتە گۆڕێ دڵەڕاوکێ‌و نیگەرانی دەکەوێتە کۆمەڵگای کوردی... داخۆ چی دەبێ؟؟

بۆیە پەیامەکەی قازی محەممەد لەدەسپێک‌و وەسیەتەکەی قازی محەممەد لە کۆتایی‌دا کە باس لە وەحدەت دەکا ئێستا لە هەموو دەورانێک بۆ ئێمە گرینگترە، هیوادارم لە ڕۆژی یادکردنەوەی ١١٣ساڵەی لەدایک‌بوونی قازی محەممەددا هەموو لایەکمان لەهەموو پارچەکانی کوردستان تێ‌بکۆشێن هەر ڕێگاچارەیەک کە هەمانە، هەرپرۆژەیەکی حیزبی هەمانە نەکەوێتە سەرەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌و بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێمە نەکەوێتە ژێر بەرژەوەندیی حیزبی ئێمە. بەو هیوایە بیرو ئاواتەکانی قازی محەممەد کە ڕۆژبەرۆژ لە جێ‌کەوتن‌و سەرکەوتن زیاتر نزیک دەبنەوە هەموویان بەدی بێن‌و بەو هیوایە حیزبەکەی قازی محەممەد حیزبی دیموکراتی کوردستان لە داهاتوودا وێڕای حیزب‌وسازمانەکانی دیکە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لەو شوێنەی کە قازی محەممەدی لێ لەدایک بووە یادی قازی محەممەد بکاتەوە بە بەشداریی تێکۆشەرانی کوردو لایەنەکان لە هەمووپارچەکانی دیکەی کوردستان. باشترین پێزانینی ئێمە بۆ قازی محەممەد ئەوەیە کە پێی‌بڵێین:»رئیس جمهووری کوردستان تۆ بە رئیس‌جمهووری ئیعدام کرای» ئستیعفای نەدابوو، وەلا نەچووبوو، وەلا نەندرابوو بەڵکوو رئیس‌جمهووریان ئیعدام کرد. باشترین پێزانین‌و ئەمەگناسی ئێمە ئەمەیە بڵێین رئیس جمهووری کوردستان لە ١١٣ساڵەی لەدایکبوونت‌دا دەتوانین ئەوە بکەین کە بیروئەندیشەی تۆ ئەوە بوو کە کورد بەمافی خۆی بگاو کارت بۆ کردو سەرت لە ڕێ دانا. هیچ تەوەقعاتێکیشت نەبوو. ئێمە ئەو پەیامەی تۆ دەبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک، باشترین ڕێزنان لە قازی محەممەد ئەوەیە کە نەتەوەکەی رزگار ببێ، ئەو وەختە گەورەیی قازی محەممەدو گەورەیی هەموو لایەنێکی باشترو چاکتر جێ دەکەوێت، قازی محەممەد لە ئیدارەی کۆماری کوردستان‌و لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتدا بەتایبەت خەتێکی دامەزراند یا بۆچوونێکی نەهادینە کرد کە فیداکاری‌وقوربانی‌دان لە نێو ئێمە وەک شانازی‌و ئیفتخار چاوی لێدەکرێ‌و بۆتە بەشێک لە حەماسەی مێژوویی ئێمە، حیزبی ئێمە لەومەیدانەدا سەربەرزە وەکوو زۆر لایەنی دیکە. دوکتور قاسملوو یەکێک لەو رێبەرانەو لەو شاگردانەی پێشەوا قازی محەممەد بوو کە ئەویش لەمەیدانی دیپلوماسی‌و هەڵسۆڕان‌و دیتنەوەی ڕێگا چارەیەکی واقع بینانە هەموو هەوڵێکی دا ئاواتەکانی پێشەوا قازی محەممەد هەرچی زووتر وەدی بێ بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە باوەڕیان بە زمانی موزاکەرە نەبوو، وەڵامی ئاشتیخوازانەی حیزبی دیموکرات‌و دکتور قاسملوویان بە تیرۆر داوە، لە دوای ئەودا دکتور سادقی شەرەفکەندیش هەر لە ڕێرەوی پێشەوا قازی محەممەد بوو، بۆ ئەوەی تێ‌بکۆشێ بۆ جارێکی دیکەش لەدرێژەی خەباتی لایەنگرانی قازی محەممەدو حیزبەکەی قازی محەممەدو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی زەرەرو زیان زۆرتر نەبێ‌و ڕێگا چارەیەک ببینێتەوەو ئاڵقەی پەیوەندیی کوردەکان‌وئێران بەهێز بکاو مێتۆدی دیموکراتیک بۆ چارەسەری کێشەکان بێنێتە گۆڕێ، بە داخەوە ئەویش لەومەیدانەدا هەر تیرۆر کراو چووە ریزی کاروانی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان. لە کۆتایی‌دا بۆجارێکی دیکە یادی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد پیرۆز بێ. بۆئێمە زۆر گرنگە کە دەقی پەیامەکەی قازی محەممەد کە هەم لەکاتی دامەزراندن‌و هەم لەوەسیەت نامەکەی‌دا هاتوە یادی بکەین و بیبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک.

بۆ جارێکی دیکە رووحی قازی محەممەد رئیس جمهووری کوردستان، سەمبولی کوردایەتی‌وئازایەتی پیرۆز بێ، ئێوەش هەمووتان هەر ساغ‌و سلامەت بن.

## درێژەی:

# وتووێژ لە گەڵ کاکشار ئوورەمار

# لە پێوەندی لە گەڵ یادی لە دایکبوونی پێشەوا دا

ئیستیخباراتی ئەو دەمەی دەوڵەتی پەهلەوی نەی‌هێشتوە ئەو بە بەرفرەوانی لە سەر کۆماری کوردستان لیکۆڵینەوە بکا. هەروەها ئەو زۆرتر» کۆماری مەهاباد» بەکار دینێ تا کۆماری «کوردستان». پێم وایە ئەوەش پێشنیاری لایەنگرانی دەوڵەتی شاهەنشاهی‌و سرویسی ئیستیخباراتی ئینگلیز بووە. چونکە نەیان‌ویستوە کوردستانی‌بوونی کۆمار بۆ خەلک و مێژوو ئاشکرا ببی، هەروەها زیاتر لە لێکۆڵینەوەی ویلیام ئیگلتۆن نووسینەکانی کەسانی وەکوو مەناف کەریمی، سەدیق حەیدەری‌و وەزیرەکانی دیکەی کۆماری کردوە بە نیوەرۆک یا جەوهەری کتیبەکەی خۆی. نەمر رەحیمی قازی لە کتێبی خۆی‌دا «بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردو قازی محەممەد» دا وا نیشان دەدا کە گۆیا پێشەوا قازی ئاشقی سۆسیالیزمی سۆڤییەتەکان بووەو ئەگەر لە دادگادا وازی لە پشتگیریی ڕووسەکان هێناباو خۆی تەسلیمی داواکاری‌یەکانی ئینگلیزو ئەمریکایی‌یەکان کردبا، ئێعدام نەدەکرا!! بەڵام ڕێزدار عەلی قازی لەو بارەیەوە دەڵێ: کاتێک لە تەورێز گەڕامەوە مەهاباد، باوکم بە منی گوت: چاوت لێیە ئەو بێشەرەفانە (دەوڵەتی سۆڤیەت) چۆن خەیانەتیان پێ‌کردین‌و بە تەنیایان هێشتینیەوە؟! دیارە نەمر رەحیمی قازی کاتی نووسینی ئەم کتێبە لە باکۆ (پێتەختی ئازەربایجان) بووەو ئەگەر وای نەنووسیبا وەکوو تێزی دوکتوراکەی قەبوول نەدەکرا. بەڵام هەموو کەس دەزانێ کە پێشەوا زیاتر لە هەموو دەوڵەت‌و ڕێکخراوێک بە هێزی گەلی خۆی پشتگەرم بووە. ئەو بێ‌هیوا بوو کە لە سەر ئەساسێکی بە هیز بناغەی سیستمی دەوڵەتیکی دیموکراتیک دابڕێژێ‌و دەنگی گەل لە سەر هەموو دەنگەکانی دیکە بێ. لە ڕەوشی ئەو سای کۆمەڵی کوردەواری‌دا بە لەبەرچاوگرتنی فاکتۆرە دەرەکی‌و نێوخۆیی‌یەکان کاری پێشەوا قازی لە کوردستان‌دا دەسپێکی ڕێنێسانسێکی سیاسی، کۆمەلایەتی‌و فەرهەنگی بوو.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی، د.کەمال مەزهەر، پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل‌و چەندین لێکۆلەرو نووسەری دیکە کاری باشیان لە سەر کۆماری کوردستان‌و کەسایەتیی پێشەوا قازی نووسیوە.

**بۆ خوێنەرانی رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی «کوردستانوکورد»، هەر وەها بۆ هەموو هۆگران و ڕێڕەوانی پێشەوا قازی محەممەد لەم بۆنەیە دا چ وتەیەکت هەیە؟**

لەم سەدەیە دا ئیتر کار و خەبات دەربازی پێواژۆیەکی نوێ بووە. تەکنیکی ڕاگەیاندن گەورەترین ڕۆڵی هەیە لە بەردەوامیی خەبات و کاری سیاسی — فەرهەنگیدا. لەم بوارە دا ئێوەی ئازیز و... زەحمەتێکی زۆر دەکێشن. من عاشقی خوێندنەوەی رۆژنامەی کوردستانم، ڕۆژنامەی سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ من لە هەموو پەرتووکی ئاسمانی وپیرۆزەکان موقەدەسترە. ژومارەکانی پاش ئەو سەردەمەش بۆ هەموومان سەرجاوە و ئارشیڤیکی مێژوویین. بەردەوام لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیک لەو ماڵپەرانەی ڕۆژانە جاوی لیدەکەم، «کوردستانوکورد»ە.

پێشەوا ڕێبەرێکی ئەفسانەییە و دەبێ لەم سەدەیە دا بیر و رامانە مرۆڤدۆستانەکانی ئەو ڕێبەرە نەمرە باشتر بناسرین. دەبێ وەسیەتەکانی پێشەوا لە بیرمان نەچن و لە ژیانی ڕۆژانەمان دا بەکاریان بینین. ئەو بۆ سەربڵێندیی و بەختیاریی نەتەوەی هەرە مەزلوومی جیهان، گیانی خۆی فیدا کرد. ئەرکمانە کە میراسی پێشەوا قازی بە جوانی و دەلالی بپاریزین. ئەمە ئەرکێکی ویژدانی و ئەخلاقیی هەر کەسیکە کە خۆی بە مرۆڤ دەزانێت. سوپاسی بێپایانی من قبووڵ بفەرموون.

## سلێمانی:

# ڕێکخراوەکانی ژنان و چالاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی پشتیوانی لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوە

ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمەبەستی پشتیوانی لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پارکی ئازادیی شاری سلێمانی کۆبوونەوە



ڕۆژی پێنجشەمە ٥ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی «کەمپەینی ژن کەرەسەیەک نیە بۆ سووکایەتی « کۆبوونەوەیەک بۆ نوێنەران‌و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، چالاکانی ژنان‌و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانیشتووی باشووری کوردستان لە پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی پێک هات. ئامانجی ئەوکۆبوونەوەیە ناڕەزایەتی دەربڕین بە حوکمی دەزگای قەزایی شاری مەریوان بوو کە ڕێکەوتی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ ی هەتاوی لەو شارەدا هێزە ئەمنییەتی‌و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سزادانی پیاوێکی بە وتەی خۆیان تاوانبار جلوبەرگی ژنانیان لە بەر کردبوو و بە شوێنە گشتی‌یەکانی شاردا گێڕابوویان.

لەو کۆبوونەوە ناڕەزایەتی‌یەدا هەڵاڵە محەممەد پەیامی کەمپەینی «ژن کەرەسەیەک نیە بۆ سووکایەتی»ی خوێندەوەو پاشان فەریبا محەممەدی‌و کوێستان فتووحی لە چالاکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێوەندی‌یەدا چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد. دواتر پەیامی ڕێکخراوەکانی ژنان لە لایەن نوێنەرانیانەوە پێشکەش کرا کە لە نێویان‌دا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانەوە پێشکەش کرا.

لە درێژەی بەرنامەکەدا چەند شاعیرێک بەم بۆنەیەوە شێعریان پێشکەش کردو ئەم کردەوەیەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مەریوانیان مەحکووم‌و ریسوا کرد.

پێویستە بگوترێ بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە، بە نیشانەی هاودەردی لەگەڵ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ژنانی شاری مەریوان بە لەملکردنی شاڵێکی سوور، حوکمی دادستانی مەریوانیان لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو سووکایەتی‌یە بە جلوبەرگی ژنان‌دا، مەحکووم کرد.

# بەڕێوە چوونی سێمیناری لێکدانەوەی ڕووداوی مەریوان و چالاکی‌یەکانی دوای ئەو ڕووداوە



سێ ڕێکخراوی ژنانی کورد لە تاراوگە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی مافی ژنی کوردو ژنانی کورد لە ئۆپسالا، ڕۆژی شەممە، ١٤ ی بانەمەڕ، سێمینارێکیان بە مەبەستی شی کردنەوەو لێکدانەوەی ڕووداوەکەی مەریوان پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەو سمینارەدا شەهلا دەبباغی وەک مۆدێراتۆری پانیلەکان بە کورتی لە سەر هەڵدانی ڕووداوەکەو هەر وەها ئەو چالاکی‌و دژکردەوانەی دوابەدوای ڕووداوەکە بە ئەنجام گەیشتون دوا. دەبباغی پێ وابوو کە ئەو ڕووداوە دەبێ لە لایەن چالاکانی یەکسانی‌خواز و ڕووناکبیرانی تاراوگەنشین خوێندنەوەی جۆراجۆری بۆ بکرێ، هەر بۆیە بە مەترەح کردنی چەند پرسیار ێک باسەکەی کردەوە.

سەرەتا ناهید موکری، چالاکی بواری مافەکانی ژنان باسەکەی خۆی بە چۆنیەتی پێناسەکردنی جنسیەت لە کۆمەڵگای پیاوساڵاری دا دەست پێکرد، کە چۆن هێمای نێرینە بوون ڕەمزی سیمبولی دەسەڵاتەو ڕێزو حورمەتی بۆ دیاری دەکرێ‌و بەشی مێیینەش بە پێچەوانەوە.

دووهەم کۆڕگێڕ ئەو سمینارە هێرش ناسری بوو کە باسەکەی بە ئاماژە بە چۆنیەتیی هەڵکەوتنی شاری مەریوان دەست پێ‌کرد کە بۆ چی ئەو جۆرە ڕووداوە لەو شارە ڕوو دەداو کەسایەتی ژنی کوردو بەگشتی کەسایەتی کورد دێنێتە ژێر پرسیار.

شەماڵ کاوە سێهەم کۆڕگێڕی ئەو سمینارە بوو باسەکەی بەو پرسیارە دەست پێکرد: لە مەریوان چی ڕووی دا کە بەو جۆرە ڕووناکبیران و یەکسانی‌خوزانی پێ ڕاچڵەکی؟ چونکە کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی یەکەمی دەسەڵاتی دا تا ئەوڕۆ لە هیچ چەشنە بێ‌حورمەتی‌یەک بە کوردو کەسایەتیی کورد دریغی نەکردوە.

نابراو لە درێژەی باسەکەی‌دا باسی لەوە کرد کە ئەوەی لە مەریوان ڕووی دا چەندە پێوەندی بە کێشەی یەکسانی ڕەگەزی‌و کێشەی فێمینیستەوە هەیەو، باسی لەو شێوە لەو ناڕەزایەتی دەربڕینە کرد کە لە واقیع‌دا ئێعترازێکی ناسیونالیست بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو.

دوایین کۆڕگێڕی ئەو سمینارە گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە سەردێری باسەکەی ئەو پرسیارە بوو کە دەبێ چ بکەین هەتا ئەو حەرەکەتە یان حەرەکەتی لەم شیوەیە بتوانێ بەردەوام بێ؟


ناوبراو ئاماژەی کرد ئەو راستییەی کە ئەو حەرەکەتە و دژکردەوە دوو لایەنی ناسیۆنالیستی و فێمینیستی یان یەکسانیخوازی هەیە نکوڵی لێ ناکرێ، بەڵام ناکرێ بڵێین لایەن ناسیۆنالیستی بە تەواوی بە زەرەری لایەنی یەکسانیخوازی تەواو دەبێ، بەڵکوو دەکرێ ئەو لایەنە ببێتە یاریدەدەر بۆ هێنانە مەیدانی پیاوان بۆ پشتگیری لە باسی یەکسانیخوازی تەنانەت ئەگەر ئەو هاتنە مەیدانە تەواو ئاگاهانە نەبێ‌و بڕوای تەواو بە یەکسانی تێدا نەبێ. بەڵکوو ئەو پۆتانسیلە نابێ بە ڕەخنە لە مەیدان بەدەر بکرێ یان ناهومێد بکرێ بەڵکوو دەبێ لە راستای هیدایەت کردن و پەرە پێدان و قوڵتر کردنەوە پشتگیری بکرێ و سەرمایەگوزاری لە سەر بکرێ.

بە بڕوای گوڵاڵە شەرەفکەندی دیالۆگی بەردەوامی دوو لایەنی ناسیۆنالیستی و یەکسانیخوازی تەنیا ڕێگای چارەی کێشەی ژنی کوردە کە تەنیاگرفتی ژن بوون نیە، بەڵکوو ژنی کوردە و پێناسی کوردایەتی گرێدراوی تەواوی هەیە لە گەڵ کێشەی نەیەکسانی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا و چارەسەری کێشەکە دەبێ و پێویستە بە خۆماڵی بکرێ. چەند خاڵ سەبارەت بە هاوکاری لە پێناوگەیشتن بە دیالۆگ لە نیوان ژنان و پیاوان بۆ بردنە پێشی خەباتی یەکسانیخوازیبەشی کۆتای باسی ناوبراو بوو.

**مستەفا شەڵماشی: تەنیا شتێکی کە تا ئێستا ڕوونە ئەوەیە، کە خاوەنانی ئەسڵی هەڵبژاردن، واتە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، هەروەک هەموو دەورەکانی بە ناو هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌داو تەنانەت وەک هەموو دەورەکانی بەناو هەڵبژاردن لە مێژووی ئێراندا، هیچ دەسەڵاتێکیان نییەو لە دیاریکردنی ڕێڕەوی هەڵبژاردن بێبەشن.**

**ئاسۆی حەسەن‌زادە: لەڕاستی‌دا ئەستەم‌ترین‌و پڕکێشەترین‌و هەر لەو کاتەدا بەرێژترین بواری شیاوی کارلەسەرکردن لە پرۆسەی دادخوازیی کورد لە دەرەوەی وڵاتدایە، بەرپرسیارێتیی ئەو کۆمپانیایانەیە کە مەوادی کیمیایی قەدەغەکراویان بۆ ڕێژیمی سەدام حوسێن دابین کردبوو.**

# کێشە کانی بەردەم هەڵبژاردنی ویلایەت فەقیهی



مستەفا شڵماشی

هەلومەرجی بەناو هەڵبژاردنەکان لە ڕێژیمی ئاخوندی‌دا ئاڵۆزی‌یەکی زۆری پێوە دیارە. هەڵسەنگێنەرانی کاروباری ئێران ئاماژە بەوە دەکەن کە لە سی‌وچوار ساڵی ڕابردوودا کەش‌وهەوای هەڵبژاردنە ئەندازیاری کراوەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ئەمجارە ئاڵۆز نەبووە. ئاڵۆزی‌یەکان تەنانەت چوونە نێو داخراوترین بازنەی دەسەڵات‌و هالەی دەوروبەری ڕێبەریی ڕژیمیشیان گرتوەتەوە. دەوڵەت کە تا دووساڵ لەمەوبەر لەلایەن ڕێبەرەوە بە دەوڵەتی گەلی‌و ڕێچکەداری عەلی ناو دەبرا، ئێستا لە لایەن نیزیکترین کەسەکانی خامەنەیی‌یەوە، لەقەبی لادانی پێدراوە. کێشەی نێوان ئوسوولگەراکان، سەرەڕای کێشەی نێوان بە ناو ڕیفۆرمخوازانی دەوڵەتی، ڕیفۆرمخوازانی ناوخۆیی، کۆمەڵانی خەڵکو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە،

مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی بە شێوەیەک ئاڵۆز کردوە کە ڕێژیم هەر لە ئێستاوە لێی دەترسێ‌و لە زمانی گەورە نیزامی‌یەکانیەوە، هەڕەشە لە نیزیکترین ئەڵقەکانی دەسەڵاتەکەی خۆشی دەکا.

کێشەی نێو بازنەی دەسەڵات کارێکی وای کردوە کە تا ئێستاش کاندیدای یەکەمی خودی ڕژیمیش مەعلوم نەبێ و ڕیفۆرمخوازەکانی سەر بە ڕژیمیش نەوێرن هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا بکەن. لە لایەک پێکهەڵپرژانی سەرۆک کۆمار کە دیاری‌کراوی دەستی خودی ڕێبەرەو ئەڵقەی هەرە داخراوی ڕژیم لە لایەکی دیکەوە ، کارێکی وای کردوە کە بەشی زۆری ئەو کەسانەی نیازی خۆکاندیدکردنیان هەیە، لە چاوەڕوانی‌دا بمێننەوەو ئاڵۆزی‌یەکانی نێو توندئاژۆکانی نێو دەسەڵات ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر ببێتەوە.

ڕەنگە گەورەترین نیشانەی ئاڵۆزیی هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری لەم دەورەیەدا ئەوە بێ کە تا ئێستاش ئەو کاندیدایانە دیار نین کە زۆرترین شانسی دیاری‌کردنیان هەبێ. کەسانی وەک رەفسەنجانی، خاتەمی‌و مەشایی لە بەرەی پارێزەرانی ڕژیم‌دا، کە لە نێو ئەڵقەی تەنگی توندئاژۆکانی سەر بە وەلی فەقیەدا جێگایەکیان نیە،

تا ئێستاش نەوێراون هەڵوێستی خۆیان ڕوون بکەنەوە. کەسانی نیزیکتر لەدەسگا، وەکوو ویلایەتی، قالیبافو حەددادی عادل هەروا خەریکی قەول‌و بەڵێن بە یەکترن‌و ئێستاش مەعلوم نیە، کامیان بۆ کامیان دەکشێتەوەو شانسی زۆرتر بە کامیان دەبێ. لەولاوە کەسانێکی وەک موحسینی ڕەزایی، مەنووچێهری موتتەکی، مستەفا پوورمحەممەدی، محەممەدجەوادی باهونەرو یەحیا ئال ئیسحاق ناویان دێ ، کە شارەزایانی بواری ڕژیم شانسێکی ئەوتۆیان نادەنێ.

لە نێو بازنەی لایەنگرانی دەوڵەتیش‌دا، هەرچەند ناوی ڕەحیم مەشایی دێ، بەڵام تا ئێستاش دیار نیە بەڕاستی کێ نەفەری یەکەمی ئەوانە،و بناغەدا ڕێگایان پێ‌دەدرێ بە شداری بکەن یان نا. جگە لەوە وێدەچێ تەنانەت لە نێو ئەو دەستەبازی‌یانەش‌دا، دیسان لە سەر دیاریکردنی کاندیدای یەکەم ناکۆکی‌و دەستەبازی هەبێ. بۆیە لەنێو بازنەی لایەنگرانی دەوڵەت‌دا جگە لە مەشایی ناوی کەسانی وەک سەعیدی جەلیلی، عەلی نیکزادو باقری لەنکەرانییش دێ.

دەستەبەندی‌یەکانی نێو دەسەڵاتی ئاخوندی هێندە بەربڵاون کە لانی کەم

سێ لایەن هەر لە نێو بازنەی پارێزەرانی نیزام‌دا بەرچاو دەکەون. لایەنی ئەحمەدی‌نەژادو دەوروبەری، یان بە واتایەکی دیکە لایەنگرانی دەوڵەت، لایەنی ئوسوولگەرا سوننەتی‌یەکان‌و لایەنی بە ناو ڕیفۆرمخوازانی سەر بە ڕژیم. ئەو سێ قۆڵەش لە نیو خۆیان‌دا دیسان هێندە کۆک نین. لە نێو قۆڵی توندڕۆو سوننەتی‌دا،



هێندێ کەس دەیانەوێ ڕەفسەنجانی لە مەیدان بەدەر کەن‌و هێندێکیان دەیانەوێ بی‌پارێزن. لە نیو لایەنگرانی دەوڵەتدا بەشێک دەیانەوێ لە بەرامبەر

ئاخوندەکاندا ڕاوەستن، بەشێکیش دەیانەوێ لە گەڵیان بسازێن. لە بەرەی بەناو ڕیفۆرم‌خوازیش‌دا هێندێکی وەک خاتەمی دەیانەوێ داردەستی ڕێبەر بن‌و بەشێکیش دەیانەوێ لە بازنەی ڕێبەری دوور کەونەوە.

لە نێو بەرەی بە قەولی خۆیان ئیسلاحاتدا، جگە لە خاتەمی‌و ڕەفسەنجانی، ناوی کەسانی وەک مەسعوود پزیشکیان، محەممەدعەلی نەجەفی،و مستەفا کەواکیبیانیش دێ. دیارە بەرەی بەتەواوی پەراوێزخراوی ئیسلاحتەڵەبی

لایەنگری نیزامیش کە بە جووڵانەوەی سەوز ناسراون‌و ئێستا سەرانیان لە دەسبەسەری‌دا دەژین، وەک مووسەوی و کەڕرووبی، هەر دەنگیان لێوە نایەو زۆر مەعلوم نییە بەتەمان چبکەن.

هەرچەند لەنێو هەرسێک ئەو قۆڵانەی لایەنگری ڕژیم‌دا کەسانێکی زۆر هەن کە نیازی ئەوەیان هەیە، خۆ کاندید بکەن‌و ئەو پۆستە بەدەست بێنن، بەڵام ئاڵۆزی‌یەکە ئەوەندە زۆرە کە تا ئێستاش نە کەس دەزانێ گەورەترین شانس بەکێیە و تەنانەت نە کەسیش دەزانێ مۆرەی دڵخوازی ڕێبەرو دەوروبەرەکەی کێیە. هەر بۆیە ئەوەی تا ئێستا ڕوونە تەنیا ئاڵۆزی‌یەکانە. ئەوەی لە کۆتایی‌دا چ دەبێ، ئاڵۆزی‌یەکان دەتەقنەوەو سەری ڕژیم دەخۆن، وەک دەورەی یەکەمی ئەحمەدی‌نەژاد نەناسراوێک سەر لە سندووقەکانی شوعبەدەبازی وەدەر دەنێ، یان ڕێبەرو دەوڵەت دیسان پێک دێنەوە. دەبێ چاوەڕوان بین. بەداخێکی گرانەوە تەنیا شتێکی کە تا ئێستا ڕوونە ئەوەیە، کە خاوەنانی ئەسڵی هەڵبژاردن، واتە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، هەروەک هەموو دەورەکانی بە ناو هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌داو تەنانەت وەک هەموو دەورەکانی بەناو هەڵبژاردن لە مێژووی ئێراندا، هیچ دەسەڵاتێکیان نییەو لە دیاری‌کردنی ڕێڕەوی هەڵبژاردن بێبەشن.

# جینۆساید: دەرفەت و بەربەستەکانی سەر ڕێگای دادخوازیی کورد

**بەشی دووهەم و کۆتایی**



ئاسۆی حەسەن زادە

### «بەرپرسیارێتیی کۆمپانیا بیانی‌یەکان: ئەڵقەی ئەستەمی دادخوازیی کورد

هەروەک لە بەشی یەکەم دا ئاماژەی پێ‌کرا کەناڵە دادوەری‌یەکان لەسەر ئاستی دەرەوەی وڵات لەپێوەندی لەگەڵ وەشوێنکەوتنی بەرپرسیارێتیی تاوانباران‌و هاودەستانی کۆمەڵکوژیی کورددا بەهۆی بوونی کۆمەڵێک کۆسپی قانوونی‌و سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەمن. لەگەڵ ئەوەش‌دا ناسینی ڕێکارو کۆسپەکانی سەر ڕێ پێویستەو هەوڵدان بۆ تاقیکردنەوەی ئەو کەناڵانە لەهەرحاڵ‌دا بۆ درێژخایەن بەسوودو بەبەرهەمە. لەلایەنی قانوونی‌یەوە، کۆسپی هەرە گەورە لەبەردەست‌دانەبوونی دادگاگەلێکە کە ئامادەی وەرگرتن‌و لێ‌پێچانەوەو موحاکەمەی کەیسەکان بن. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە دادگا نێونەتەوەیی‌یەکانەوە هەیە، بەپێچەوانەی هێندێک نموونەی جینۆساید کە لەواندا دادگایەکی نێونەتەوەیی تایبەت بە کۆمەڵکوژی‌یەکە بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست کرا، لە کەیسی عیراق‌دا دادگاکە دادگایەکی نێوخۆیی بووە ئەگەرچی پشتگیریی نێودەوڵەتی و هاوکاریی پسپۆڕانی بیانیی لەگەڵ‌دا بووە. هەرچی دیوانی جینایی نێودەوڵەتیی لاهەشە کە کارەکەی ڕێک پێچانەوە لە تاوانگەلێکی لە چەشنی ئەو تاوانانەیە کە دەرهەق بە کورد کراون، کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە هەتا دەوڵەتی پێوەندیدار (لێرەدا عیراق‌و ئەو دەوڵەتانەی دەکرێ بە هاودەستی لەگەڵ ڕێژیمی پێشووی عیراق تۆمەتبار بکرێن) سەڵاحییەتی دیوان قبووڵ نەکەن‌و نەشڵێن کە سەڵاحییەتی دیوان بۆ جینایەتەکانی بەر لە ساڵی ٢٠٠٢ قبووڵ دەکەن، هیچ جۆرە دەرەتانێکی سکاڵاتۆمارکردن نیە. مەگەر ئەوە کە دیسان لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دەستی داواکاری گشتیی دیوان بۆ تۆمەتبارکردنی بەرپرسیارانی کۆمەڵکوژی ئاوەڵا بکرێ (وەک لە کەیسی عومەر حەسەن ئەلبەشیری ڕێبەری سوودان‌دا

دیتمان).

هەرچی دادگای وڵاتانی دەرەوەیشە، کۆسپی هەرە گەورە ئەوەیە کە بۆ ئەوەی دادگای وڵاتێک سکاڵایەک وەربگرێ، پێویستە چ لە ڕووی سەرزەمینی‌یەوە (شوێنی ڕوودانی تاوانەکە)و چ لە ڕووی کەسێتی‌یەوە (جنسییەی ئەنجامدەر یان قوربانیی تاوانەکە)وە، پێوەندی‌یەک بە وڵاتەکەوە هەبێ، دەنا دادگا سەڵاحییەتی ڕاگەیشتن بە کەیسەکەی نیە. دیارە نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە لە سەرەتای ساڵەکانی نەوەدی زایینی‌یەوە لە هێندێک وڵاتی وەک بێلژیکو تەنانەت بریتانیا هەوڵ درا سەڵاحییەتی جیهانیی دادگاکان بۆ پێڕاگەیشتنی جینایەتە دژە مرۆیی‌یەکان بە قانوون پەسند بکرێ. مانای سەڵاحییەتی جیهانی ئەوەیە کە بۆ ئەوەی دادگای وڵاتەکە سەڵاحییەتی هەبێ، ئەو پێوەندی‌یە سەرزەمینی‌و کەسێتی‌یەی باس کرا پێویست نیهو بەم‌جۆرە کۆمەڵێک کەیس بەدژی ڕێبەرانی سیاسیی ئەمریکاو ئیسرائیل‌و هێندێک وڵاتی ئەفریقایی وەک کۆنگۆ کرانەوە. بەڵام لەسەریەک دەتوانین بڵێین بەهۆی پێوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکان‌و هەستیاریی سیاسیی دەسپێشخەری‌یەکی لەم چەشنەو پشتگیری‌نەکرانی لەلایەن دیوانی نێونەتەوەیی لاهەوە، تا ئێستا سەڵاحییەتی جیهانی بەشێوەیەکی کارا جێبەجێ نەکراوەو لەسەریەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبووە.

دوو حاڵەت هەن کە لەوان‌دا پرسی سەڵاحییەت بەچەشنێکی لەبارتر خۆی دەردەخا. یەکەم پەنابردنی بەشێک لە بەرپرسان‌و هاودەستانی عیراقیی ڕێژیمی پێشوو بۆ هێندێک وڵاتی ئورووپایی کە بوونیان لەسەر خاکی وان دەتوانێ پاساوبەخشێک بێ بۆ سەڵاحییەتی دادگا نێوخۆیی‌یەکانی ئەو وڵاتانە. سکاڵابەرزکردنەوە بەدژی ئەو کەسانە لەهەرحاڵ‌دا ئەو سوودەی هەیە کە یارمەتیی زیاتر بە ورووژاندنەوهو بەمێدیایی‌کردن‌و وەبیرخستنەوەی سەرکوتی کوردو هاندانی بیروڕای گشتیی وڵاتانی دەرەوە بۆ بەرەسمی‌ناسینی جینۆسایدی کورد دەکا.

حاڵەتەکەی دی کە لەڕاستی‌دا ئەستەم‌ترین‌و پڕکێشەترین‌و هەر لەو کاتەدا بەرێژترین بواری شیاوی کارلەسەرکردن لە پرۆسەی دادخوازیی کورد لە دەرەوەی وڵاتدایە، بەرپرسیارێتیی ئەو کۆمپانیایانەیە

کە مەوادی کیمیایی قەدەغەکراویان بۆ ڕێژیمی سەدام حوسێن دابین کردبوو. بەپێی زۆر بەڵگەنامەی باوەڕپێکراوی پیشەسازیی سەربازیی عیراق‌و ئەرشیڤەکانی تیمەکانی پشکنینی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و سەرچاوە هەواڵگری‌یەکان‌و زۆر توێژینەوەی ئاکادیمی‌و ڕاپۆرتی مێدیایی، لیستەی ئەو کۆمپانیایانە کە بەشێوەی مەعقوول دەکرێ شکی هاودەستی لەگەڵ ڕێژیمی سەدامیان لێ‌بکرێ لە کۆمپانیاکانی بریتانیاو ئەڵمان‌و ئوتریش‌و فەڕانسەو هولەندو ئیسپانیاڕا بگرە تا ئەوانەی ئەمریکاو هیندستان‌و ژاپۆنی تێدایە. بەڵام جیا لە کێشەی سەڵاحییەتی دادگاکان کە ئاماژەی پێ‌کرا، پەلکێش‌کردنی بەکردەوەو کاریگەری ئەم کۆمپانیایانە بۆ بەردەم دادگای وڵاتەکانیان لەگەڵ کۆمەڵێک کۆسپ بەرەوڕوویە. یەکەم، بەشی بەرچاوی



مەوادی دابین‌کراو مەوادێکن کە هەم لەبواری دەرمانسازی‌و کشتوکاڵ‌دا دەکرێ دەکار بێن‌و هەم لەبواری دروست‌کردنی چەکوچۆڵی قڕکردندا؛ دووەم، لە ساڵانی ڕابردوودا ناوو کەسێتیی زۆر لە کۆمپانیا پێوەندیدارەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە؛ سێهەم، خستنەژێرپرسیاری ڕابردووی ئەو کۆمپانیایانە کە بە مۆڵەت‌و کارئاسانیی وەزارەتی کاروباری دەرەوەو وەزارەتی بازرگانیی وڵاتەکانیان مامەڵەیان لەگەڵ

ڕێژیمی سەدام کردوە، ناڕاستەوخۆ دەست‌درێژکردن بۆ سەر پرستیژی ئەو وڵاتانەو ئەمنییەتی ئابووری‌و بازرگانیی وانە.

سەرباری هەموو ئەمانەو لە هەمووی گرنگتر، تەحەدای هەرە گەورە لێرەدا دۆزینەوەی پێوەندیی هۆکاری (ڕەبتی عەلاقەی سەبەبی) لەنێوان مەوادی دابینکراو لەلایەن کۆمپانیاکەوەو تاوانەکان‌دایە. سەختیی سەلماندنی ئەم پێوەندی‌یە هۆکاری‌یە بەتایبەتی لە هێندێک هەوڵ‌دا کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دادگایی‌کردنی کۆمپانیاگەلێکی وەک «تالیسمان» و «ئالکۆلاک» کە لە سوودان‌و عیراق چالاک بوون بە ڕوونی نیشانی دەدا کە سەرخستنی هەوڵی لەم جۆرە پێویستیی بە هەوڵێکی قورسی سیاسی‌و

قانوونی‌و مێدیایی‌و بوارە پسپۆڕی‌یە پێوەندیدارەکان هەیە. بەڵام لەولاشەوە، نموونەی سەرکەوتووی کەیسی فرانس ڤان ئانرات لە هۆڵەند کە پاش ورووژاندنێکی مێدیایی‌و وەڕێ‌خستنی هەڵمەتێکی چڕوپڕ لەلایەن ڕەوەندی کوردی‌و دۆستانی کوردەوە دادگایەک پێک هێنرا نموونەیەکی شیاوی لێ‌وردبوونەوەو ئەزموون‌لێوەرگرتنە. پێوەندی‌یە هۆکاری‌یەکە لەو کەیسەدا بۆیە دۆزرایەوە چونکە دەرکەوت کە لەنێوان

ساڵەکانی ١٩٨٥و ١٩٨٨دا ناوبراو لانی‌کەم ٤٠٪ی ماددەی (تی.دی.جی)ی بەکارهاتوو بۆ دروست‌کردنی خەردەل‌و تابوون‌و سارینی بۆ ڕێژیمی بەعس دابین کردبوو. دیارە لەو کەیسەدا فرانس ڤان ئانرات تەنیا وەک کەسێتی‌یەکی سروشتی موحاکەمە کرا، هیچ قەرەبووکردنەوەیەکی قوربانی‌یان لە ئاستی مەدەنی‌دا بڕیاری لەسەر نەدراو ناوبراو تەنیا بە هاودەستی لە تاوانی شەڕدا بە حەڤدە ساڵ زیندان مەحکوم کراو دادگا قەناعەتی بە ئاگاداربوونی ناوبراو لە نیەتی ڕێژیمی سەدام بۆ جینۆسایدی کورد نەهێنا.

## ئەنجام

بەجینۆساید ناساندن‌و بەجیهان‌ناساندنی وەچەکوژیی کوردان ئامانجێکی ڕەوای سیاسی‌و ئینسانیی پشت‌قایم بە بنەمای ئەخلاقی‌و قانوونیی دەوڵەمەندو بەهێزە. وەک

لەو کورتە ڕوانینە بۆ لایەنە جۆربەجۆرەکانی بەدواداچوونی ئەو ئامانجەدا دەردەکەوێ، لەهەرحاڵ‌دا حکوومەتی هەرێمی کوردستان‌و بژاردەکانی کورد بەگشتی پێویستە بەشێوەیەکی فرەڕەهەندو هەمەلاگیر بۆ ئەو ئامانجە هەوڵ بدەن. هەروەک زۆر لەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ لەو بوارەدا وەدەست هاتوون دە ساڵ یان بیست ساڵ لەمەوبەر سەخت‌و دوورەدەست دەهاتنە بەرچاو، ئەو بەربەستانەی ئێستاش لە ڕێگادان دەکرێ

وردە وردە کەم ببنەوە، ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی دەرفەتەکان زیاتر بێ‌و دەرفەتی نوێش دەسکەوتی نوێی لێ‌بکەوێتەوە.

ئاشکرایە کە چوونەپێشی ئەو پرسە لەسەر ئاستی دەرەوە بە ڕێژەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە ئاڵوگۆڕەکانی قانوونیی نێودەوڵەتی‌و قانوونی قەزایی بەراوردکاری لەو بوارەدا بەگشتی‌و چوونەپێشی زیاتری دۆخی سیاسیی کورد بەتایبەتی. بەڵام هەر لەوکاتەدا زۆر هەنگاو بۆ بەبەرهەم‌کردنی زیاتری پرۆسەی دادخوازیی کورد هەن کە هەر ئێستا لە تواناو دەرەتانی کورد بەتایبەتی لە باشووری کوردستان‌دا هەن. بەشێک لە کەمایەسی‌یەکانی ئەو هەوڵە پیرۆزانە کە لەو بوارەدا دراون‌و دەدرێن بریتین لە پەرش‌و بڵاویی هەوڵ‌و دەسپێشخەری‌یەکان، هاوهەنگاونەبوونی بەتەواویی هەوڵە حکوومەتی‌یەکان‌و هەوڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، تەرخان‌کرانی بەشی زۆرتری وزەو تواناکان بۆ ئەو چالاکی‌یانەی زۆرتر سروشتێکی بۆنەیی‌و دۆخی‌یان هەیە نەک ئەو کارانەی ژێرخانێکی پتەوی لۆبیسازی‌و پسپۆڕی بۆ دواڕۆژ دروست دەکەن، بە دوکومێنت‌نەکرانی وەک پێویستی بەڵگەکانی پێوەندیدار بە تاوانەکان بەتایبەتی بە زمانەکانی بیانی، و ... هتد.

بەمەبەستی چارەسەری ئەم کەموکوڕی‌یانە، جێی خۆیەتی وێڕای ئەزموون‌وەرگرتن لە کەیسەکانی دیکەی بە جینۆساید ناساندنی کوشتاری گەلان‌و مۆدێلسازی‌یەکی روون لەو بارەیەوە، لەسەر بنەمای پلانێکی زانستی‌و بە دیدێکی ستراتیژیکەوە هەموو هەوڵ‌و هەنگاوەکانی کارکردن لەسەر جینۆسایدی کورد لەژێر چەترێکی هاوبەشی نەهادینەکراودا کۆ بکرێنەوە بۆ ئەوەی هەماهەنگیی تەواو لەنێوان هەموو ئاست‌و ڕەهەندەکانی ئەو پرۆسەیەدا پێک بێ. هەروەها زۆر گرینگە کە ئاستی ڕوانینی خۆماڵیمان بۆ پرسی جینۆسایدی نەتەوەکەمان بەرز بکەینەوەو پرۆسەیەکی گەورەی لەو چەشنە تەنیا لە پارچەیەکی کوردستان‌دا قەتیس نەکەینەوە. کۆسپە سیاسی‌و قانوونی‌یەکان هەرچییەک بن کە بێگومان پێویستە لە شوێنی خۆی‌دا ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، سەرکەوتنی پرۆسەکەو یەکگرتوویی نەتەوایەتیی کورد لە گرەوی فرەوان‌ڕوانینێکی لەو چەشنەدایە.

قادر وریا: ئەگەر ململانێیەکە تەنیا لە نێو باڵە جۆراوجۆرەکانی نێو ئەو ڕێژیمە دابێت، بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا گەرموگور نابێت و هەر کاندیدایەکیش سەر بکەوێ یا وەک سەرکەوتوو بیناسێنن، کاردانەوەی ئەوتۆی خەڵکی بە دواوە نابێت.

گرنگیی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانە لە چەند شت دایە. یەکەم ئەوە ملبەملە خۆجێی و ناوچەییەکان لە سۆنگەی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانەوە، خۆیان دەردەخەن و ڕەقابەت و ململانێی جۆراوجۆر دروست دەبن. دیارە هەم ڕێژیم هەوڵ دەدا بە پێی بەرژەوەندی خۆی، ئەو ململانێیانە ئاراستە بکا، هەم خەڵکیش تێدەکۆشن هێزی خۆیان نیشان بدەن و کەسانی دلخوازی خۆیان سەر بخەن.

### قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# دەنگدەری کورد دەبێ بە جۆرێک دەنگ بدا

# کە ڕێژیمی ئێران بزانی کورد چی دەوێ و لە چی نارازییە

دیمانە: فەرەیدون بێوار



**قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، باس لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆمار و مەجلیسی ئێران دەکات. دەشڵێت دەنگدەری کورد دەبی بە جۆریک دەنگ بدات یا هەڵویست بگرێ کە ڕێژیمەکە و خەڵکی جیهان بزانن کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست لە ئێران دا چی دەوێ و لە چی نارازییە.**

**گۆڤاری پرس، ژمارە ١٧٧ ٢٠١٣/٤/٣٠**

**پ: ئێوە چۆن دەڕواننە خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئەمجارە و جیاوازی لەچی دایە؟**

و: هەڵبژاردنەکانی ئێران بە تایبەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و هەڵبژاردنی مەجلیس زۆر جار دەبنە ڕووداوێکی گرینگ لە ئێراندا. ئەم گرینگییە لەوەوە سەرچاوە ناگرێ کە گویا هاتنی سەرۆک کۆمارێکی دیکە ، یان مەجلیسێکی دیکە ، دەتوانی ببێتە سەرچاوەی گۆڕانی بنەڕەتی لە ئێراندا . چونکە سیستمی دەسەڵاتداریتی لە ئێران جۆرێکە کە کاندیداکانی مەجلیس و کاندیداکانی سەرۆک کۆماری لە گەڵ پاڵاوتنێکی جیددی بەرەوروون و ڕێگە نادرێ کەسانێک لە دەرەوەی ئەو ڕێژیمە بێنە مەیدانی ململانێ. سەرەرای ئەو پالاوتنە سیاسییەش، ئەگەر مەجلیسێک یان سەرۆک کۆمارێک ، بە پێچەوانەی مەیلی ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات و بریاردان لە ئێران، دەنگ بێننەوە، دیسان ناتوانن کاری زۆر گەورە بکەن و دەسەلات و ناوەندی لەوان بەرزتر هەن کە ئەگەر بە پێچەوانەی ویست و مەیل و بریاری ئەوان بجوولێنەوە، کێشەی گەورەیان بۆ دروست دەبێ.

کەوایە گرینگیی ئەم هەڵبژاردنانە لە شتێکی دیکەدان، لە توندتر بوون و کەڵەکەبوونی ململانەی نێوان باڵە جیاوازەکان، لە یەکتر لە قاودانەکانیان و لە سوود وەرگرتنی خەڵک لەو کەلێنانەی کە لە نێوان تاقمەکانی دەسەڵات دا دروست دەبن. لە هەڵبژاردنی داهاتووش‌دا هەر لە ئێستاوە دیارە ململانێیەکی جیددی لە نێوان تاقمەکانی دەسەڵاتدا دێتە پێش کە ڕێژیم بەرەورووی قەیرانێکی نێوخۆیی دەکاتەوە. ئەمە دەتوانی جیاوازیی هەرە دیاری ئەم هەڵبژاردنە بێت.

**پ: ئایا ئێوە وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕێک و کۆکن لە سەر دەنگدان یان بایکوتکردنی ڕۆژی دەنگدان ، بۆچی؟**

و: حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دوو بەشن: هێندێکیان هەڵوێستێکی نەگۆڕیان هەیە و چونکە پێیان وایە ڕێژیمەکە دیکتاتۆرییە و هاتنی ئەم یان ئەو سەرۆک کۆمار یا مەجلیس ، شتێکی بنەڕەتی لە سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە ناگۆڕێ، بۆیە ئەم جۆرە هەڵبژاردنانەش تەحریم دەکەن. هێندێک حیزب و لایەنیش هەن کە هەڵبژاردنەکان وەک دەرفەتیک دەبینن کە بۆ هاندانی جۆریک لە خەبات و ململانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە چوارچیوەی ئەو هەڵو مەرج و فەزایەی لە کاتی هەڵبژاردنەکان دا پێک دێت. بۆ وێنە لەهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی پێشوو دا، حیزبی دیموکراتی کوردستان داوای لە خەڵکی کوردستان کرد لە جیاتی تەحریمی هەڵبژاردن ، بچن دەنگ بەو کاندیدانە بدەن کە بایەخ بە پرسی نەتەوەیی دەدەن و کەمتر جێگای پشتیوانیی ڕێژیمن. واتە بەم ڕێگایەدا، «نا» بەو نیزامە بڵێن و تەئسیر لە سەر ململانێیەکان بە قازانجی خەڵک دابنێن. لەو باوەڕەش دانیم هەر سەرکۆمارێک بیتە سەرکار، بتوانێ ئالوگۆڕی گەورە بکا و لەدەرەوەی ئیرادەی خامنەیی، بتوانێ هەنگاوی بنەڕەتی بنێ،مەگەر جووڵانەوەیەکی گەورە لە هەناوی کۆمەڵ دا لە پشتییەوە بێت.

لە بارەی هەڵبژاردنی ئەم جارەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هێشتا بەرەسمی هەڵوێستی خۆیان ڕانەگەیاندوە ، پێشم وایە جاری کات هەیە هێشتا کاندیداکان بە تەواوی ساغ نەبوونەتەوە و بەرنامەی خۆیان ڕانەگەیاندوە.

**پ: خولی پێشوو ئێوە وەک حزب، هانی خەڵکتان دا کەدەنگ بە ریفۆرمخوازەکان بدەن، بەپێچەوانەی حزبە کوردییەکانی ترەوە کە بایکۆتیان کرد، بەڵام دیتمان ریفۆرمخوازەکانیش شتێکیان بۆ کورد پێنەبوو، بۆیە لەو ڕوانگەوە ڕەخنە لەئێوە گیرا، ڕات لەوبارەوە چییە؟، ئایا هەڵوێستی ئەمجارەتان چي دەبێت؟**

و: دیارە بەرنامەی کاندیدا ریفۆرمخوازەکان لە هەلبژاردنی پێشوو دا، بە تایبەتی هی مەهدیی کەڕووبی، لە بارەی پرسی نەتەوەکانی ئێران، شتیان تێدابوو. ئێمە بە بەراوەرد لە گەڵ بەرنامەی هەڵبژاردنی زۆربەی نزیک بە تەواوی کاندیداکانی هەموو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری (بێجگە لەدەورەی یەکەم) و بە سەرنجدان بە ناوەڕۆکی ئەو ڕێژیمە، دەبێ ئەو ڕاستییە ببینین. ئەگەر چی ئەوەی لە بەرنامەی هەڵبژاردنی ئەوان دا هاتبوو، چ لەدەربڕین و چ لە نیوەرۆک دا، زۆر کەم و ناتەواو بوو. بەڵام بۆ یەکەمجار باسی کۆمەڵێک مافی پشتگوێخراوی نەتەوەکانی ئێران کرابوو کە پێویستە دابین بکرێن. ئەگەر ڕەخنەش لە هەڵوێستی ئێمە گیرابێت، لەبەر ئەوە بووە کە هەڵبژاردنمان تەحریم نەکرد. بەڵام بینیمان خەڵک پێشوازییان لە هەڵوێستی تەحریم نەکرد و هاتنە نێوململانێی هەڵبژاردن ودەنگیان دا بەو کاندیدایانە کە ڕێبەری نیزام و سوپا لە گەڵیان نەبوون. بۆیە کاتێک دەنگەکانیان دزرا و ئەحمەدینەژاد وەک براوەی هەڵبژاردن ڕاگەیەندرا، ئەو نارەزایەتییە میلیۆنییە بێوێنەیە پێک هات.

بەڵام وەک لە وڵامی پرسیاری پێشتر دا وتم، لە سەر هەڵبژاردنی ئەم دەورەیە، هێشتا هەلوێستمان نەگرتوە و چاوەڕوانی پتر ڕوونبوونەوەی وەزعەکەین.

**پ: ڕۆڵی دەنگدەری کورد لەم هەڵبژاردنەدا چۆن دەبینی؟**

و: دەنگدەری کورد دەبێ بە جۆرێک دەنگ بدا یا هەڵوێست بگرێ کە ڕێژیمەکە و خەڵکی جیهان بزانن کورد و وەک نەتەوەیەکی بندەست لە ئێران دا، چی دەوێ و لە چی نارازییە. ئەمەش بەستراوەتەوە بە سروشتی ملبەملەکان و کەشوهەوای ئەم دەورەیە لە هەڵبژاردن.




بۆ وێنە ئەگەر کاندیدایەکی خۆشناو و لە خەڵک نزیک هەبوو و بەرنامەکانیشی بەشیک لە داخوازەکانی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئیرانیان تیدابوو ، دەکرێ بە پشتیوانی لەو کاندیدایە، کورد هەڵویستی خۆی نیشان بدا. ئەگەر کاندیدا و بەرنامەکانیشیان ، هیچیان بۆ کورد تیدا نەبوو، دەکرێ بە تەحریمێکی گشتی و یەککگرتووانە، هەڵوێستی دەنگدەری کورد، پێشان بدرێ. دیارە لە هەر حاڵ دا ، ئێستا زووە بۆ هەڵویستگرتن و دەبێ بزانین ڕەوتی ڕووداوەکانی پیوەندیدار بە هەڵبژاردن و بە گشتی پرۆسەکە، بەرەو کوێ دەڕوا.

**پ: پێتوایە بە گۆڕینی کەسەکان گۆڕانکاري لە ئێران دێتەئاراوە، بەتایبەت سەبارەت بە پرسی کورد، ئایا هیچیان پرسی کورد بەشێکە لەکارنامەیان، بەواتایەکی تر دەرچوونی ریفۆرمخواز یان پارێزخوازەکان بۆ کورد هیچ تۆفیری هەیەو کاریگەري دەبێ لەسەر سیستمی سیاسي ئێران؟**

و: دەسەڵاتی سەرکۆمار لە ئێران دا سنووردارە و ناوەندی دیکە هەن کە ئەگەر سەرکۆمار بشیهەوێ کارێکی گەورە بکا،دەتوانن ببن بە کۆسپ و نەهێڵن پێ لەبەرەی خۆی زیاتر رابکێشێ. بەو حالەش ئەگەر سەرکۆمار، کەسێکی بوێر بێت و کێشە و گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگەکەی بناسێ و بۆ وێنە بیهەوێ خۆی لە قەرەی چارەسەرکردنی پرسێکی گرنگ وەک بێمافیی نەتەوەکانی ئێران بدا، ئەگەر دەسەڵاتیش لە گەڵی دا نەبێت، خەڵک لە پشتییەوە دەبن. بە بڕوای من لەو دەورەیە دا زەحمەتە ڕێگە بدەن کاندیدایەکی بەهێز کە لا لە پرسی کورد و نەتەوەبندەستەکانی دیکە بکاتەوە (جا ریفۆرمخواز بێت یا لە دەرەوەی ریفۆرمخوازەکان) بێتە نێو ململانێی هەڵبژاردن و پێشتر سەلاحیەتەکەی ڕەت دەکەنەوە.

**پ: دوای دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان، پێشبینی چی لەئێران دەکەی، پێتوایە دیسانەوە خۆپیشاندانی سەرتاسەري و قەیران ئێران دەگرێتەوە؟**

و: جارێ بۆ پێشبینی کردنی کاردانەوەی خەڵک بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئەم دەورەیە زووە. ئەگەر ململانێی هەڵبژاردن توند بێت و خەڵک کاندیدای دڵخوازی خۆیان لە نێوکاندیداکان دا بەدی بکەن و بە باشی بەشداربن لە دەنگداندا، دیسان ئەگەری ئەوە هەیە دەنگەکانی خەڵک بدزرێ و کەسێکی سەر بە خامنەیی و سوپای پاسداران وەک براوە ڕابگەیەننەوە کە بە دڵنیاییەوە، ئەوە نارەزایەتیی گەورەی لیدەکەویتەوە. بەڵام ئەگەر ململانێیەکە تەنیا لە نێو باڵە جۆراوجۆرەکانی نێو ئەو ڕێژیمە دابێت، بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا گەرموگور نابێت و هەر کاندیدایەکیش سەر بکەوێ یا وەک سەرکەوتوو بیناسێنن، کاردانەوەی ئەوتۆی خەلکی بە دواوە نابێت.

**پ: لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گوند و قەزا و ناحییە و شارەکانیش ئەنجام دەرێ، ئەرک و دەسەڵاتی ئەم ئەنجومەنانە چییە و گرنگییەکەی لە چیدایە؟**

و: دیارە هەڵبژاردنی شوورا یا ئەنجومەنەکانی شارودێ هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەستووری ئێراندا هەبووە بەلام هەتا نیوەراستەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی، پشتگوێ خرابوو. ئەو ئەنجومەنانە، ئەرک و دەسەلاتیان بەرتەسکە و زۆرتر لە رادەی دیاریکردنی شارەدار و دێهدار (بەڕێوەبەری دێ) دایە. لە بواری چۆنیەتیی جێبەجیکرانی پرۆژە و بەرنامەکانی تایبەت بە ئاوەدانکردنەوەی شار و گوندی خۆیان و هەروەها لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی شارو گوندەکانیان،دەتوانن پێشنیار و بڕیاریان هەبێت.

گرنگیی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانە لە چەند شت دایە. یەکەم ئەوە ملبەملە خۆجێی و ناوچەییەکان لە سۆنگەی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانەوە، خۆیان دەردەخەن و ڕەقابەت و ململانێی جۆراوجۆر دروست دەبن. دیارە هەم ڕێژیم هەوڵ دەدا بە پێی بەرژەوەندی خۆی، ئەو ململانێیانە ئاراستە بکا، هەم خەڵکیش تێدەکۆشن هێزی خۆیان نیشان بدەن و کەسانی دلخوازی خۆیان سەر بخەن.

دووهەم، لە گەل ئەوەی ئەرک و سەلاحیەتی ئەنجومەنەکان، زۆر کەمە بەلام لە هەر حاڵ دا ئەگەر ئەو دەرەتانە و ئەو سەنگەرەش، لە دەست مۆرە و بەکرێگیراوانی ڕێژیم دابێت، خەلک هیچی بۆ نامێنێتەوە و لە سەر هیچ شتێکی پێوەندیدار بە شار وگوندی خۆیان، ناتوانن بڕیار بدەن. بەڵام ئەگەر ئەنجومەنەکان سەربەخەلک بن و خەلک هەڵیانبژێرێت، دەتوانن ڕێگربن لەوەی دامودەزگاکانی سەربەڕێژیم، هەموو کاروباری شاروگوندەکان بەدڵی خۆیان و بە کەیفی خۆیان، بەڕێوە ببەن.

**پ: تا چەند کورد دەتوانێ سوود لەو ئەنجومەنانە وەربگرێت، بەتایبەتی لەڕووی خزمەتگوزاری و ئاوادانییەوە؟**

و: بەستراوەتەوە بەوە کە خەلکی کوردستان، چەند بە وشیاری و زیرەکییەوە بەرەورووی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان دەبنەوە . ئەگەر ململانێی خێڵەکی و لاوەکی لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و گشتی دا وەلا بنێن و هەوڵ بدەن کەسانێکی دلسۆز و نیشتمانپەروەر و خەڵکی، کە رابردووی تێوەگلان لە گەندەڵی و هاودەستی لە گەڵ دامودەزگاسەرکوتکەرەکانی ریژیمیان نییە، هەلبژێرن، دەتوانن ئەم مەیدانە و ئەم سەنگەرە بۆ خۆیان بپارێزن و بۆ باشتر بەرێوەبردن و بۆ پێشخستنی شاروگوندی خۆیان بە کاری بێنن.

---

درێژەی:

## پێشەوا قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێکۆتایی
## بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدەوە

لە ژێر ڕێبەرایەتیی قازی محەممەدی پێشەوادا بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستانو کۆماری کوردستان بوون بە مەکۆی لێککۆبوونەوەی چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستان، بوون بە رووگەی نیشتمانپەروەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و زۆر لەوان ڕوویان کردە مەهاباد، پێتەختی کۆمار.

قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێکۆتایی بوو. ئەو بە دامەزراندنی حیزبێک، کە ئاڵای دەستی ئەوی هەروا بە شەکاوەیی ڕاگرتوە، بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە پێشاندەری لێبڕاویی نەتەوەی کورد لە سەر ستاندنی مافی نەتەوەیی‌و ئازادژیانە، بە بیرو ئەندیشەو کردەوەکانی لە پێگەی یەکەم سەرکۆماری کوردستان‌دا، کاریگەریی قووڵی نەک هەر لەسەر سەردەمی خۆی، بەڵکوو لە سەر داهاتووی نەتەوەکەشی دانا.

بە وتەی دوکتور قاسملووی نەمر، «ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلەو مەقامێکی تایبەتی‌و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بنو لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەر چەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو. پێشەوا قازی محەممەد لە شارستانییەتو زانستی تازەو هەروەها لە وەزعو ڕووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو... لە زانستەکانی ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌دا دەستێکی باڵای هەبوو. لەگەڵ ئەوە کە ڕووناکبیرێکی پایەبەرز بوو، لە نێو خەڵکێکی ساویلکەو بەداخەوە بەشی زۆری نەخوێندەوار دەژیا، گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو، بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نزیک بوو، دەردو ئازارو هیواو ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشتبوو. پێشەوا قازی هەموو زانستو تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل تەرخان کردبوو... تێدەکۆشا کە ڕیزەکانی نێو خەڵکی کوردستان یەکگرتوو بکا.»

١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لە دایکبوونی کەسایەتیی گەورەی کوردستان قازی محەممەدە. پێشەوای حیزبی دیموکراتو یەکەم سەرکۆماری کوردستان لە ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ (١ی مای ١٩٠٠)دا لە دایک بووە. ئەو ڕۆژە بە بۆنەی ڕۆڵی گرنگی قازی محەممەد لە مێژووی نەتەوەکەی‌دا بایەخی خۆی هەیەو پێویستە بایەخی تایبەتیی پێبدرێ. با ١١ی بانەمەڕیش، وەک ٢ی ڕێبەندانو ١٠ی خاکەلێوەو ٢٥ی گەلاوێژ، ببێ بە بۆنەیەک بۆ ناسینی زیاتری پێشەواو ڕێبەرێک کە ناوو یادو ڕێگاو وتەو کردەوەکانی هەروا ئیلهامدەرو ڕێنوێنمانن.

ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، ڕۆژی هەڵاتنی خۆری هیوایە. بە پرشنگی ئەم خۆرە، ڕێگای خەبات بەرەو رزگاریمان، ڕووناک دەکەینەوە.

**سەرچاوەکان:**
**کتێبی «یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێیانی»**
**١- وتاری «خوێندنەوەیەکی مێژوویی فیکرو کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد» نووسینی: دوکتور یاسین سەردەشتی**
**٢- ڕوانگەو بۆچوونی کەسایەتیە جۆراوجۆرەکان لە سەر پێشەوا (دوکتور قاسملووی نەمر)**

**کوێستان فتووحی: لە ژێر سایەی حاکمییەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیدا، هیچ هیوایەک بە باشبوونی هەلومەرجی ژیانی توێژە چەوساوەکان بە تایبەتی ژنان نیە. هەر بۆیە تەنیا بەخەباتی بەرینی هەموو چینو توێژە چەوساوەو ستەملێکراوەکانو بە هێنانەسەرکاری سیستەمێکی سیاسیی دیموکرات، دادپەروەرو وڵامدەر، دەتوانین دوارۆژێکی باشتر بۆ ژنانو توێژە چەوساوەکانی دیکە دابین بکەین.**

**فەردین کەریمی: بۆ لە هەندێ مرۆڤدا هێزی ژیانو خۆشەویستی زۆرترەو لە هەندێکیشدا هێزی تووڕەییو مردن؟ ڕەنگە بۆشایی دەروونە دیکتاتۆرەکانو نەستە ئاڵۆزەکان بە خۆشەویستی دەرمان بکرێ، خۆشەویستی لە جۆری فرۆم (ئێریک فرۆم) کە دەڵێ: خۆشەویستی گەر تەنها لە نێوان دوو کەسدا بێ دەبێتە ماڵو کەرەستەی تاکە کەسی (مالکیت ) بەڵام ئەوە خۆشەویستییە کە لە خۆشەویستەکەتدا هەموو جیهانت خۆش بوێ.**



# کێشەی ژنانی کرێکار لە ژێر سێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا

کوێستان فتوحی

**لە مادده ی ٢٣ی بەیاننامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوە:**

**«هەر ئینسانێک مافی هەیە کە کاری هەبێو بە دڵخوازی خۆی هەلومەرجی کاریی بۆخۆی هەڵبژێرێو دەوڵەت دەبێ بەرامبەر بە بێکاری پشتگیریی بکا.**

**هەر ئینسانێک مافی خۆیەتی بەبێ هیچ هەڵاواردنێک بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەربگرێ».**

**لە مادده ٢٤ دا هاتوە:**

**«هەرئینسانێک پێویستیی بە حەسانەوەو کاتی دەستبەتاڵی هەیە، کاتی دیاریکراو بۆ کارو، مەرەخەسییە دەورەیییەکان دەبێ بە حوقووقەوە بێ.»**

ئاوڕدانەوە لە هەلومەرجی کارو ژیانی کرێکاران لە وڵاتی ئێراندا پێویستی بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی جیدیو ورد هەیە. لێرەدا تەنیا دەتوانم پێ لەسەر ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە دابگرم کە هەلومەرجی کارو ژیانی کرێکاران بە گشتی لە ئێراندا بەڕادەیەک دڵتەزێنو ئازاردەرە کە وشە ناتوانێ تەعبیر لە ژیانی جەهەننەمیی ئەوان بکا. لەم بابەتەدا ئاوڕێکی کورت لە هەلومەرجی ژنانی کرێکار لە ئێران دەدەینەوە.

ڕۆژی کرێکاران لە جیهاندا هەلێکە بۆ هێنانەبەرباسی کێشەو گیروگرفتەکانی کرێکارانو فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتەکان بۆ پێڕاگەیشتنیان. بەڵام لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ئاخوندەکاندا کرێکاران تەنانەت لەو ڕۆژەشدا کە کراوەتە ڕۆژی کرێکار، لەگەڵ سەرکوتو ئازاردانی حاکمییەتی ئێران بەرەوڕوون.

ژنانی کرێکار بەهۆی ڕوانینی کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی، بۆ ژنان کە ڕوانینێکی نائینسانی‌یە، لەژێر فشارێکی چەندقاتدانو بەردەوام مافەکانیان لە لایەن کۆمەڵگەو دەسەڵاتو خاوەنکارەوە، پێشێل دەکرێن. ژنانی کرێکار لە ئێران، زۆر زیاتر لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان، لە ژێر فشارو سەرکوتدان. ئاخر لە وڵاتێکدا کە ژن لە سەرەتاییترین مافە ئینسانی‌یەکانی بێبەشەو هیچ بنیاتو قانوونێک نیە پشتیوانیی لێبکا دەبێ کرێکاری ژن لە چ هەلومەرجێکدا بێ؟

کرێکار لە ئێران چەوساوەترین توێژی کۆمەڵگەیە. کرێکاری ژن جگە لەوەی وەک هەر کرێکارێکی دیکە دەچەوسێتەوە، بە هۆی ژنبوونیشیەوە، چەندقات دەچەوسێتەوە. لە هەڵبژاردنی کاردا بەناڕەوا دەکەوێتە بەر هەڵاواردن، حوقووقی ئەو بە نیسبەت پیاوی کرێکار هەمیشە کەمترەو زۆر جاریش لە کاتی قەیرانو بێکاربوونی کرێکاراندا ژنانی کرێکار لە پێش پیاوانی کرێکاردا لەسەر کارەکانیان وەلادەنرێن. واتە ریسکی لەدەستدانی کار بۆ کرێکاری ژن لە چاو کرێکاری پیاو زۆر زیاترە.

کرێکاری ژن لە ئێران دوای چەندین سەعات کارو ماندووبوون تازە کە گەڕاشەوە ماڵەوە کاری دووهەمی دەست پێدەکا، کارەکانی ماڵێش لە چێشتلێنان، جلشۆردنو ڕاگەیشتن بە منداڵەوە بگرە تا دەگاتە خزمەت بە پیاوانی بنەماڵە! هێزو توانا کاتێکی زۆری ئەم مرۆڤە بۆخۆی تەرخان دەکا. ئەوە لەحاڵێکدایە کە ئەو کارانە حیسابی کاریان بۆ ناکرێ. چونکە بە پێی دابونەریتی پیاوسالاری، کاری ماڵ، ئەرکی سەرەکیو پیرۆز!ی ژنە. دیارە کەم پیاویش هەیە دوای کاری دەرەوە لە کارەکانی ماڵدا هاوکاریی شەریکی ژیانەکەی بکا. بۆیە ژنانی کرێکار دەبێ هەم لە بازاڕی کاردا خۆیان ماندووتر بکەن بۆئەوەی لێیان ڕازی بن، هەم لەماڵەوە ناچارن لە جیاتی حەسانەوە، ئەوەندەی دیکە ماندوو بن. لە ئاکامدا ئەو ئینسانە ئەگەر زۆریش بەهێز بێ بڕستی لێدەبڕێو زۆر جار تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆر دەبێو بەناچار واز لە کاری دەرەوە دێنێ. لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە بزووتنەوە کرێکاری‌یەکان لە ئاست ئەو هەموو زوڵمەی بەرانبەر بە ژنانی کرێکار دەکرێ، بێتەفاوەتنو لای ئەوانیش هەر وابزانە کرێکار یانی پیاو! نانهێنەری بنەماڵە یانی پیاو!

## بێکاری لەنێو ژناندا

سەرەڕای ئەو هەموو هەڵاواردنو ناعەدالەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەی لە دژی ژنان لە کۆمەڵگەدا هەیە، دیسانیش توانیویانە لە زانکۆو خوێندنگەکان، ئەگەر ڕێژەیان لە پیاوان زیاتر نەبێ کەمتر نەبێ. هەر بەپێی ئامارەکانی دەوڵەت ٦٣ لەسەدی خوێندکاران لە زانکۆکان کچان پێکی دێنن. بەشێکی زۆر لە ژنان بە سەرنجدان بە توانایی زانستی، فێربوونو شارەزایی‌یەک کە هەیانە،و هەروەها بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ئابووریو ژیانی ئەمڕۆیی، بەدوای کاردا دەگەڕێن، بەڵام دیسانیش شانسێکی ئەوتۆیان لە وەرگیران لە بازاڕی کاری ئێراندا نیە. ئامارەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بێکاری لە نێو ژنانێک کە بەدوای کاردا دەگەڕێن دوو بەرابەری پیاوانە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی لە دەورانی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نەژاد دا، بە شێوەیەکی ئامانجدارو سیستماتیک سیاسەتی دوورخستنەی ژنانی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا بردۆتە پێش، کە ئەمەش وردەوردە دوورکەوتنەوەی ژنان لە بازاڕی کاریشی لێکەوتۆتەوە. لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەی دەسەڵاتدارانی ئێراندا، دەتوانین ئیشارە بە بەڕێوەبردنی گەڵاڵەیەک بکەین کە قەرار بوو بە شێوەیەکی خۆویستانە لە بارەی کارمەندانی ژن لە ئیدارەکان دا بەڕێوە بچێ، کەچی ئەم بڕیارە بوو بە قانوون وئیجباری کرا. لە درێژەی سیاسەتی خانەنشینکردنی ژنان بە ناوی ڕاگەیشتن بە ئەرکی هاوسەریو دایکایەتی، مریەم موجتەهیدزادە، ڕاوێژکاری ئەحمەدی‌نەژادو بەرپرسی ناوەندی کاروباری خانمان، گەڵاڵەیەکی بۆ هەیئەتی دەوڵەت ئامادە کردبوو کە لەوێشدا بە پێی ئەو گەڵاڵەیە مەرەخەسیی منداڵبوون لە ٦ مانگەوە کرابووە ٩ مانگو سەعاتی شیردان لە یەک سەعاتەوە بۆ دوو سەعات، هەروەها لەو گەڵاڵەیەدا هاتبوو کە ژنان دەتوانن دوای مەرەخەسی منداڵبوونیش ٣ ساڵی دیکە لە مەرەخەسی بێحوقووق کەڵک وەرگرن. بە سەرنجدان بەم



تەرحو بەرنامانەی دەوڵەت، جگە لەوەی بنەماڵە هاندەدرێ بۆ منداڵزۆرکردنو دوورکەوتنەوەی ژنان لە بازاڕی کار، ئیدارەو کارفەرماکانیش بەمشێوەیە مەیلی ئەوەیان نابێ کە ژن دامەزرێنن.

مەسەلەیەک کە نابێ چاوپۆشیی لێبکرێ ئەوەیە کە کەلتووری زاڵ بە سەر کۆمەڵگەی ئێراندا کەلتوورێکی پیاوسالارانەیە. هەربۆیە لەو کەلتوورەدا ژنان ناتوانن بە ئاسانی لە بازاڕی کاردا، دەرکەونو هەلەکانی کار بقۆزنەوە. ئێستاش زۆربەی ئەو ئیمتیازانەی تایبەتن بە کەسێکی کە خوازیاری کارە، وەبەر پیاو دەکەون. یانی ئەگەر ژنێکو پیاوێک بە تایبەتمەندیی وەک یەکەوە بچن لە شیرکەتێک یان کارخانەیەک داوای کار بکەن، ئەوە پیاوەکەیە لە پێشدا شانسی وەرگیرانی هەیە. یان کاتێک ژنێک لە شیرکەتێک یان ئیدارەیەک کار دەکاو لەگەڵ پیاوێک کە هەر وەک ئەو لەو شوێنە کاردەکاو هەلومەرجەکەیان وەک یەکە، بۆ نموونە هەردووکیان سەعاتی کارەکەیانو بەرپرسایەتی‌یەکەیان وەک یەکە، ئەو دوو ئینسانە وەک یەک حیسابیان بۆ ناکرێو حوقووقی وەک یەکیان نیە. دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوانگەیەی لە کۆمەڵگەدا زاڵە، ڕوانگەی بەلاواززانینی ژن. هەروەها دەوڵەتیش ئەو نابەرابەری‌یەی بە مادده قانوونی‌یەکانی پەرەپێداوە.

لە پێوەندی لەگەڵ حوقووقی کرێکاری ژنو کرێکاری پیاودا، هەڵاواردن دیاردەیەکی جیهانی‌یەو تایبەت نیە بە وڵاتێک یان چەند وڵاتەوە. تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووشدا حوقووقی ژنێکی کرێکار، ٧٠ لە سەدی حوقووقی پیاوێکی کرێکارە. بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوودا ئەم مەسەلەیە زۆر خراپترەو جگە لەوەی کرێکارێکی ژن لە بەرابەر کاری وەک یەکدا نیوەی حقووقی کرێکارێکی پیاو وەردەگرێ ، زۆر زیاتر لەوەش بەهۆی ئەو ڕوانینە پیاوسالارانەیەوە کە زاڵە، مافەکانی پێشێل دەکرێن.

یەکێکی دیکە لە کێشەکان ئەوەیە کرێکارانی ژن لە ئێران زۆرتر لەو کارگایانەدا خەریکی کارن، کە جگە لەوەی مەرجەکانی تەندروستی‌یان بۆ کرێکار تێدا نیە، هیچ چاوەدێری‌یەکی قانوونییشیان بەسەرەوە نیە. بۆیە لەو شوێنانە هەمیشە سەرەتاییترین مافی کرێکارێک پێشێل دەکرێ، کە سەعاتی کارو حەقدەستی دیاریکراوە، بیمەی دەرمانیو پەککەوتەیی، بەتایبەتی کرێکاری ژن لە مەرخەسیی منداڵبوون، لە شوێنێک بۆ حەوانەوەی منداڵەکانیان (مهد کودک) بێبەشن و زۆر جار ١٠ تا ١٢ سەعاتیش کاردەکەنو سەرەڕای هەموو ئەوانە زۆر جار لەلایەن خاوەنکارەوە دەکەونە بەر ڕەفتاری توندوتیژو پڕ لە سووکایەتی بەبێ ئەوەی یاسایەک هەبێ بۆ پشتیوانیلێکردنیان.

هەر لایەنێکی ژیانی ژن لە ئێران چاو لێبکەین، پڕە لە ناعەدالەتیو لە پێشێلکردنی مافە ئینسانی‌یەکانی. لە ژێر سایەی حاکمییەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی‌دا، هیچ هیوایەک بە باشبوونی هەلومەرجی ژیانی توێژە چەوساوەکان بە تایبەتی ژنان نیە. هەر بۆیە تەنیا بەخەباتی بەرینی هەموو چینو توێژە چەوساوەو ستەملێکراوەکانو بە هێنانەسەرکاری سیستەمێکی سیاسیی دیموکرات، دادپەروەرو وڵامدەر، دەتوانین دوارۆژێکی باشتر بۆ ژنانو توێژە چەوساوەکانی دیکە دابین بکەین.



# چێژی مردن یان کوشتن؟

## بە بیانووی مەرگی ناوەختی شەهید عوسمان مەولوودی

فەردین کەریمی

دەڵێن هەر کەس گیانی مرۆڤێک لە مردن ڕزگار بکا وەک ئەوەیە هەموو مرۆڤایەتیی ڕزگار کردبێ. ڕەنگە پێچەوانەکەشی دروست بێ یانی ئەگەر مرۆڤێک مرۆڤێکی دیکە بکوژێ وەک ئەوەیە کە هەموو مرۆڤایەتیی کوشتبێ . لە هەر دوو بارەکەدا بایەخو نرخی ئینسان بە گشتی دەردەکەوێ کە لە نێوچوونی مرۆڤێک چ بەڵایەک بە سەر مرۆڤایەتیدا دێنێو ڕزگارکردنی مرۆڤێکیش چەندە گرنگە. ئەگەرچی ڕۆژانە دەبینینو دەبیستین کە لێرەو لەوێ لە ئاکامی شەڕێک، تەقینەوەیەک، یان هێرشێکی تێرۆریستیدا، کەس یان کەسانێک دەکوژرێنو بریندار دەبن. هەر لەم ڕۆژانەدا لە کەرکووکو حەویجە سەدان کەس کوژران. ئیدی باسی سووریەو شوێنەکانی دیکە با بمێنێ. بەڕاستی ئایا گوێی ئێمە بە خەبەری مردن ڕاهاتوە یان کوشتن وەک خۆی وایەو کارەساتێکە بە قووڵایی ڕووحی گشت مرۆڤەکانی دونیا؟ دیارە هەر لە سەرەتای پێکهاتنی مرۆڤی عاقڵ بەم لاوە فیلسووفەکانو پسپۆرانی دونیای زانستە جۆراوجۆرەکانو بە گشتی هەر تاکێک بۆ خۆی بیریان لە مردن کردۆتەوە. (ئەڵبەت مەکتەبە ئاسمانی‌یەکان لە دەرەوەی ئەم بازنەیە دەبن چونکە بیروڕای ئەوان دیارە، ئەگەرچی بە ڕای ئەوانیش هێشتا مردن بە تەواوەتی مانای دیار نیە). هەزاران کتێبو خەتی جیاوازی هزری هەیە کە باسیان لە مردن کردوە، بەڵام ئێستاش پێناسەیەکی ڕوون لە سەر ئەم بابەتە دیار نیە. ڕەنگە باشترین وەڵام بۆ مردن مامۆستا هەژار لە زمانی خەییامەوە دابێتیەوە کە دەڵێ: «مردن چیە کەس تێنەگەیی تا ئێستا ..... تەورات و زەبوور تا دەگەیە ئاوێستا». بەڵام دەروونناسەکان هەڵوێستێکی جیاوازیان لەسەر مردن هەیە . ئەگەر بڵێین مردن لە خۆیدا هەڵگری جۆرێک چێژوەرگرتنە، نێوەڕۆکی بابەتەکە تا ڕادەیەک دەر دەکەوێ. سیکمۆند فرۆید وەک بیرمەندێکی ئاشنای دونیای دەروونناسی دەڵێ مرۆڤ لە زاتی خۆیدا چێژ لە مردنو کوژران وەردەگرێو حەزێکی قووڵی بە نیسبەت ئازاردانو لە هەندێ جێگاشدا ئازارچێشتن هەیە. بە ڕای ئەو غەریزەکان بەشی سەرەکیی کەسایەتین کە بریتین لە هێزو تواناگەلێک کە ڕەفتار کاناڵیزە دەکەنو هێندێ بزوێنەری دەروونین وەک برسیەتیو تینوویەتیو هتد.

غەریزەکان دەبنە دوو دەستە: ١ئێرۆس (eros) (ژیانو حەزی سێکسی بە مانا گشتی‌یەکەی) ٢ تاناتووس (thnatos) (مردنو تووڕەیی). ئەو هێزە دەروونی‌یە کە ئێرۆس یان غەریزەی ژیان دەردەخا لیبیدۆ (libido) یەو یەکێ لە فاکتۆرە بنەڕەتی‌یەکانی غەریزەی مردنیش تووڕەیی‌یە . ئەم دوو هێزە یان دوو غەریزەیە لە خەیاڵو حەزو خولیاکانو لە بیرکردنەوەدا خۆیان دەردەخەن. بەڵام بە شێوازی ڕاستەوخۆ لە هەڵسوکەوتدا خۆیان نیشان دەدەن. مرۆڤ بە گشتی دامرکانەوەی (ارضا) دەسبەجێی ئەم دوو حەزو خولیایە (سێکسو تووڕەیی)ی دەوێ. بە واتایەک کاتێ کەسێ تووڕە بوو یان لە لایەنی سێکسەوە سەرکوت کرا، لە دەروونی‌یەوە هان دەدرێ کە هەر ئێستا ئەم خولیایە بە ئەنجام بگەیەنێ. بەڵام ئەم دەستوورە بۆ هەڵوەشانی چوارچێوەی بنەماڵەو کۆمەڵگا نابێ دەسبەجێ جێبەجێ بکرێ. بۆئەمەش دەبێ هێندێ لەمپەر هەبێ بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی ئەو کارە. ئەمەش لە ڕێگای میکانیزم (defens mechanism) ە بەرگری‌یەکان یان کۆنترۆڵە دەروونی‌یەکانەوە دەکرێ، هەرکات ئەم بەربەستانە لە نێو بچن شارستانیەتو کۆمەڵگای بەشەری دەبێتە جەنگەڵێکی پڕ لە ئاژەڵی دڕندە. بۆ نموونە کاتێ کەسێک لە چێشتخانەیەک نزیک دەبێتەوەو بۆنی چێشتێکی خۆش دەکا، حەز دەکا بە زووترین کات لێی بخوا، بەڵام ئەو میکانیزمە بەرگرانە خولیاکەی کاناڵیزە دەکەنو دەینێرن بۆ کاناڵێک کە کۆمەڵگا پێی ڕەوایە. میکانیزمەکان زۆرن لەوانە سەرکوتکردن، پرۆجێکشنو....

بەڵام لێرە باس لە سەر مردن بوو. فرۆید دەڵێ: «مرۆڤ لە خۆیدا حەزێکی شاردراوەی بۆ مردن هەیە « . دیارە لە بەشێکی دیکەی تێوری‌یەکەیدا (بەگشتی تێۆری‌یەکەی فرۆید لە شەش ڕوانگەوە جێگای سەرنجە کە ئەوەی پێوەندیی بەم بابەتەوە هەبێ باس دەکرێ) کەسایەتی دابەش دەکات بە ٣ بەش: هەست،نیوە هەست، نەست. هەست بە گشت ئەزموونو سۆزێک دەڵێن کە لە کاتێکی دیاریکراودا یان باشترە بڵێین لە یەک ساتدا لێی ئاگادارین .نیوە هەست لە نێوانی ئەم دوو بەشەدا جێ دەگرێ . بەڵام باسی سەرەکی لە سەر نەستە چون بەشی هەرە زۆری کەسایەتی لەخۆ دەگرێ . فرۆید کەسایەتی بە کێوێکی سەهۆڵی نێو ئۆقیانووسێک دەشوبهێنێ کە بەشی زۆری کێوەکە لە نێو ئاودایەو دەبێتە نەست . ئەم بەشە لە کەسایەتی (نەست) کانگای لیبیدۆو تووڕەییو گشت ئاواتو حەزو تاسە خنکێندراوەکانن . لە هەندێ مرۆڤدا بە پێی پەروەردەو کەلتووری نێو کۆمەڵگایەک کە تێیدا دەژیو تایبەتمەندی‌یە تاکەکەسی‌یەکانی خۆی، حەزو داخوازی بۆ ژیانو چێژوەرگردن لە دونیا زۆرترەو لە هەندێکی دیکەشدا مردنو کوشتنو لە نێوبردن قانوونی نێو دونیای نەستیەتی. ئەم دەستەیە ئیشو کێشەکانی خۆیان لە ڕێگاکانی دیکەی جیا لە دیالۆگو وتووێژەوە چارەسەر دەکەنو تووڕەییو دەمارگرژی زمانی خۆشی ئەوانەو دەتوانین بڵێین نەستێکی ئاڵۆزو پڕ کێشەو چەرمەسەری‌یان هەیەو هەر چەندیش ڕێژەیان زۆر بێ، بەو ڕێژەیەش کۆمەڵگا خەساری هەڵەو تاوانەکانیان دەدا.

وتەی ئاخر: بۆ لە هەندێ مرۆڤدا هێزی ژیانو خۆشەویستی زۆرترەو لە هەندێکیشدا هێزی تووڕەییو مردن؟ ڕەنگە بۆشایی دەروونە دیکتاتۆرەکانو نەستە ئاڵۆزەکان بە خۆشەویستی دەرمان بکرێ، خۆشەویستی لە جۆری فرۆم (ئێریک فرۆم) کە دەڵێ: خۆشەویستی گەر تەنها لە نێوان دوو کەسدا بێ دەبێتە ماڵو کەرەستەی تاکە کەسی (مالکیت ) بەڵام ئەوە خۆشەویستی‌یە کە لە خۆشەویستەکەتدا هەموو جیهانت خۆش بوێ.

**عومەر باڵەکی: دادوەری مەریوان لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی کوردستاندا بە هەڵە چووە. چونکە هەم فەرهەنگو هەم مێژووی نووسراوی کورد کە بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆری بە دەستی بێگانەکان نووسراوە زۆر بە حورمەتو شایستەوە باس لە ژنی کوردو جێگەوپێگەی لە نێو کۆمەڵدا دەکەن**

**تەها رەحیمی: دەبێ هەموومان لەمجۆرە حەرەکەتانەی دوژمنان ئەوپەڕی کەڵک وەرگرینو لەم نێوەشدا تەنیا تاوانەکەی، بە کەسی بەرانبەر نەبینینو هەوڵ بدەین ماک و ڕیشەکانی ئەم کردارە ناشیرینانە لە کەلتووری خۆماندا وشک کەین، تا چرۆیەکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵگەماندا بپشکوێ کە مزگێنی داهاتوویەکی روونمان بێ.**

# به بیانووی حوکمی دادوەری مەریوان و پێگەی ژن



**عومەر باڵەکی**

ماوەیەک لەوە پێش لە شاری مەریوان تۆمەتبارێک لە لایەن دادگای ئەو شارەوە بە پۆشینی جلی کوردیی ژنانو گێڕانی بە نێو شار دا مەحکووم کراو لە لایەن هێزی بە ناو ئینتزامیی ئەو شارە حوکمەکە ئیجرا کراو ئیجراکردنی ئەو حوکمە بەو شێوەیە ئیعترازو نارەزایەتیی ژنانی مەریوانی لێکەوتەوەو لە ماوەی چەند ڕۆژدا ناڕەزایەتی بەو حوکمە شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستانو تەنانەت دەرەوەی کوردستانی گرتەوەو داکۆکیکارانی مافی ژنان بە وەڕێخستنی کەمپەینی ئیعترازی پشتگیریyan لە ژنانی مەریوان کرد.

لەو نووسینەدا ناچینە سەر ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە کە ئایا ئەو کەسە کە سزا دراوە بە پۆشینی جلی ژنان تاوانبارە یان نا؟ ئەوەی لەو بابەتەدا جێگای سەرنجو تێڕامانە ئەو حوکمەیە کە لە لایەن دادوەری دادگای مەریوانەوە دەرچووەولە لایەن هێزی بەناو ئینتزامی شاری مەریوانەوە ئیجرا کراوەو تاوانباریان بە جلی ژنانەوە بە سواری ماشێن بە نێو شاردا خولاندۆتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین لە چەند لایەنی کۆمەڵایەتیو یاسایییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو حوکمە بکەین. بەڵام پێویستە لە پێشدا ئیشارە بە خاڵێکی گرنگ بکەین کە بزانین سزا بۆچی دیاری کراوەو ئەو سزایە کە دادوەری شاری مەریوان بۆ ئەو تاوانبارەی دیاری کردوە دەچێتە خانەی ئەو پێناسانەی کە لە بواری یاساییدا لە سزا کراوە.

سزا بە پێناسەیەکی کورت: «قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەیە کە بە هۆی تاوانێکەوە لە بەرژەوندیی کۆمەڵگا یان تاکێک کەوتوەو نەزمی نێو کۆمەڵگەی تێکداوەو لە ڕێگای سزادانی تاوانبارەوە هاوسەنگی لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێتەوە» یان بەواتایەکی دیکە بە سزادانی تاوانبارهەم قەرەبووی ماددیو مەعنەویی تاوان لێکراوەکە بکرێتەوەو هەم دەرسێک بێ بۆ کەسانی دیکە کە تاوانی لەو چەشنە ئەنجام نەدەن دەنا تووشی لێپێچانەوەی قانوونی دەبنو سزا دەدرێن.

لە ژێر ڕووناکایی ئەو پێناسەیەدا کە لە سزا کراو ئەو حوکمەی داوەری شاری مەریوان وەک سزا بەسەر تاوانباردا سەپاندوویەتی، دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا ئەو سزایە قەرەبووی ئەو زیانەی کردۆتەوە کە بەهۆی تاوانی تاوانکار لە کۆمەڵگا بە گشتی یان تاک بە تایبەتی کەوتوە؟

ئایا لە برگە قانوونییەکانی سزادانی گشتی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە کە جلوبەرگی ژنان وەک سزایەک دەبەر پیاوان بکرێو یان بە پێچەوانەوە جلوبەرگی پیاوان وەک سزا لەبەر ژنان بکرێ؟ وەڵامی هەر دوو پرسیار بە دڵنیاییەوە ئەوەیە کە لە هیچ برگەیەکی سزادانی کۆماری ئیسلامیدا سزای لەو بابەتە نابینرێو ئەو سزایە نەیتوانیوە ئەو هاوسەنگییەک لە کۆمەڵگەدا دروست بکاتەوە کە بە هۆی تاوانی، تاوانکار تێک چووە. لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە ئەی چۆنە دادوەری شاری مەریوان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە حوکمی لەو شێوەیە بەسەر تاوانباردا بسەپێنێ؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەگەر لە هیچ برگەیەکی سزادانی گشتیی ئێراندا ئیشارە بە سزای لەو چەشنە نەکراوە، بەڵام نابێ شکو گومانمان هەبێ کە دەرکردنی حوکمی لەو بابەتەو بەکارهێنانی جلوبەرگی ژنان وەک کەرەسەی سزا لە بیروئەندێشەی کۆماری ئیسلامی لەبارەی ژنانەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەر ئەوەندە بەسە کە چاوێک بە ماددەو برگەکانی «قانون مجازات اسلامی»دا بگێڕین، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە نزیک بە تەواوی ئەو برگەو ماددە قانوونییانەی کە لەو قانوونەدا هاتوون جێگەو پێگەی ژن لە پلەی دووهەمو بە دوای پیاودا دانراوە. واتە کاتێک ژن دەبێتە لایەنێکی داوایەکی قانوونی لە مافو حەقدا نیوەی پیاوی پێدەدرێ، تەنانەت ئەگەر پیاوەکە تاوانباری دەرەکییش بێ. بۆ نموونە:

ماددە ٢٠٩: لە «قانون مجازات اسلامی» لە بەشی «قصاص»دا دەڵێ:

«هەر کاتێک پیاوێکی موسڵمان ژنێکی موسڵمان بکوژێ مەحکووم بە قەساس دەبێ، بەڵام دەبێ کەسوکاری ژنە کوژراوەکە پێش لە بەڕێوەچوونی قەساسی بکوژ، نیوەی خوێنبایی بدەن بە پیاوە قاتڵەکە».

ماددە ٢٥٨: «هەر کاتێک پیاوێک ژنێکی کوشت «خوێنگر» مافی قەساسی بکوژی هەیە بە دانی نیوەی «خوێنبایی» بە قاتڵو هەرلەوکاتەدا قاتڵ دەتوانێ بەڕادەی کەمتر یان زیاتری «خوێنبایی» لەگەڵیان پێک بێ.

ماددە ٤٨٧: خوێنبایی لەبەربردنی کۆرپەڵە «دیە سقط جنین» لە خاڵی ٦ی ئەو ماددەیە دا دەڵێ: «ئەو کۆرپەڵەیە کە لە منداڵدانی دایکدا ڕووحی وەبەرهاتوە ئەگەر کوڕ بێ خوێنبایی تەواو وەردەگرێو ئەگەر کچ بێ نیوەی خوێنبایی کوڕەکە وەردەگرێ...»

لێرەدا تەنیا بە هێنانەوەی ئەو چەند بڕگەیە لە قانوونی «مجازات اسلامی» بەس دەکەینو



پێویستە هەڵوێستەیەک لە سەر تێڕوانینی قانووندانەرو بەڕێوەبەرو حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ژنو جێگەو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا بکەین. ئەگەر چاوێکی خێرا بە سەر ئەو سێ بڕگە قانوونییەدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێ کە ژن لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا مرۆڤی پلە دوویەو تەنانەت لە هێندێک بواری خاوەنداریەتیی ماف لە قانووندا وەک کوێلە چاوی لێدەکرێو پیاو لە هەموو بوارێکدا بە ئەرشەدو خاوەنی ژن دیاری کراوەو ئەو کاتەش کە پیاو ژن دەکوژێو گیانی لێدەستێنێ، پیاوەکە لە بەرامبەر مەحکەمەو قانووندا ڕێپێدراوە کە نیوەی خوێنبایی لە کەسوکاری ژنەکە وەربگرێ جا ئەو کات سزای بۆ دیاری بکرێ لە حاڵێکدا ژنو پیاو وەک مرۆڤ لە سروشتداو بە پێی ئایینە ئاسمانییەکانیش مافی وەک یەکی ژیانیان هەیەو هیچیان مافی ئەوەیان نیە گیان لەوی دیکە بستێنێ. بەڵام قانووندانەری کۆماری ئیسلامی لە ئاست ئەو ڕاستییە سروشتییە خۆی گێل دەکاو تەنانەت بە دانانی جیاوازی حوکم لە سەر ئەو کۆرپەڵەیەش دەدا کە هێشتا نەهاتۆتە سەر دنیاو هەست بە بوونی خۆی لە باری جسمیو جنسییەوە ناکاو تەنانەت کۆرپەڵەکە خۆی لە دیاریکردنی جنسی خۆیدا هیچ دەسەڵاتێکی نیە هەتا لە دواییدا قانوونە دەستکردەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانو هاوشێوەی ئەو جۆرە دەسەڵاتە بەسەریدا بسەپێو ملکەچیان بێ.

هەر ئەو ڕوانگەیەی کۆماری ئیسلامییە کە دادوەری شاری مەریوانی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە پێگەی ژن لە پێگەی پیاو نزمترەو تاوانباری پیاو بەو پێگە نزمە سزا دەدا لە حاڵێکدا دادوەر بە تەواوی لە هەڵەدایە، ڕەنگە ئەو ڕوانگەیەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژن لە هێندیک ناوچەی ئێراندا بەستێنی خۆی هەبێ بەڵام جێگەو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە زۆر لایەنەوە جیاوازیی لەگەڵ ناوچەکانیدیکەی ئێرانو وڵاتانی دەوروبەری هەیە. هەر بۆیە دادوەری مەریوان لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی کوردستاندا بە هەڵە چووە. چونکە هەم فەرهەنگو هەم مێژووی نووسراوی کورد کە بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆری بە دەستی بێگانەکان نووسراوە زۆر بە حورمەتو شایستەوە باس لە ژنی کوردو جێگەوپێگەی لە نێو کۆمەڵدا دەکەن.

ئەوەتا مینۆرسکی لە کتێبی «کوردو تێبینیو وردبوونەوە« لە لاپەرەی ١٥٩ چاپی کوردیدا بەو شێوەیە باس لە ئازادیی ژنی کورد دەکا. «ئافرەتیان بێپەچەن، بە ئازاییو بە بێ شەرمکردن لە نێو کۆڕو کۆمەڵدا دادەنیشنو زۆر جاریش لە گفتوگۆدا هاوبەشیی پیاوان دەکەن...».

لە لاپەرەی ١٦٢ی ئەو کتێبەدا مینۆرسکی لەبارەی کەسایەتیی ژنانەوە ئاوا دەنوسێ: «گومانی تێدا نیە کە ئافرەت لە نێو کوردەکاندا شەخسییەتی هەیە، هیچ سەیریش نیە ئەگەر ببینین ناویان بخرێتە سەر ناوی کوڕەکانیان...»

ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە کە لە زمانی مینۆرسکییەوە باسمان کردن کە مێژووی نووسینیان بۆ ١٠٠ ساڵ پێش دەگەڕێتەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ژن جێگەوپێگەی خۆی هەبووەو هەیەو هەرلەو کاتەدا بەو ڕادەیە کە ژن حورمەتی هەبووە جلوبەرگو هەموو ئەو شتانەی تایبەت بەو بوونو هەن جێگای ڕێزو حورمەتنو هەموو ئەوانە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا ژنبوون نەک کەمایەسی نیە بەڵکوو بەڕادەی پیاوبوون شانازیخوڵقێنەو دەبێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتبێ کە بێحورمەتیکردن بە جلی کوردیی ژنان یان هەر کەرەسەیەکی دیکە کە مۆرکی نەتەوەیی کوردی پێوە بێ ناتوانرێ بە سووکو سانا چاوپۆشیی لێبکرێ.

**سەرچاوە:**

**قانون مجازات اسلامی چاپ ٨٩**

**کتێبی کورد نووسینی مینۆرسکی ١٩١٤**

# زمان ڕەنگدانەوەی هزرە

## لە پەراوێزی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی کۆمەڵگەی کوردستان بە سووکایەتیکردن بە ژن



**تەها رەحیمی**

لەم ماوەیەی پێشوودا، لە حەرەکەتێکی چاوەڕواننەکراودا، دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری مەریوان تاوانبارێکیان بە جلوبەرگی ژنانەوە بە نێو شاریدا گێڕا. ڕووداوێک کە بووە هۆی خرۆشانو وەجووڵەکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی هەم لە نێوخۆی وڵاتو، بەشێوەیەکی بەربەرینتر لە دەرەوەی وڵات. دنیای مەجازیو تۆڕی ئینتێرنێت کە ئەمڕۆکە ئامرازو کەرەسەیەکی گونجاوی بەهێزن بۆ گەیاندنی هەواڵو گواستنەوەی ڕووداوو چالاکیو بیروڕاکان، لەم نێوەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا، بەدوای ئەم حەرەکەتە دزێوو ناحەزەی ڕێژیمدا کۆمەڵێک چالاکیو شەپۆلێک ناڕەزایەتی سەری هەڵدا، کە زیاتر حاڵەتی غەمخۆریو ڕەنگوڕووی سیمبۆلیکی پێوە دیار بوو.

ئەم حەرەکەتەی ڕێژیم بوو بە بیانوویەک بۆ ڕێکخراوو ڕەوتە جۆراوجۆرەکانو کەسایەتیو کەسە چالاکەکان تا خۆ بنوێننو ڕێژیمی پێ تووشی کێشە بکەن، کە حەق وایە گەلی کوردو بزووتنەوەکەی بە گشتی زیاتر کەڵک لەو جۆرە کارە ناجومێرانانەی ڕێژیم وەربگرنو دەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ بدەن بە ڕوونیو وردیو دروستی خوێندنەوەیان بۆی هەبێو لەم لایەشەوە شەنوکەوی کارەساتەکان بکەن.

مەسەلەیەک کە نووسەر لەم کورتە نووسینەدا دەیەوێ بیخاتە بەرباس؛ نەک حەرەکەتەکەی ڕێژیم – کە ئەمە تەنیا سووکایەتی نیە دەرحەق گەلی کورد، بۆ زیاتر شکاندنو بچووککردنەوەی کەسایەتیی تاکەکانی _ بەڵکوو هەوڵ دەدرێ ڕێزو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا بزانرێ. هەموو کردەوەو چالاکییەکی مرۆڤ بەندە بە هزرو بیریەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیش بە بیرو هزر نەزانی چبکەیو چبڕیارێک بدەی، ناتوانی بنەڕەتیترین پێداویستیی ژیانت دابین بکەی، بۆیە هەموو ئاکارو کردارو بەتایبەت ئاخاوتنی مرۆڤ دەربڕێ هزرو چۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئەون. مەبەست ئەوەیە مرۆڤ کاتێک دەدوێ، لە جۆری دوانیدا چۆنیەتیی بیر کردنەوەو ڕوانگەکانی سەبارەت بە دیاردەکانی دەوروبەری تا ڕادەیەکی زۆر دەردەکەوێ. کەواتە بەم پێیە دەتوانین بڵێین بیرو هزر سەرچاوەی ڕوانگەو کارو کردارو چالاکییەکانی مرۆڤنو، مرۆڤ ئەم جۆرە دەدوێ کە بیر دەکاتەوەو، ئاستی ئاخافتنی مرۆڤ پێوەندە بە بیریەوەو بە پێچەوانەش.

ئەدەبیاتو گوتاری کووچەو کۆڵانی کوردی تانەو تەشەری ناخی ئەم کۆمەڵگەیە پڕ لە شکاندنو بەکەم گرتنی ژنە، هەر بۆیە دەبێ فاکتەرو ڕیشەکانی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی ڕێژیم، لە کەلێنو قوژبنی کۆمەڵگەی خۆمانو بیروبۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵگەکەماندا بدۆزینەوە. دیارە خەسارناسیی ئەم نەخۆشییە هزرییەی بەشی پیاوی کۆمەڵگەی کوردی بە چەند دێڕێکو کەسێکی ئاسایی ناکرێو، ئەم کارە پێویستە لە لایەن کەسانی پسپۆڕ لە بواری کۆمەڵناسی مێژوو....... توێژینەوەی زانستیو قووڵو بنەڕەتیی بۆ بکرێو توخمو ڕووداوە پێکهێنەرەکانی ئەم چەشنە ڕوانینە ڕوون بکرێتەوەو، هەوڵی سڕینەوەو شکاندنی نەریتە سووکایەتیپێکەرەکانی بدرێ کە نیوەی کۆمەڵگەی خەساندوەو، وەک پێویست گرنگیی پێ نەداوە. دەستەواژەو قسەی ڕەقی «دەرپێی ژنانت لەبەر دەکەم، ژنانیلە، ژنانیلکە، لەشکەرێک سەرکردەی ژن بێ شکست دێنێ، لەژن کەمتر، سەگ بە ژن ناوەڕێو .......». لێرەوەیە کە دەڵێم باش بوو کۆماری ئیسلامی زۆر بەوردی ئەم تانەو تەشەرانەی نەخوێندبۆوە ئەگینا بێجگەلە لێچکە، خوای نەخواستە.........!

کۆمەڵگەیەکی وێران کە بەردەوامیش لە لایەن دوژمنە بێ ئەژمارەکان _ لە ناوچەکەدا _ هەوڵی لێکترازانی فەلسەفەی ژیانیو، هزرو بیری، ڕماندنی کەسایەتیو، خەوشەدارکردنو ڕووشاندنی هەستی برینداری دەدرێ؛ خۆشی کەمترخەم نەبووە لەم برینو زامە قووڵانەی ژیانیدا.

کۆمەڵگەی کوردی بەو کەسە دەبینم کە ڕوو بە ڕابردووی ئامبازەو لینگەفرتێیەتی بەرەوپێش، هەتا بگاتە شانی گەلانی دیکە. ئەمە پارادۆکسو سەرلێشێوانێکە، تاکی کورد لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی سەردەمدا پێوەی دوچارە، دەڵێن «هەم خوای دەوێ ،خورما «، کە ناهێڵێ ڕاستو ڕەوان بەپێش ئامبازی پێشەڤەوە چوونی بێو بە هەنگاوی قورسو قایمتر ئەم دۆڵو هەڵەمووتانە ببڕێ کە بیگەیەننەوە خەڵکی دیکە. بەکەمگرتنو گرنگینەدان بە ژن لە بیرو هزری کوردیدا هێند چەسپاوو هەوێنگرتووە کە تەنانەت پێی وایە سەگیش بە هۆی کەموکورتیو نوقسانییەکانی بەژن ناوەڕێو بەمجۆرە ئەگەر بە قووڵی لێی بڕوانین، دەبینین لێرەدا ئەم بەشەی کۆمەڵگە لە حەیوانێکیش سووکترە (کە دیارە ئەمەش ئەو شتەم بیر دێنێتەوە کە دەڵێن لە لای عەرەبان کە ناوی دایکو خوشکو بە گشتی لە مەجلیسی پیاواندا دێ، دەڵێن دوور لە ڕووی جەماعەت). یان ئەوەی لە باشترین حاڵەتدا دەڵێ «لەشکرێک ئەگەر سەرکردەی ژن بێ شکست دەخوا»؛ هەموو دەزانین بەدوور لە بیروڕا کۆنو ئایینییەکان، کە ژن بە کەمتر لە پیاو دەبیننو ئەمەش بەرهەمی قۆناخی پیاوسالارییە، زانستو پێگەیشتنی هاوچەرخ ئەمەی سەلماندوە، ژنو پیاوی کامڵ لە بواری بایۆلۆژییەوە نەبێ لە هیچ بوارێکی دیکەدا، هیچ کامیان بەسەر هیچ کامیانەوە نیە و تەنیا لە هێندێک بواردا ئەم دوو ڕەگەزە بەهرەی پێشکەوتنو سەرکەوتنیان لێک زۆرترە کە ئەوەش هەر پێوەندیی بە ئاستی توانایی بایۆلۆژییانەوە هەیەو کە دیارە ئەم شتەش ڕەها نیە، بەڵکوو ڕێژەییە. بەڵام وەک دەبینین هەڵقوڵاوی زەینی ئیلیتو هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگەی ڕابردووە، کە تەنانەت ئێستاش وەک فاکتو گریمانەیەکی سەلمێندراوە نەک هەر ڕەگەزی نێرینە بەڵکوو زۆر جاران خودی مێینەی کۆمەڵگەش بۆ سەرکوتو سووکایەتیکردن بە ژن، وەک چەکێکی کوشندەی بەهرەکان بەکاری دێننو هەستو ناخی ئافرەتی «ئافرۆدێیت» پێ دەشکێنن. لێرەوەیە پێم وایە ئەگەرچی دژکردەوەو حەرەکەتی کۆمەڵگە لە بەرانبەر ئەو کارە ناحەزەی ڕێژیمدا جێی ڕێزە بەڵام کۆمەڵگەی کوردیو تاکە ڕووناکبیرو چالاکەکانی، دەبێ نەک هەر لە ئیقدامێکی وەک جلکیژنلەبەرکردندا هەوڵی نەهێشتنی ئەم هەمووە ناڕەواییو ستەمانە دژ بە ژن بدەن، بەڵکوو دەبێ زۆر بە توندی هەوڵی داماڵینی ئەم هزرە ناشیرینە لە کۆمەڵگەی کوردان بدەن کە بۆتە لەمپەری پێش کردنەوەی کۆتو بەندەکانی دەستو پێی ژنو مایەو هەوێنێک تا دوژمنانی ئەوەندەی دیکە بریندارمان بکەن.. وەک گوتمان هزرو بیر سەرچاوەی هەموو ئاکارو کرداری مرۆڤە؛ کەواتە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین زیاترو قووڵتر بە جۆری بیرکردنەوەو ڕوانینەکانماندا بچینەوەو بە هێزی عەقڵو ئاوەز داهاتوویەکی ڕوونو ساغ بنیات بنێین . ئەگەرچی ڕێفۆرمو چاکسازی بۆ هەموو بوارەکانی ژیانو مرۆڤ هەمیشە شتێکی گرنگو پێویستە، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی لەم قۆناخەدا بە هۆی ڕێککەوتن لەگەڵ نۆرمو بایەخە بەرزە مرۆییەکانو پەسندکراوو بایەخە ئەمرۆییەکان زیاتر لە هەمیشە پێویستیی بە ڕێفۆرمە، ئەویش ڕێفۆرمێکی قووڵ، کە بنەڕەتی ئاوەزو ڕوانینی تاکەکانی سەبارەت بە خۆیو دەوروبەری بە ئاراستەی پۆزەتیف بگۆڕێ، دەبێ هەموومان لەمجۆرە حەرەکەتانەی دوژمنان ئەوپەڕی کەڵک وەرگرینو لەم نێوەشدا تەنیا تاوانەکەی، بە کەسی بەرانبەر نەبینینو هەوڵ بدەین ماک و ڕیشەکانی ئەم کردارە ناشیرینانە لە کەلتووری خۆماندا وشک کەین، تا چرۆیەکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵگەماندا بپشکوێ کە مزگێنی داهاتوویەکی ڕوونمان بێ.

کوردستان
ژمارە: ٦٠٧
١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٢
٦ی مەی ٢٠١٣



مەسعود ڕەواندوست: ئەمساڵ لە حاڵێکدا ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندنمان تێپەڕاند کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان لە زینداندانو دەیان ڕۆژنامەو سایتو وێبلاگ داخراونو سەدان ڕۆژنامەنووس بە ناچاری وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتووە ئاوارەی هەندەران بوونە

عەلی بداغی: کۆڵبەر ناتوانێ کرێکار بێ، چونکی نەک هەر لە هەموو مافێکی کەسێکی کرێکار وەک حەقدەستی ڕوون، بیمەی دەرمانی، مافی خانەنشینیو بیمەی پەککەوتەییو مافەکانی دیکەی تایبەت بە کەسێکی کرێکار بێبەشە، بەڵکوو تەنانەت گیانیشی لە پێناوی ئەو کارەدا دادەنێ.

# ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندنو بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران‌دا



مەسعوود ڕەواندووست



ڕۆژی ٣ی مای وەک ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندن ناودێرکراوە بۆ ئەوەی لەم ڕۆژەدا لە سەرانسەری جیهان ڕێز لە ڕۆژنامەنووسانو ڕاگەیەنکاران بگیرێو یادی ئەو ماندووبوونو مەترسی‌یانە بکرێتەوە کە ڕۆژنامەنووسانی بەرپرس لە بەجێگەیاندنی ئەرکی خۆیان‌دا تووشیان دەبنو زۆر جار تەنانەت گیانی خۆیانی تێدا بەخت دەکەن.

لە دنیای ئەمڕۆداو لە هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی جیهان‌دا ڕۆژی ئازادیی ڕاگەیاندن بۆتە ڕۆژێک بۆ ئاوڕدانەوە لەو کێشەو گیروگرفتو مەترسی‌یانەی لە زۆر شوێنی جیهانو بە تایبەت لە وڵاتانی دواکەتوو و جیهانی سێهەمی‌دا بەربینگی ڕۆژنامەنووسان دەگرێو زۆرجار مەترسی بۆسەر کارو پیشەو گیانیان دروست دەکاو ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ هەڕەشەو سانسۆرو گیرانو تەنات ئەشکەنجەو مەرگ بەرەوڕوو دەکاتەوە.

ڕاگەیاندن وەکوو دەسەڵاتی چوارەم لە سیستمێکی دێموکراتیک‌دا لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی‌دا ڕۆڵی هەیەو هەر بەم پێیە گونجاوترین شوێن بۆ گەشەی ڕاگەیاندن، ئەو وڵاتانەن کە سیستمێکی دێموکراتیکیان تێدا بەرقەرارە. بەڵام ئەو وڵاتانەی دێموکراسی تێیان‌دا لاوازە یان هەر نیە، ڕاگەیاندنیش وەک هەموو بەشەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی هاونیشتمانانو کۆمەڵگای مەدەنی لە بەردەم مەترسیی هێرشی ئەو هێزە دیکتاتۆرو تۆتالیتێرانەدان کە گەیاندنی زانیاریو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریو وشیاریی خەڵک بە زیانی دەسەڵاتو بەرژەوەندیی خۆیان دەزانن.

لە وڵاتی ئێران لەو کاتەوە کە ڕاگەیاندن وەک دیاردەیەک لە خزمەت دەسەڵاتی قاجارەکان بۆ یەکەمجار دەستی بەکارکرد، هەتا ئێستا کە ڕێژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکان یەک بە دوای یەک‌دا دەسەڵاتی ئێرانیان بەدەستەوە گرتوە، هەوڵیان داوە ڕێگە بە ڕاگەیاندنی ئازاد نەدەنو هەرکات ڕاگەیاندنی سەربەخۆ ویستوویەتی ئەرکی پیشەیی خۆی بەجێبگەیەنێ لەگەڵ توندوتیژیو ڕقی دەسەڵاتداران بەرەوڕوو بۆتەوە.

لە ماوەی نزیک بە سەدساڵی ڕابردوودا ڕاگەیاندن لە ئێران لە نێوان ئازادیو دەسەڵات‌دا هەورازو نشێوی زۆری بەخۆوە بینیوەو زۆرجار ڕۆژنامەنووسانی ئازاو لێهاتوو ئەرکی خۆیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی کۆمەڵگادا بەجێگەیاندوە. ئەگەرچی ئەمکارە تێچووی خۆی هەبووەو جگە لە سانسۆرو هەڕەشە، زۆر جار گیرانو ئەشکەنجەو تەنانەت مەرگیشی بۆ ئەم ڕۆژنامەنووسانە بەدواوە بووە.

لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندی‌دا ئەم ڕەوتی سەرکوتو دژایەتی‌یە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئازادو سەربەخۆ زۆر چڕترو ڕێکخراوترەو بە پێی بەرنامەو میکانیزمێکی دیاریکراو لە لایەن دامودەزگا ئەمنیەتیو ئیتلاعاتی‌یەکانی ڕێژیمەوە بەڕێوەدەچێو ڕێژیم بە داخستنی هەموو کاناڵو ڕێگەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد لە نێوخۆی وڵات، هەوڵی داوە ڕاگەیاندنێکی دەستەمۆ لە خزمەت بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی‌دا بەرهەمبێنێو بە بوودجەو تێچوویەکی زۆرەوە دەیان کاناڵی تەلەڤیزیۆنیو ڕادیۆییو گۆڤارو ڕۆژنامەی خستۆتەگەڕ کە کار لەسەر بیرو مێشکی خەڵک بکەنو بە موهەندیسی‌کردنی هەواڵو زانیاری‌یەکانو سانسۆرو داخستنی هەر ڕاگەیەنێکی سەربەخۆ، سەرەکی‌ترین هێمای ئازادیی ڕادەبڕین لە نێوەڕۆکی خۆی بەتاڵ بکاو لەم پێناوەدا زۆر بێ بەزەیی‌یانە بەرەوڕووی ئەو ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانە بۆتەوە کە هەوڵیان‌داوە ئەرکی پیشەیی خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوە بەرن.

لەم بارودۆخەدا، ئەمساڵ لە حاڵێکدا ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندنمان تێپەڕاند کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندی‌دا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان لە زیندان‌دانو دەیان ڕۆژنامەو سایتو وێبلاگ داخراونو سەدان ڕۆژنامەنووس بە ناچاری وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتووەو ئاوارەی هەندەران بوونە. ئێران بۆتە یەکێک لە گەورەترین زیندانەکان بۆ ڕۆژنامەنووسانو کەمترین ئەمنیەتی گیانیو پیشەیی بۆ ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆو جیابیر لەئارادا نیە. لە هەر بۆنەیەکداو بە هەر بیانوویەک دامودەزگا ئەمنیەتی‌یەکان هەڵدەکوتنە سەر ڕۆژنامەنووسانو بە هەڕەشەو گرتنو زیندانی‌کردن مەیدانیان پێ بەرتەسکتر دەکەنەوەو کەشوهەوای پۆلیسیو ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر وڵاتو ڕاگەیەنکاران‌دا توندتر دەکەن.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئامارو زانیاری‌یەکانی ناوەندە جیهانی‌یە پێوەندیدارەکان بە ئازادیی ڕاگەیاندن، وەک ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوورو فێدڕاسیۆنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسانو ... نیشاندەری ئەو ڕاستی‌یە بوونە کە ئێران لە نێو وڵاتانی پێشێلکاری مافو ئازادی‌یەکانی هاووڵاتیانو دوژمنانی ئازادیی ڕاگەیاندن‌دا لە ڕیزی پێشەوەدا بووەو هەر بەو پێیە لەباری ئازادیی ڕاگەیاندن لە نێو وڵاتانی جیهان‌دا لە کۆتایی لیستەکەدایە.

ئەمساڵ لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندن‌دا فێدڕاسیۆنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسان چوار وڵاتی ئێران، چین، تورکیەو ئێریترەی وەک ئەو وڵاتانە ناساندوە کە زۆرترین ڕۆژنامەنووسی زیندانی‌یان هەیە.

ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ‌سنوور بە بڵاوکردنەوەی لیستێک لە ڕێبەرانو کاربەدەستانی وڵاتانو کەسایەتی‌یە ئایینیو نیزامیو کاریگەرەکان، ٣٩ کەسی وەک مەترسیدارترین دوژمنانی ڕۆژنامەنووسان ناساندوە کە عەلی خامنەییو مەحموود ئەحمەدی‌نەژادی وەک دوژمنانی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران ناوبردوە کە بە داخستنو سانسۆری ڕاگەیەنەکانو گرتنو ئەشکەنجەو تەنانەت کوشتنی ڕۆژنامەنووسان بوونەتە یەکێک لە مەترسیدارترین دوژمنانی ڕاگەیاندنی ئازاد.

ڕێکخراوی «فریدم هاوس» (ماڵی ئازادی)یش کە ڕێکخراوێکی پشتیوانو لایەنگری ئازادی‌یە لە جیهانداو ناوەندەکەی لە ئەمریکایە، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی‌دا لەسەر بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان کە ڕۆژی چوارشەممە ١١ی بانەمەڕ بڵاوی کردۆتەوە، ڕای‌گەیاندوە کە لە نێو ١٩٧ وڵاتی جیهان‌دا ئێرانو کووبا بە هاوبەشی پلەی ١٩١یان لە باری ئازادیی ڕاگەیاندن وەدەست هێناوە.

ئەم ئامارو زانیاری‌یانە ئەوە نیشان دەدەن کە لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران‌دا بارودۆخی ڕۆژنامەنووسانو ڕاگەیەنە سەربەخۆکان ساڵ بە ساڵ خراپتر بووەو ژمارەی ڕۆژنامەنووسو ڕاگەیەنی سەربەخۆ کەمتر بووەو ڕێژیم بەکردەوە ئیزنی مانەوەو کاری بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ نەداوەو هەموویانی وەلا ناوەو لەباری پێشێلکاریی مافو ئازادی‌یەکانی هاونیشتمانانو ڕۆژنامەنووسانەوە نمرەی ئەوساڵی لە هەموو ساڵەکانی پێشوو زیاترە.

# کار، کۆڵبەریو ڕۆژی جیهانیی کرێکار



عەلی بداغی

کۆڵبەرو کۆڵبەری ئیدی دوو دەستەواژەی ئاشنا بۆ خەڵکی کوردستانو بۆ بیروڕای گشتیی ئێرانو تەنانەی جیهانیشن، چونکی ڕۆژ نیە کە هەواڵی کوژرانی کۆڵبەران لە کوردستانو لێدان لەو توێژە دەستەنگو بێ ئەنوایە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، لە میدیاکان‌دا بڵاو نەبێتەوە.

ئەوە کە کۆڵبەری چەندە بە « کار» دادەنرێو چەندەش کەسی کۆڵبەر پێناسەی»کرێکار» وەردەگرێ باسێکەو ئەوەش کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وێڕای دوو ڕێکخراوی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردو کومیتەی ڕۆژهەڵاتی کوردۆساید ( چاک) داوایان کردوە ڕۆژی یەکی مانگی مەی، واتە ڕۆژی جیهانیی کرێکار بکرێتە ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ کۆڵبەرانی کوردستان باسێکی دیکەیەو سەرەڕای جیاوازیی ئەو دوو بابەتە لەوەدا لێک گرێ دراون کە خستنە بەرچاوو ڕاکێشانی سەرنجی گشتی بۆ دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستانو بارودۆخی دڵتەزێنی کۆڵبەرانە.

کۆڵبەر ناتوانێ کرێکار بێ، چونکی نەک هەر لە هەموو مافێکی کەسێکی کرێکار وەک حەقدەستی ڕوون، بیمەی دەرمانی، مافی خانەنشینیو بیمەی پەککەوتەییو مافەکانی دیکەی تایبەت بە کەسێکی کرێکار بێبەشە، بەڵکوو تەنانەت گیانیشی لە پێناوی ئەو کارەدا دادەنێ. بە واتایەکی دیکە ئەگەر یەکێک لە کێشە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگای کرێکاری لە ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا ئەمنیەتی « کاری»ی ئەوانە، لە کۆڵبەری‌دا بابەتی سەرەکی ئەمنیەتی «گیانی»ی کۆڵبەرانە کە لە هەموو کاتو ساتێک‌دا بە پێخۆشبوونو ئارەزووی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە مەترسی‌یەوە، بەڵام ئێستا کە بەشێک لە خەڵکی ناوچە سنووری‌یەکان بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێو لە ڕووی ناچاری‌یەوە وەک پیشەیەک ڕوویان لە کۆڵبەری کردوەو لە کاتێک‌دا بەرەو ڕۆژی جیهانیی کرێکار دەچین، باسێکی کورت لە بارودۆخی کۆڵبەران لە کوردستان لەجێی خۆی‌دایە، بە تایبەت لەبەر ئەوەی داوا کراوە ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ کۆڵبەرانی کورد.

گرنگی‌دان بەو بابەتەش لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا هەر نەبێ ٧٠ کۆڵبەری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون، ٩٦ کەسی دیکە بە گوللە پێکراون، چوار کەسیان کەوتوونە سەر مینو چەند کەسی دیکەش لەوان بەهۆی ڕێگەهەتڵەکردن لە کوێستانەکان‌دا بە سەرمای زستان ڕەق هەڵاتوون. لە ماوەی ئەو نیزیک یەک مانگو نیوەش‌دا کە لە ساڵی نوێ بەڕێمان کردوە، هەواڵی کوژرانو برینداربوونی سەرووی ٢٠ کەس لە کۆڵبەرانی کورد پێمان دەڵێ کە لە بارودۆخی ئابووریی ئێستای ئێرانو کوردستانو لە درێژەی سیاسەتی بەرەنگاریی توندی هێزەکانی ڕێژیم‌دا ناکرێ چاوەڕوانی بارودۆخێکی باشتر لە ئێستا بۆ کۆڵبەرانو کاسبکارانی کورد بین.

کۆڵبەری لە کوردستان ئاکامی بێکاری، هەژاری، دابەشینی نادادپەروەرانەی سامانی گشتی، پەرەنەسەندنو لە دواکەتوویی‌ڕاگرتنی ئابووریی کوردستانو سیاسەتی بە ئەمنیەتی چاولێکردنی ئەو بەشە لە ئێرانەو، ئەوەش کە بە سەر کۆڵبەران دێ، بێبایەخیی گیانی مرۆڤی کورد لەلای کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی دەردەخا کە ئەستاندنی گیانو ماڵی کورد بە خەزا دەزاننوهێزە چەکدارەکانیان بێ هیچ ترسو نیگەرانیو دڵەراوکێ‌یەک کۆڵبەران دەدەنە بەر دەسڕێژ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا پەرەسەندنی دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستان گرێدراوی فاکتۆری گشتیی « بێکاری» و « گرانی» لە ئاستی وڵاتو قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری لە بارودۆخی ئێستادایە کە وای کردوە بە هۆی ئاوسانی سەرووی لەسەدا٤٠، نیزیک بە نیوەی خەڵکی ئێران بکەونە ژێر هێڵی هەژاریو بۆ پەیداکردنی پارووە نانێکو دابینکردنی لانی‌کەمی بژێوی ماڵو منداڵیان هەموو پەلەقاژەیەک بکەنو تەنانەت بەرەوپیلی مەرگیش بچن.

لەو نێوەدا خەڵکی کوردستان لە چاو خەڵکی ناوچەکانی دیکە بارودۆخێکی خەراپتریان هەیە.

کوردستان ناوچەیەکی ئێرانە کە لە هەژاری‌دا ڕاگیراوەودەیان ساڵە لەلایەن دوو ڕێژیمی پاشایەتیو ئیسلامی‌یەوە سیاسەتی هەڵاواردنو جیاوازسەیرکرانی تێدا پیادە دەکرێو هەر بەو هۆیەش ئەمڕۆ دەبینین کە هیچ کارخانەو شوێنو یەکەیەکی بەرهەمهێنەری گەورەو ئەوتۆی تێدا نیە کە بکرێ بەشێکی هەرچەندە گچکەی حەشیمەتی بێکارانی تێدا بحاوێندرێتەوە. لەلایەکی دیکە وەبەرهێنەرو خاوەن‌سەرمایەو دەوڵەمەندەکانی کوردستانیش بەهەر پاساوو بیانوویەک بێ ڕێگایان پێنەدراوە،یان بۆخۆیان نەیانویستوە سەرمایەکانیان لە کوردستان وەگەڕ بخەنو نەخشیان لە بووژانەوەی ئابووریی کوردستانو کەمکردنەوە لە ڕێژەی بێکاری لەو ناوچەیەدا هەبێ.



سروشتی‌یە کە ئەوانەو بەردەوامیی خەمساردیو بێتەفاوەتیی دەوڵەت بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە لە کوردستان، بە تایبەت لە ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان کە بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی دەرەتانی دروستبوونی زۆر کاری «کاذب»ی تێدایە، دیاردەی کۆڵبەریی لێبکەوێتەوە، بەڵام ئەوە نەک سروشتی نیە، بەڵکوو جینایەتو ئەوپەڕی نابەرپرسایەتی‌یە کە، بەجێی چارەسەری ئەو هۆکارانەی دیاردەی کۆڵبەری‌یان لێکەوتۆتەوە، کۆڵبەران بکرێنە ئامانجو ئەو بارودۆخەیان بەسەردا بسەپێندرێ کە کەموزۆر هەموومان ڕۆژانە خەبەرەکانی دەبیسینو لێی ئاگادارین.

ئەوە کە ڕۆژی یەکی مەی، ڕۆژی جیهانیی کرێکار بکرێ بە ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ کۆڵبەرانی کوردو، ئەوە کە ئەو هاوپێوەندی‌یە چۆن دروست دەکرێو دەراوێشتەکانی چین، خۆی لە جێ‌دا جێگەی باسن، بەڵام پێویستە سەرنجێکیش بدرێتە بارودۆخی کرێکاران لە هەلومەرجی ئێستادا.

کرێکار ئەمڕۆکە لە ئێران کەسێکی توورە، ماندوو، وەڕەزو تێکتەپیوە کە نەدەتوانێ بە منداڵەکانی ڕابگاو نەدەتوانێ کاتێکیان لەگەڵ بباتە سەرێو نەتەنانەت کاتو دەرفەتی ئەوەی هەیە لە گەڵیان دابنیشێ.

ئەو دەبێ بەردەوام بە ڕاکەڕاکە وەدوای کار بکەوێ تا بتوانێ بە هەر جۆرێک بووە، بۆ سەری مانگ پووڵی کرێخانوو، پووڵی ئاوو بەرقو گازو تەلەفونو پێداویستی‌یەکانی دیکەی ڕۆژانەی ژیانی خێزانەکەی دابین بکا. هەلومەرجی دژواری ژیان وای کردوە کە کرێکار بۆ ژیانو بژێوی خۆی [ ئەگەر دەستی کەوێ ] دووکارو سێ‌کار بکا. ترسی لەدەستدانی کاریش وای کردوە کە لە ترسی گیرانو کەوتنە زیندانو بێ بژێومانەوەی ماڵوخێزانو لە بەریەک هەڵوەشانی بنەماڵەکەی، کەسی کرێکار نەوێرێ تێکەڵ بە هیچ ڕێکخراوێکیش بێ.

ئەو بێدەنگ دەبێو چاو لێ‌دەکا. چونکی دەزانێ کە ڕێکخراوەکانیش ناتوانن خۆیان لەبەر هەڕەشەو سەرکوتی دەزگاکانی ڕێژیم ڕاگرنو چووکترین ئیعترازو ناڕەزایەتیی ئەوان شوێنکاری زۆر خراپ لەسەر ژیانو ئەمنیەتی بنەماڵەیی ئەوان دادەنێ.

لەبارودۆخێکی وەهادا کرێکاران لە ئێران ڕۆژی جیهانیی کرێکار تێپەڕ دەکەن. لە بارودۆخێک‌دا کە بە تەواوی نیگەرانی داهاتوویانن، نیگەرانیی ئەمنیەتی کاریی خۆیان بەهۆی ئابووریی تێکتەپیوی وڵاتن، نیگەرانی ئەوەن لەو گرانیو ئاوسانەدا دەرەقەتی دابین‌کردنی لانی‌کەمی بژێوی بنەماڵەکانیان نەیەن، نیگەرانی ڕۆژانی لە ئێستا سەختترن کە بێتو حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی هەر بەمجۆرە بچێتە پێش، زۆر زوو دەگاتە سەریانو بەر لە هەموو چینو توێژیک، ئەوە چینی کرێکارو چینی هەژارو بێ‌ئەنوای کۆمەڵن کە لە ژێر ئەو بارە قورسەدا دەشکێنو ورد دەبن.

# ئەدەب و هونەر

کوردستان


ژمارە: ٦٠٧

١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٢

٦ی مەی٢٠١٣


## پێشەوا!

### (پێشکەش بە گیانی پاکی پێشەوای نەمر)



سوورکێو زەکی

پێشەوا ئەی ڕێبـــــەری ناوداری کورد
پێشەوا ئەی سومبول و سەرداری کورد

قامەتی ڕاستت لە سەر داری شەرەف
ڕەمـزە بۆ مێـــر و ژن‌و بۆ لاوی کورد

پێشــەوا سەرمەشقی ڕزگاریی گەلان
پێشەوا ئەی خاوەنی مێشک و دڵان

تـــۆ بەگوڵ ڕێی ئاشتەواییت گرتەبەر
دوژمنانت ڕێی پەت و زنجیر و شەڕ

بوویەتە ڕەمــــزی فیداکاریی گەلت
شادو سەربەرزە ڕوحی پاک وەک مەلت

تۆی مەسیحاکەی شەهیدی سەربەدار
ڕێڕەوانـــت تا هــــەتایەن پایەدار

چڵی چاوی دوژمنە کۆمارەکەت
مەشخەڵی کوردە لە گوندو شارەکەت

لەم قەڵایەی چوارچرای  پێگەی بەڵێن
لاو و پیری کوردە  ئێستاکەش ئەڵێن

پێشـــەوامان نامـرێ هەر زیندووە
مەشخەڵی ڕێی نیشتمانی گـرتووە

تۆ بە بەخشینـی ژیانت بوویە ژیـــن
تا ئەبەد ڕێـــز و سـڵاو و ئافەریـــن

سوئێد..... وێسترۆس

خاکەلێوەی ٢٠٠٩

---

## هەڵەچینی

## «جەنبەهای خەتەرناک‌و ناڕەحەت‌کونەندە»



مستەفا شێخە

ئەی نووسەری کتێب‌و گۆڤارو ڕۆژنامەو ئامادەکارو پێشکێشکارو دەرهێنەرو بێژەرو پێژەرو دابێژەری تەلەڤزیۆن‌و مەلەڤزیۆن‌و رادیۆو مادیۆ! ئەوانەی نیشتمانی ئاوەدانتان جێ‌هێشتوە، یان لەنێوخۆی وڵاتەوە لە ڕێگەی ئیمەیل‌ومیمەیل‌و جیگامەیل‌و میگامەیل‌و فەیسبووک‌و مەیسبوکەوە، نازانم بەتەمان چی بەسەر زمانی کوردی بهێنن، ئاگادار بنەوە.

ئاگادار بنەوە، لەمێژساڵە لە لای خۆمان تەلەڤزیۆنێک دەرەکەوتوە، شیلگیرانە خزمەت دەکا. ڕەنگە بڵێن خزمەت بە چی یان بەکێ دەکا؟ پێم خۆشە وەڵامی ئەم پرسیارە بکەم بە مەتەڵێک‌و لێتانی دابێنم. ئەگەر هەڵتان دا یان وەک خەڵکی ئەم سەردەمە ئێژن ئەگەر وەڵامتان دایەوە، ئەوە بەیانیەکی سەحەری لەگەڵ بانگدانی یەکەم کەڵەبابی ئەوسەر یان ئەمسەری ئاوایی، بەمەرجێک ئەمشەو ڕێوی نەی‌گەیشبێتی‌و تەمەنی درێژی بۆ حازری‌یان واتە بۆ هەموو کوردانی جیهان بەجێ نەهێشتبێ، خەڵاتتان دەکەم. بۆیە بە کوردانی هەموو دنیا دەڵێم حازری، چونکە ئەمنیش وەک ئەو تەلەڤزیۆنەی دەمەوێ باسی بکەم، لە هەموو دنیا حازرم‌و جگە لە دانیشتووانی نێو چوارچێوەی نەخشەی پشیلەکە، هەمووکەس دەم‌بینێ.

دانیشتووانی خراپکاری نێوچوارچێوەی پشیلەکەش بەدزیەوە ئەو ئامێرەیان داناوە کە لە دەرەوەی نیشتمانی پشیلە هەڵتووتەکاوەکە بە ئازادی لەسەربانی ماڵانی دادەنێن. هاونیشتمانانی خۆمان ئەم ئامێرە لە پەسیوێک دادەنێن‌و هەرچی تەلەڤزیۆنی جیهانە وەری‌دەگرن. جاری وایە لە ناکاو لە کاتی گۆڕینی کەناڵەکان‌دا بەسەر  ئەم هینەی لای خۆشمان‌دا دەکەون‌و ماوەیەک سەیری دەکەن. مەتەڵەکە ئەمەیە، ئەگەر سەرنجێک بدەنە ئەم کوردی‌یە جوان‌و پاراوەی لە زمان تەلەڤزیۆنەکەوە دەی‌گێڕمەوەو لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە ئەنگوستی سەر کۆنترۆلی تەلەڤزیۆنەکەتان ئەم کاناڵەی لای خۆمانی ئەنگاوتبێ، ئەوە بێ‌ئەوەی زۆر خۆتان ماندوو کەن دەی‌ناسنەوە.

تەلەڤزیۆنەکە بەرنامەو پرۆگرامی هەمەچەشنی هەیە. ئەوەندە سکی بە کوردانی پەرتەوازەی دەرەوەی نەخشە شێوەپشیلەکە دەسووتێ، بە هەموو جۆرێک هەوڵ‌دەدا لە ڕێگەی هەڵەیان لاداتو بیان‌هێنێتەوە سەر سیڕاتی موستەقیم. ئەم سیڕاتی موستەقیمە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ‌و زنجیرە فیلم‌و بانگ‌کردنی سیاسەتوانان‌و شارەزایانی بواری تەندروستی‌و مەندروستی‌یەوە پێشانی بینەران دەدرێ.

هەواڵەکان بەگشتی لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی پشیلەی هەڵتووتەکاودان. سەرەڕای ئەوەی هەوڵ دەدرێ پشیلەکە لەلای کلک‌و بەرزگ‌و مازەی پشت‌و سەروگوێلاکەوە ئازاری پێ‌نەگا، هەوڵی ئەم تەلەفزیۆنە زیاتر لە دەوری پاراستنی دەم‌ولووت‌و بەرچەنەو لای سینگ‌و هەردوو پێشووی پیشلەکەمان چڕ بووەتەوە.

زنجیرە فیلم‌و هەوڵی سیاسەتوانانی میوانی بەرنامەکان‌و شارزایانی تەندروستی‌و کۆمەڵایەتییش زیاتر ئەوەیە دانیشتوانی ئەوبەر لووت‌و لای هەردوو پێشووی پشیلەکە ئاشنای دابونەریتی ئەودەسەڵاتە بەڕێزە بکەن کە لەوپەڕی شارزایی‌دا سواری پێشلەکە بووەو بۆئەوەی خوای نەخواستە تووشی نەهامەتی نەبێ، لە ژێر چۆکی خۆیان ناوە.


ئەم تەلەڤزیۆنەی ئێمە، هەوڵ دەدا شێلگیرانە لەسەر دژایەتی‌کردنی نووسەری کتێب‌و گۆڤارو ڕۆژنامەو ئامادەکارو پێشکێشکارو دەرهێنەرو پێژەرو دابێژەری تەلەڤزیۆن‌و مەلەڤزیۆن‌و رادیۆو مادیۆکان‌و هەموو ئەوانەی نیشتمانی ئاوەدانیان جێ هێشتوە، بەردەوام بێ.

تەلەفزیۆنەکەمان، دوای لێکۆڵینەوەو هەوڵێکی زۆری پسپۆڕانی زمان خەریکی داهێنانی زمانێکە کە زیاتر دانیشتووانی لای سنگ‌و پێشووی پشیلەو بەردەم پشیلەکە، لە ناوەندی پشیلە نزیک کاتەوەو بەم کارەی هەوڵ دەدا نەهێڵێ پشیلەکەمان بتۆپێ.

تەلەفزیۆنەکەمان، بۆ ئەم مەبەستە لە بەرنامەیەکی‌دا بەم شێوەیەی خوارەوە دەکەوێتە قسە.» بینەندەگانی موحتەڕەم دەبێ باش بزانن کەسانی کێ شامێکی زۆر سەرف دەکەن، لە وەختی خەوتن‌دا خەونی نارەحەت‌کونەندە دەبینن‌و ئەم خەونانە باعس دەبن بینەندەی خەونەکە لە خەو هەستێ. بێداریی نیسفی شەبیش دەبیتە باعیسی حەڕەکەتهایی ناخود ئاگاو ئەگەر ئەم شتە بەتەوری موداوم تیکرار بێتەوە، دەبێتە باعیسی ئیسترێسهای مومتەد. دەر نەتیجە کەم‌خابی، پەریشان‌حاڵی، دەغدەغەهای رووحی‌و عەواریزی جانبیی دیگەر ئەنجامی زیادەڕەوی لە مەسرەفی غەزادایە. من وەک کارشوناسی یەکێک لە بەرنامەکانی ئەم تەلەڤزیۆنە بە بینەندەگانی موحتەڕەم تەوسیە دەکەم زیاد ئەز حەد لە بەرانبەر تەلەڤزیۆن دانەنیشن. لەم بورهەیەدا کە ئەنواعی تەلەویزیۆنهای خارجی بەرنامەی بەزاهیر شیرین پەخش دەکەن، تەماشا کردنی ئەم تەلویزیۆنانە، جەنبەهایی ناڕەحەت‌کونەندە و خەتەرناکی هەیە.

---

## تروسکەی شا ئەستێرەیەک



ئەحمەد قادری

لە سەردەمێکی بێ تروسکە و تاریکا
لە سەر ڕێگایەکی هەڵدێر و تاریکا

ئەو دەمەی پشتی ئازادی دەنووشتاوە
مافی مرۆڤ لە ژێر پێ‌دا دەفلیقاوە

دەورانێ کە وسکوت و زمان ئامان بوو
وەکی دەڵێن: ناهەقی بە پێی فیلان بوو

تررووسکەی شا ئەستێرەیەک بریسکاوە

چاوی بلیمەتێک بۆ ژیان کراوە

ئەو ئەستێرە شۆق هاوێژ و پڕشنگ‌دارە
ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتە و بەرز و ناودارە

پێشەوای مەزن و سەرداری کوردستان بوو
چاوی سووری زۆر لێ کراو و بن دەستان بوو

مەشخەڵداری بووژانەوەی ڕێی خەبات بوو
دەمەزرێنەر و پێشەوای دێموکرات بوو

لە گۆڕە پانی خەباتا شۆڕە سوار بوو
هزر و بیری چیای هەزار بە هەزار بوو

لە بەرزی دا سەری لە هەوران‌دا دیار بوو
لە مێژووی کوردان‌دا یەکەم سەر کۆمار بوو

لە هەر قۆناغێک دا پێشەوا و قازی بوو

نموونەی لە خۆ بوودوویی و گیان بازی بوو

سیمای بەرزی ڕاستی و پاکی و ئاشتیخواز بوو
مامۆستا و ڕێ نیشاندەر و دڵنەواز بوو

ئێستاش ناوی بەرزی لە مێژوودا دیارە
ئێستاش ڕێبازی خەباتی پڕ ڕێبوارە

بیری وردی هەر وا زانستگەی فێربوونە
بۆ خوێندکارانی ڕێبازی ئاسۆی ڕوونە

ئێستاش وەرەی بەرزی ڕەمزی تێکۆشانە
مەشخەڵی ڕۆژی ڕاپەڕین و هەستانە

ئێستاش بۆ داهاتوو هێمای گیانبازییە
بۆ گەلی کورد جێگای فەخر و شانازییە
ئێستاش هەروا دەشنێتەوە ئاڵای قازی
باڵ دەبزێوێ بەرەو دوندی سەر فرازی

